

رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە گۆمپانیای وشە دەرێدەکات

ژمارە 519 دووشەممە 27/ 7/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.519 Mon 27/ 7/ 2009

د. بەرهەم سالّح:

ئەنجامە بەراییەکان تووشی سەرسوڕمانی کردین

رۆژنامە

رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بلاّویکردەوە، کە ئۆپۆزسیۆن ئەنجامێکی گەورەی چاوەڕوانەکراوی بەدەستهێناوە لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ئەو رۆژنامە ئەمریکییە لەسەر زاری د.بەرهەم سالّح، سەرۆکی لیستی کوردستانی، دەڵێت: «لە هەندێک شوێن لە سلێمانیو هەولێر ئەنجامەکان بۆ لیستی کوردستانی خراپنو چاوەڕواننەکراوبوون».

واشنتۆن پۆست لەڕێی چەند سەرچاوەیەکی حکومییو حیزبیی دەنووسێت، لە هەندێک شوێن ئۆپۆزسیۆن دووئەوەندەی پارتیو یەکێتی دەنگی بەدەستهێناوە.

لە بەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا د.بەرهەم بە رۆژنامەکە دەڵێت: «لە دڵەڕاوکێداینو ئەنجامە سەرەتاییەکان بۆ ئێمە جێگەی سەرسوڕمان بوو».

رۆژنامە ئەمریکییەکە پاشتر دەنووسێت، کە سیستمی سیاسی کوردستان بەهۆی لیستی گۆڕانەوە گۆڕانێکی نەوعی بەخۆیەوە دەبینێتو لەزاری نەوشیروان مستەفای سەرۆکی لیستی گۆڕانەوە دەڵێت: «ئێمە دەمانەوێت سیستمی سیاسی بگۆڕین، نەک دەموچاوەکان».

کەمال میراودەلی: داوادەکەم هەڵبژاردن لە هەولێرو دهۆک بکرێتەوە

بەرهەم عومەر

د. کەمال میراودەلی، کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند: «مەسعود بارزانی، بە ساختە زۆرینەی دەنگی بەدەستهێناوەو سەرۆکی ناشەرعیی دەبێت». هەروەها داوایکرد هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە شارەکانی (هەولێرو دهۆک) دووبارەبکرێتەوە.

دوێنێ (٧/٢٦) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا لە هۆڵی ئوتێل ئەلبورز، د.کەمال ئاماژەی بەو پێشێلکارییانە کرد کە بەرامبەری ئەنجامدراوە، بەوپێیەی (٥٥-٦٠٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە لە شاری سلێمانیو دەوروبەری بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها تا کاتژمێر (٤)ی پاشنیوەڕۆ لە هەولێرو دهۆک نزیکەی (٦٠٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بەڵام «بەهۆی خروقاتەوە پارتی ئەنجامەکەی گۆڕیوەو کۆمیسیۆنیش لێی بێدەنگە».

کۆنگرەکە تایبەت بوو بە راگەیاندنی خروقاتەکانی لیستی کوردستانی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

کاندیدەکەی سەرۆکایەتی هەرێم وتیشی: «لە ئێستاوە خۆم بەسەرۆکی شەرعی هەرێمی کوردستان دەزانمو داواش لە بارزانی دەکەم دەست لەکاربکێشێتەوە، چونکە بە ناشەرعی دەنگی بەدەستهێناوە».

کەمال میراودەلی ئاماژەی بەوەشکرد کە (٧٠٪)ی هێزی پێشمەرگەو ئاسایش، دەنگیان پێداوە، بەڵام لە سنووری هەولێرو دهۆک تۆندوتیژیی بەرامبەر دەنگدەران بەکارهێنراوەو وتی: «بەپێچەوانەی هەموو دنیاوە، لە کوردستاندا تا لە پایتەخت نزیکببیتەوە فرەیی کەمدەبێتەوەو تۆقاندن زیاد دەکات».



نەوشیروان مستەفا لەکاتی دەنگداندا فۆتۆ: هیوا جەمال

سلێمانی پێش هەولێر کەوت

فەلاح نەجم

بەرپرسانی رێکخراوێکی ناحکومیی دەڵێت: «زۆرترین خروقات لە هەولێرو دهۆک تۆمارکراوە، لە سلێمانی خروقاتێکی ئەوتۆ تومارنەکراوە»، ئەم زانیارییانە لە راپۆرتی چاودێرەکانی ئەو رێکخراوەوە هاتووە کە لە بنکەکانی دەنگداندا دانراون.

رۆژی (٢٥)ی ئەم مانگە هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرێوەچوو، کە زیاتر لە (١٠٠) رێکخراوی ناوخۆییو بیانی وەک چاودێر لەو هەڵبژاردنەدا بەشداربیانکرد، سەرجەمیان سەرقاڵی ئامادەکردنی راپۆرتی کۆتایین دەربارەی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان، کە تائێستا بلاّونەکراوەتەوە.

ئارام جەمال، بەرپرسی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن وتی: «راپۆرتی چاودێرەکانمان لە هەولێرو دهۆک ئەوە دەخەنەڕوو، کە ژمارەیەکی زۆر خروقات لەو دوو شارەکراوە، ژمارەیەکی لە رێکخراوەکانی سەرقاڵکردووەو تائێستا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن».

ئەو رێکخراوانەی کە وەک چاودێری هەڵبژاردنەکان مۆڵەتیان لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان وەرگرتبوو، پاش تەواوبوونی راپۆرتەکانیان، گشت راپۆرتی چاودێرەکانیان دەکەنە راپۆرتێکی سەرەکیو باڵاویدەکەنەوەو بۆ کۆمسیۆنو نەتەوەیەکگرتووەکانی دەنێرن.

هەروەها ئارام جەمال وتیشی: «دوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی زۆر لاوازەو توانای خروقاتو تەزویریان نییە، بەڵام لە هەولێر هێشتا توانایان ماوە، دەتوانن پێشێلکاریی ئەنجامبدەن».

لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بارودۆخەکە ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد، پارتیو یەکێتی قورساییەکیان نەمابوو، بەهۆی بوونی رکابەرێکی بەهێزی وەک لیستی گۆڕان، ئەنجامە بەراییەکانی پاش هەڵبژاردن دەرکەوت لیستی گۆڕان لە سنووری پارێزگای سلێمانی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە، بەمەش بەشێک لە هێزی دوو حیزبەکە هەرەسیهێنا.

هۆگر چەتۆ، ریکخەری تۆڕی شەمس، بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان لە عێراق وتی: «هەندێک لە هێزە چەکدارەکان دووجار دەنگیانداوە بەهۆی خراپی ئەو مەرەکەبەی کە پەنجەی پێ مۆر دەکرا».

تائێستا تۆڕی شەمس راپۆرتی کۆتایی خۆی دەربارەی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکان بلاّونەکردووەتەوە، بەڵام پاش کۆکردنەوەی ئەو راپۆرتانەی لەلایەن چاودێرەکانییەوە پێیگەیشتووە، لە چەند رۆژی داهاتوودا راپۆرتی کۆتایی بلاّودەکاتەوە.



ـــــەردی هەڵبژاردنەکەوە بکرێت؟

فۆتۆکان
هیوا جەمال- بەهادین یوسف









پۆستەری لیستەکانی کوردستانیو گۆڕان داپۆشرابوونو لانەبرابوون، لە کاتێکدا بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمیسیۆن دەبێت هەر جۆرە پۆستەرێکی بانگەشە (١٠٠) مەتر لە ناوەندەکانی دەنگدانەوە دووربێت.

* لیستی کوردستانی بە شێوەیەکی بەربڵاو منداڵی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن لە گەرمیان بەکارهێنا، لە بارەگاکانی گەرمیانی یەکێتیو پارتییەوە ڕێنماییان وەرگرتبوو کە منداڵ بە فانیلەو تیشێرتو ئاڵای لیستی (٥٤)ەوە بێنە ناو بنکەکانی دەنگدانو ئەم منداڵو مێردمنداڵانە لەناو زۆربەی بنکەکانی گەرمیاندا بە بەرچاوی فەرمانبەرانی کۆمیسیۆنو پۆلیسو ئاسایشەکانی ئەو بنکانەوە دەسووڕانەوە.

* لە بنکەی شەهید مەلا ئەحمەدی لە گەڕەکی کەلاری کۆن، بەرپرسی ناوەندەکە سەرەڕای ئەوەی کەسانێک بەچەکو دەمانچەوە لە ناوەندەکەدا سووڕاونەتەوە، بەڵام چوار سەعات فۆرمی سکاڵای نەداوەتە چاودێری قەوارە ناڕازییەکان، هەر لەو بنکەیە پۆلیسو ئاسایشو پاسەوانەکانی بنکەکە بە چەکەوە بۆ تۆقاندنی دەنگدەرانو گۆڕینی دەنگیان بەناو ناوەندەکەدا سووڕاونەتەوە.

* ئۆتۆمبێلێکی جۆری جێب، کە بە پۆستەراتی لیستی کوردستانی داپۆشراوە، لەبەردەم بنکەی دەنگدانی گەرمیانی گەڕەکی گازینۆی کەلاردا وەستاوەو پۆستەراتی لیستی کوردستانی دابەشکردووەو ئەندامانو کادیرانی کۆمیتەی سەرکەوتنی یەکێتیش لەو بنکەیەو لە ناوەندەکانی هەڵکەوتو ئەڵوەنیش بەردەوام چپەی (٥٤) بۆ خەڵک دەکەنو کارتی ئەو لیستەیان لەکاتی چوونە ژوورەوەدا بۆ دەنگدان داونەتێ.

*لە بنکەی گوندی سالح ئاغا جێگری بەرپرسی مەڵبەندی خانەقی یەکێتیو کارگێڕانی مەڵبەندەکەو سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە کە هیچیشیان لەم هەڵبژاردنەدا دەنگیان نییە وەستاونو دەنگیان بۆ لیستی (٥٤) کۆکردووەتەوە.

* لە بەردەم زۆربەی بنکەکانی هەڵبژاردندا لە کەلار خەڵکی کۆمیتەکانی یەکێتی بە ئاشکرا بانگەشە بۆ لیستی کوردستانی دەکەنو داوا لە خەڵک دەکەن دەنگ بۆ ئەو لیستە بدەن، ئەو بانگەشەیەش لە هەردوو بنکەی گردەگۆزینەو کۆلێژی پەروەردە چڕتربوو، تا دواجار بووە هۆی شەڕ لەنێوان لایەنێکی سیاسیو پۆلیسەکانو تا دواجار نوێنەری لایەنە سیاسییەکە کرایە دەرەوە.

* ژمارەیەکی زۆر منداڵ بە فانیلەی لۆگۆی لیستی کوردستانیو وێنەی مەسعود بارزانییەوە هێنرانە بەردەم بنکەکانی هەڵبژاردن لە کەلار بۆ بانگەشەکردن.

دەربەندیخان:

* فۆرمی (١١١)ی تایبەت کە خاوەنەکەی دەتوانێت بێ هیچ بەڵگەنامەیەک دەنگی پێ بدات، دراوەتە ژمارەیەک لە هەوادارانی لیستی کوردستانی لە دەربەندیخان، کە ناویشیان هەبووەو دەنگیان پێداوە.

* لە بنکەکانی دەنگدانی دەربەندیخاندا بە ئۆتۆمبێل پۆستەرو کارتو تیشێرتو کلاوی لیستی کوردستانی بڵاوکراونەتەوە.

* لە ناوەندی دەرسیمی ناو دەربەندیخان، دەفتەرێکی کارتی دەنگدان کە دەبێت (٥٠) کارت بێت، کە ژمێردراوە (٥٦) کارت بووە.

*بەرپرسی مەڵبەندی دەربەندیخانی یەکێتی بەسەر بنکەکانی دەنگداندا بۆ دەنگ کۆکردنەوە بۆ (٥٤) گەڕاوە.

* ئەفسەرێکی ئاسایش لە ناوەندی قوتابخانەی سەعید کاکی دەربەندیخان، داوای دەنگی لە خەڵک کردووە.

کفری:

* کارتی بانگەشەی لیستی کوردستانی لەناو کابینەی دەنگداندا لە ناوەندی دەنگدانی باوەشاسواری ناو شاری کفری دانراوە.

*لە هەندێک لە ناوەندەکانی دەنگدانی کفریدا بە مەبەستو بۆ پشێویی نانەوە قەرەبالغی دروستکراوە.

* پۆلیسی بەردەم بنکەکانی دەنگدان بە دەنگدەرانیان وتووە دەنگتان بۆ (٥٤)بێت ئەگینا زەرەر دەکەن.

* چەند ئەفسەرێکی ئاسایش لە چەند بنکەیەکدا بۆ چاوسوورکردنەوە لە خەڵکو ترساندنیان گەڕاون.

رزگاری:

* لە بنکەی بەڵێن بە تەنیشت سندوقی دەنگەکانەوە کارتی بانگەشەی لیستی کوردستانی کە گوایە لە خەڵک سەندراوە، دانراوەو بەرپرسی بنکەکەش سەرەڕای ناڕەزایی چاودێرانی قەوارە سیاسییەکان، لاینەبردووە.

* بەرپرسی کۆمیتەی رزگاری یەکێتی بەسەر بنکەکاندا گەڕاوەو دەنگی بۆ لیستی کوردستانیو بارزانی کۆکردووەتەوە.

چەند کەسێک لە ڕۆژی هەڵبژاردندا دەستگیرکران

چەند ئەندامێکی لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی لە دهۆکو سۆران لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون، ئەوانیش بەهۆی ئەوەی کە باجی تەزویری چاودێرانی قەوارە سیاسییەکانیان پێبووە، بەو هۆیەشەوە کۆمسیۆنی بالا تاوانەکەی خستووەتە ئەستۆی قەوارە سیاسییەکە، کە باجی بۆ کردوونو فەرەج حەیدەری ئاماژەی بەوەکرد کە ئەو کەسانە ئازاد کراون، بەڵام قەوارە سیاسییەکە رووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.

هاوکات کەسێکی دیکەیش بەهۆی ئەوەی کە ساختەکاریی لە دەنگدانی کەسێکی بەسالاچووەدا کردبوو، بە بڕیاری دادوەر دەستگیرکراوە، هاوکات لە هەولێریش دوو کەس بەهۆی ئەوەی باجی ساختەی چاودێریان پێبووە، دەستگیرکراون.

وەڵامدانەوەی کۆمسیۆن سەبارەت بە خروقاتەکان:

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لیستی گۆڕانو چوارحیزبەکەدا بە کۆمسیۆنەوە، کە تێیدا ئەو دوو لیستە سکاڵایان هەبووە لەو خروقاتە زۆرانەی لیستی کوردستانی ئەنجامیانداوە، بەڵام کۆمسیۆن لەوەڵامدا رایگەیاندووە: ئەوان دەسەڵاتیان نەماوەو ناتوانن بەر لە خروقاتەکان بگرن، کە لەو سەعاتە زیادکراوەی کۆتایی هەڵبژاردنەکاندا کراون.

ئەمەو لیستی گۆڕانو چوار حیزبەکە گلەیی زۆریان لە کۆمسیۆن هەبووە، چونکە هیچ هەڵوێستێکی تووندیان وەرنەگرتووە بەرامبەر خروقاتو دەنگە تەزویرەکانی لیستی کوردستانی.

ڕێگرتن لە کاری ڕۆژنامەوانی:

لەکاتی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکی هەرێم، لە شارۆچکەی خورمال، کامێرا لە پەیامنێری ڕۆژنامەی کۆمەڵو سایتی کۆمەڵ نیوز دەسەندرێت دوای دوو کاتژمێر کامێراکەی پێدەدەنەوە، لەو بارەیەوە شاخەوان عەلی، پەیامنێری ڕۆژنامەی کۆمەڵو سایتی کۆمەڵنیوز، ڕایگەیاند: لە کاتێکدا باجی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانم پێبوو، بەڵام بەرپرسی بنکەی ئەحمەدی خانی وتی: نابێت نە لەناو حەوشەی بنکەکە نە لەناو هۆڵەکە وێنە بگریتو ڕێگەی پێنەدام وێنە بگرم تا لەناو حەوشەی بنکەی دەنگدانەکەدا کامێراکەی بە زۆر لێسەندمو چەند پۆلیسێکیشی بۆ بانگکردم، زۆر هەوڵمدا کامێراکەیان نەدەمێ، بەڵام بەزۆری پۆلیس بەچەکەوە لەناو بنکەکاندا لێیان سەندم دوای نزیکەی دوو کاتژمێر دوای ئەوەی بەرپرسی بنکەکە دڵنیابوو، کە من پێشێلی یاسام نەکردووە پێیان دامەوە، لە کاتێکدا چەک هەڵگرتن لەناو بنکەی دەنگداندا قەدەغەبوو، ئەوان بەچەکەوە لە ناو بنکەکاندا دەگەڕان».

لەلایەکی دیکەوە، لە بنکەی هەڵبژاردنی خوێندنگەی ناوەندیی هەڵکەوت، ڕێگەیان نەداوە بە پەیامنێری ڕادیۆی کۆمەڵو لە لایەن دوو پۆلیسەوە پەلامارداوە هەر لە هەمان بنکە ڕێگەیانگرتووە لە پەیامنێری دەنگی یەکگرتوو- ڕادیۆی گەرمیان کە بچێتە ناو بنکەی دەنگدان بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکە ڕوومالّ بکات.

دەکـــرێـــت شـــانـــازی بە بـــێـــگـــ

پشتیوان سەعدوڵڵا
شارا عەبدولڕەحمان

پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کۆتاییهات‌و لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا لیستی کوردستانی دەیان پێشێلکاریی‌و خرۆقاتیان ئەنجامداوەو بەوهۆیەشەوە لیستە رکابەرەکانی لیستی دەسەڵات ژمارەیەکی زۆر سکاڵایان لە نووسینگەکانی کۆمسیۆن تۆمارکردووەو پێدەچێت ئەنجامی ژمارەیەک بنکە گۆڕانکاریی تێدا بکرێت.

رۆژی (٧/٢٥) نزیکەی (٢) ملیۆن دەنگدەری هەرێمی کوردستان لە سێ پارێزگاکەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) رووبان لە سندوقەکانی دەنگدان کردو بۆ ئەو مەبەستە (١١٨٥) بنکەی دەنگدان بە رووی دەنگدەراندا کرابوونەوەو هەرچەندە ئەنجامەکان رانەگەیەنراون، بەڵام بەپێی ئەنجامە بەراییەکان لیستی کوردستانی یەکەمو لیستی گۆڕان دووەمو لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازی سێیەمی هەڵبژاردنەکە بوون.

بەوپێیەی کە لەم هەڵبژاردنەدا چەند لیستێکی جیاواز بەشداریان کردو بەتایبەتیش لیستی گۆڕان، کە رکابەرێکی گەورەی لیستی کوردستانی بوو، بەرپرسانی یەکێتی‌و پارتی دڵنیابوون لەوەی کە لەم هەڵبژاردنەدا شکستدەهێنن، بۆیە لە رۆژی هەڵبژاردنەکەدا هەموو رێگەیەکی نادروست‌و ساختەیان گرتەبەر بەو مەبەستەی کە ئەنجامی پرۆسەکە لە بەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێ بهێنن.

زۆرترین سکاڵە لە دهۆک:

بەمەبەستی بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ لە ناوچەکە بەشێوەیەکی ساختە بەرپرسان‌و لایەنگرانی لیستی کوردستانی لە سنووری پارێزگای دهۆک پێشێلکارییەکی زۆریان کردووەو تائێستا زیاتر لە سەد سکاڵا دراوەتە ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆن.

بەیار دۆسکی، بەرپرسی ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە رۆژنامەی راگەیاند: پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێم پرۆسەیەکی سەرکەوتوو بوو رێژەیەکی بەرفراوان لە هاوڵاتیان بەشداریان لە هەڵبژاردنەکەدا کرد، بەڵام لە سنووری پارێزگای دهۆک ژمارەیەک پێشێلکاریی‌و خرۆقات کراوەو بەوهۆیەشەوە زیاتر لە (١٠٠) سکاڵا گەیشتووەتە ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆن، ئەو سکاڵایانەی کە لە دهۆک تۆمارکراون ژمارەیەکی زۆرن‌و زۆربەشیان لە کاتی زیادکراوی پرۆسەکەدا بوو.

سەبارەت بە ئیجرائاتی کۆمسیۆن لەگەڵ ئەو کەس‌و لایەنانەی کە لە رۆژی هەڵبژاردندا خرۆقاتیان ئەنجامداوە، بەرپرسی ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆن وتی: «ئێمە سکاڵاکانمان بۆ ئەنجومەنی کۆمسیۆن بەرزکردووەتەوەو ئەنجومەنی کۆمسیۆنیش لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان دەکات‌و ئەگەر سکاڵاکان دروستبوون، ئەوا ئەو کەس‌و لایەنانەی خرۆقاتیان کردووە سزا دەدرێن‌و کاریگەریی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکەش دەبێت».

خرۆقاتەکانی هەڵبژاردنی شاری هەولێر:

* لە شاری هەولێر ژمارەیەکی زۆر لە هێزی چەکداری زێرەڤانی بە زەبری چەک چوونە ناو بنکەیەکەوەو دەنگێکی زۆریان داوە بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی دەنگەکانی لیستی کوردستانی.

* لە بەیاننامەیەکدا کە کۆمەڵێک گەنجی شاری هەولێر لە دژی ئەنجامدانی ئەو پێشێلکارییانە نووسیویانە، «دریژکردنەوەی ماوەی هەڵبژاردنەکە بۆ ماوەی سەعاتێک، تەنیا بۆ ئەوە بوو کە لیستی کوردستانی تەزویر ئەنجام بدات، چونکە پاش ئەوەی زانییان کە خەڵکێکی کەم دەنگی پێداون، راستەوخۆ بڕیاریاندا ماوەکە درێژ بکەنەوەو لەو کاتەدا لیوای تایبەتی زێرەڤانی رژانە ناو بنکەکانی دەنگدان‌و دەستیانکرد بە پرکردنەوەی کارتی دەنگدان».

* لە شارۆچکەی هەریری سەر بە پارێزگای هەولێر، خرۆقاتێکی زۆرو بە بەرنامە لەماوەی ئەو سەعاتەی بۆ کاتی دەنگدانەکە دریژکرایەوە، کراوە.

* سەرچاوەیەک بە سایتی (سبەی) راگەیاند: «ساختەکارییەکی زۆر کراوە، کە تیایدا بەرپرسەکانی لیستی کوردستانی راستەوخۆ هەڕەشەیان لە ئەندامانی کۆمسیۆن‌و بەرپرسی ناوەندەکان کردووە، کە دەبێت هەموو سندوقەکان بە فەرمانی بەرپرسی لقی (٢٤)ی سەفین پڕ بکرێنەوە، جگەلەوە بەرپرسانی یەکێتی‌و پارتی چەندین خەڵکیان لە ناوچەکانی دیکەوە هێناوەو لە هەریر دەنگیانداوە، هەروەها کۆمەڵێک گەنجی سەر بە لیستی کوردستانی چەند جارێک لە بنکەکان دەنگیانداوە».

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بەوەشکرد، چاودێرەکانی لیستی کوردستانی لە کاتی هاتنی هاوڵاتیان بۆ بنکەکان قسەیان بۆ خەڵک کردووە، کە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، جگە لەوەش ئەو کەسانەی خوێندەوارییان نەبووەو لە تەمەندا بوون، پێیانوتوون دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن‌و خۆشیان کارتی دەنگدانیان بۆ پرکردوونەتەوە، کارمەندەکانی کۆمسیۆن لە بنکەکانی (برایەتی، باسرمەی نوێ لە باسرمە، خانزاد، گۆڤەند، شەپۆل، باتاس‌و شۆرەت) راستەوخۆ بە ئاشکرا هاوکاری لیستی کوردستانییان کردووە.

* لە شارۆچکەی کۆڕێ ئەندامانی هەردوو حیزبەکە (یەکێتی‌وپارتی) بۆ چەند جارێک دەنگیان داوەو فێڵ لەو کەسانە کراوە کە نەخوێندەوارببوون‌و هێزەکانی پێشمەرگەش بۆ جارێکی دیکە دەنگیان داوەتەوە، دوای ئەوەی لە دەنگدانی تایبەتدا بەشداربوون.

* بەرپرسی ناوچەی پارتی لە سەروچاوە بە چەکەوە لە بەردەم بنکەیەکی دەنگداندا بە خەڵکی راگەیاندووە، کە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن‌و لە هەمان شوێن رائیدێکی یەکێتی چووەتە ناو بنکەکەوەو داوای لە دەنگدەران کردووە دەنگ بۆ لیستی کوردستانی بدەن. لە هەمان ناوچە لایەنگرانی سەر بە لیستی کوردستانی بە جلو ئارمی لیستی کوردستانی‌و وێنەی مەسعود بارزانییەوە هاتوونەتە ژووری دەنگدان‌و دەنگیان داوە.

* لە بنکەی (قەتەوی) لە شاری هەولێر، دەسەڵاتداران هەڕەشەیان لە چوار چاودێری لیستی گۆڕان کردووەو دووانیان دەرکردووەو تەنیا دوو چاودێر لە بنکەکە ماوەتەوە.

* چەند کەسێکی سەر بە لیستی کوردستانی ژمارەیەک سیدییان لەسەر دکتۆر کەمال میراودەلی کاندیدی سەرۆکی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەناو مزگەوت‌و هەندێک شوێنی پێنجوێندا بڵاوکردەوە، بە مەبەستی دژایەتیکردن‌و ناوزڕاندنی میراودەلی.

* سەر لە ئێوارەی (٧/٢٥) لە کاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا کارەبای بەشێک لەشاری هەولێر، بەتایبەت ئەو ناوچانەی کە بنکەی دەنگدانی لێبووە، بڕدراوە، کوژانەوەی کارەبای ئەو ناوچانە تەواو جێگەی گومانی هاوڵاتییان بوو، بە هەنگاوێکی دیکەی دەسەڵات دادەنرا لە پرۆسەی ساختەکاریی لە دەنگداندا.

* پاش تەواوبوونی دەنگدان‌و داخستنی بنکەکان لە ناوچەی خەبات بەرێوەبەری بنکەکانی دەنگدان بە ناوی کۆمسیۆنەوە بەسەرجەم چاودێرانی لیست‌و قەوارە سیاسییەکانی لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکانیان راگەیاندووە، کە بە پێی بڕیاری کۆمسیۆن پاش تەواوبوونی دەنگدان بنکەکان چۆڵبکەن‌و بگەڕێنەوە ماڵەوەو کۆمسیۆن خۆی ئەرکی جیاکردنەوەی دەنگەکان جێبەجێدەکات، لە کاتێکدا ئەو بڕیارە پێچەوانەی یاساو بڕیارەکانی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانە.

* پێنج پاسی کۆستەر لەبەردەم ناوچەی برایەتی پارتی کە پڕکرابوو لە گەنجی سەر بە لیستی کوردستانی، بەرەو بنکەکانی دەنگدان بەڕێکران‌و لە کۆمەڵگەکانی شاوەیس‌و پیرزین‌و مەلا ئۆمەرو بەستۆرەو کۆڕێ‌و چەند شوێنێکی دیکە لایاندەداو لە هەموو بنکەکان دەنگیان دەدا بەبێ ئەوەی هیچ رێگرییەک لەلایەن نوێنەرانی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکانەوە بکرێن.

خرۆقاتەکانی لیستی دەسەڵات لە ناکۆ:

* لە بنکەی شەرەفونا لە ناحیەی (بجیل) سندوقی دەنگدانی پەرلەمانی کوردستان لە ژووریکو سندوقی دەنگدانی سەرۆکایەتی لە ژووریکی دیکەدا داندراون بۆ ئەنجامدانی خرۆقات‌و تەزویری زیاتر.

* لە بنکەی کەلەک ئەندامانی رێکخراوی پارتی لەگەڵ دەنگدەران چوونەتە ژووروەو بۆئەوەی لەپاڵ ئەوانەوە دەنگ بدەن‌و چاودێریی دەنگدانی ئەوانیش بکەن.

* لەبنکەی سەری سەعدە لە ناحیەی بجیل، پۆستەرو وێنەی لیستی دەسەڵات دابەشکراوە.

* لەبنکەی سەری سەعدە لەناحیەی (بجیل) چەندین کەس بەرگەزنامەی باری شارستانی بێ وێنە دەنگیان داوە.

* لە بنکەی (گربیش) ئەندامانی لیستی دەسەڵات داوایان لە دەنگدەران کردووە، دەنگ بە لیستی ژمارە (٥٤)و ژمارە (١٢)ی سەرۆکایەتی هەرێم بدەن.

* لە گوندی (دڤری) رێکخراوی پارتی بانگهێشتی چەندین ئەندامی یەکگرتوویان کردووە بۆ ئەوەی لەم هەڵبژاردنە دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، بەڵام دەنگەکانیان بۆ ئەوان نەبووە.

* ئەندامانی لیژنەی پارتی لە گوندی گردەسێن بە جلوبەرگی مەدەنی‌و بە چەکەوە لەبەردەم بنکەکانی دەنگداندا بوون‌و لە جێگەی رێکخەرەکانی کۆمسیۆن کارەکانیان کردووەو بەکاری تەزویرو ساختەکارییەوە سەرقاڵبوون.

* ئامر فەوجێکی پارتی بەناوی (لوقمان چەتۆ) بە بنکەکانی دەنگداندا سوڕاوەتەوەو داوای لە دەنگدەران کردووە کە دەنگ بۆ لیستی کوردستانی بدەن.

* لە گوندی گردەسێن ئەندامانی رێکخراوی پارتی‌و لیژنەی یەکێتی قوتابیان بۆ چەند جارێک دەنگیان داوەو لە چەندین کاتیشدا نەیانهێڵاوە کە دەنگدەران بە ئازادی دەنگبدەن‌و ئەوان دەنگیان بۆ داون.

* لە بنکەی (شەرمن) دەنگ بۆ چەندین کەس دراوە بەبێ ئەوەی ئاگادار ببێت‌و نموونەی ئەو حاڵەتە ناشارستانییە تۆمارکراوە.

* لە گوندی (سوسنە) چەندین کەس دەنگیان بۆ کەسانی دیکە داوە.

* ژمارەیەک لە لەدایکبووانی ساڵی (١٩٩٤) دەنگیان داوە.

* لە ئێوارەوە بەکۆستەر گەنجەکانی سەر بە لایەنی دەسەڵات هەموو بنکەکانیان پێکراوە، بۆئەوەی لە چەندین بنکەو بۆ چەندینجار دەنگبدەن.

* هەر ئێوارەی (٧/٢٥) لەدوای داخستنی بنکەکانی دەنگدان، لیستی دەسەڵاتدار هەڵساون بەرێکخستنی چەند ئۆتۆمبێلێکو ئامادەکردنی چەند گەنجێکو سووڕانەوەیان بە چەند ناوچەیەکی شارەکەو ئیستیفزازکردنی هاوڵاتییان، بەوەی کە رێکلامو بانگەشەیان بۆ سەرکەوتنی خۆیان کردووە.

گەرمیانیش لە خرۆقات بێ بەش نەبوو

لە (٦١) بنکەی دەنگداندا لە گەرمیان کە (٢٧)یان لەناو کەلارو (١٩)یان لە دەربەندیخان‌و (٧)یان لە ناحیەی رزگاری‌و (٨) بنکەیان لەناو کفرین، خرۆقاتی جۆراوجۆر بە درێژایی پرۆسەکە لەلایەن تیمی گەرمیانی سایتی یەکگرتوو و سەتەلایتی سپێدەو تەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەنااڵی گەرمیانەوە تۆمارکراون، کە ئەمانە هەندێکیانە:

کەلار:

* لە باخچەی ساوایانی رازاوە (٨) گەنج بە تیشێرت‌و کاڵاوی ریکلامی لیستی کوردستانی‌و بارزانییەوە هاتوونەتە ناوەندی دەنگدانەکەوەو ئاسایشەکان رێگرییان لێنەکردوون‌و وتوویانە دەنگمان لێرەیە، لەکاتێکدا ناویشیان نەبووە.

* دارتێلی کارەباو بیناو هەرچوارلای بنکەکانی دەنگدانی ناو کەلار بە



بەرپرسانی حکومیی، سەربازیی، حیزبییو مەلاکانیش خروقاتیان کرد

هەولێر چۆن هەڵبژاردنی بەڕێکرد؟

ئیبراهیم عەلی



سکاڵاکان لە رۆژی دەنگدانی تایبەت

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: «رێژەی بەشداریی لە رۆژی دەنگدانی تایبەت لە شاری هەولێر (٩٠٪) بووەو لە شاری دهۆکیش (٩١٪)و لە شاری سلێمانیش (٨٦٪).

رێژەی بەشداریی لە رۆژی دەنگدانی گشتیی لە شارەکانی کوردستان (٧٨٪) بوو، هەروەها لە سلێمانی (٧٤٪)بوو، لە هەولێر (٧٩٪)بوو، لە دهۆکیش (٨٦٪).

دهۆک

بەیار دۆسکی، بەڕێوەبەری ئۆفیسی دهۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئەوەی بۆ رۆژنامەنووسان ئاشکراکرد «سەد سکاڵا لەلایەن قەوارە سیاسییەکانەوە تۆمارکراوە، لەبارەی ئەو پێشێلکارییانەی کە لە رۆژی دەنگدانی تایبەت هەبوون».

بەیار دۆسکی ئەوەشی ئاشکراکرد، کە لەکۆی (٢٢٣٩٣) کەس کە مافی دەنگدانیان هەبووە، (١٩٢٢٣) لە رۆژی دەنگدانی تایبەتدا لە پێنج بنکەی جیاواز دەنگیانداوە.

لە سنووری پارێزگای دهۆک (٣٢٤١) چاودێری ناوخۆیی و (٢٠) چاودێری بیانیو (٣١٠) رۆژنامەنووسو (٥٣٢٩) چاودێری قەوارەی سیاسی چاودێریی چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن دەکەن لەو پارێزگایەدا.

مامۆستایانی نایینی خروقات دەکەن

بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی کە سەر بە حیزبی دەسەڵات بوون، لە وتاری رۆژی هەینیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بانگەشەیان بۆ لیستی کوردستانی کردووەو ئەمە لە کاتێکدایە کە نابێت بەهیچ شێوەیەک بڵندگۆی مزگەوتەکان لە هەڵمەتی بانگەشەکردن بۆ هەڵبژاردن بەکاربێنو لەو رۆژەشدا هەڵمەتی بانگەشەکردن بە بڕیاری کۆمسیۆن وەستابوو.

وتارخوێنی مزگەوتی حاجی جەواد لە شاری هەولێر، داوای لە ئامادەبووانی ئەو مزگەوتە کرد، کە دەنگ بەو لیستە بدەن کە ئێستا زۆرینەیە، بۆ ئەمەش فەرموودەیەکی پێغەمبەری بە نموونە هێناوەتەوە کە فەرموویەتی، لەکاتی تەفرەقەدا لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیە بن کە زۆرینەیە، ئەو مامۆستا ئایینیە فرەلیستیو بوونی لیستی رکابەر بۆ لیستی کوردستانی وەک تەفرەقە داوەتە قەڵەمو داوای لەخەڵک کردووە کار بۆ ئەو لیستە بکەن کە ئێستا زۆرینەیە.

ئەمە جگەلەوەی لە بەشێکی زۆری مزگەوتەکانی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان ئەو مامۆستا ئاینییانەی کە سەر بەلیستی دەسەڵات بوون، هەمان رێچکەیان گرتووەو بانگەشەیان بۆ لیستی کوردستانی کردووە.

نەپاراستنی نهێنیی دەنگدان

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە لە بنکەی دەنگدانی نەخۆشخانەی لەدایکبوونی منداڵان لە هەولێر نهێنی دەنگدەران نەپارێزراوەو کارتی دەنگدان بەرلەوەی بخرێتە سندوقی دەنگدان لەلایەن کارمەندانی کۆمسیۆنەوە بە بیانووی ئەوەی بزانرێت ئایا مۆری پێوەیە یان نا کراوەتەوەو زانراوە کە دەنگدەران دەنگیان بۆ کام لیست داوە، ئەوە جگەلەوەی بەپێی وتەی شاهیدحاڵێک «سندوقی ئەو نەخۆشخانەیە بەر لە دەستپێکی پرۆسەی دەنگدان نیوەی زیاتری پڕکراوەتەوە».

سەرچاوەیەک لە بنکەی ئەحمەدی خانی لەشاری هەولێر بە رۆژنامەی راگەیاند کە لەلایەن ئەفسەرێک بەپلەی رائید کە سەر بەهێزەکانی پارتی بووە، چاودێریی چۆنێتی دەنگدانی دەنگدەران کراوەو کابینەکانی دەنگدان لەنزیک پەنجەرەکانەوە دانراون، بۆئەوەی ئەو بەرپرسە عەسکەرییە بتوانێت چاودێریی ئەوە بکات کە بزانێت دەنگدەران دەنگیان بەکام لیست داوە.

هەمان سیناریۆ لە رۆژی دەنگدانی گشتیش دووبارە بووەوەو لە زۆربەی بنکەکانی دەنگدان کابینەکانی دەنگدان پشتیان لە پەنجەرە بوو بە ئاسانی دەتوانرا چاودێریی بکرێن.

پشوودان لەکاتی دەنگدان

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە لە بەشێک لە بنکەکانی دەنگدانی تایبەت بەبیانووی پشووەوە لە سەعات (١)ی دوای نیوەڕۆ تا سەعات (٣) بەشێک لە بنکەکانی دەنگدان داخراون، گوایە کاتی پشووە، ئەمە لەکاتێکدا نابێت لەوکاتەدا بنکەکانی دەنگدان بە ڕووی دەنگدەران دابخرێت.

دەنگدانی گشتیی

بەشێک لە هاوڵاتییانی شاری هەولێر گلەیی ئەوەیان هەبوو کە بنکەکانی دەنگدان لە رۆژی هەڵبژاردنی گشتیدا زیاتر لە نیوسەعات لە وادەی خۆیان دواکەوتن لە کردنەوەی بنکەکان، ئەمەش کاریگەریی هەبوو لەسەر رێژەی بەشداریکردن، چونکە خەڵکێکی زۆر لە سەعات (٨)ی بەیانییەوە لەبەردەم بنکەکانی دەنگدان ئامادەبوون بۆ دەنگدان، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی کردنەوەی بنکەکان ئەو خەڵکە ڕۆیشتوونەتەوە بۆ ماڵەوەو جارێکی دیکە نەگەڕاونەتەوە بۆ دەنگدان.

ڕێگرییەکانی بەردەم ڕاگەیاندن

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان تا سەعات (١٢)ی شەو دەرگای زیاتر لە (٩٠) بنکەی لەبەردەم ڕاگەیاندنکاران وئاکرد، بۆئەوەی ڕوومالی روداوەکانی هەڵبژاردن بکەن، بەڵام بە بڕیارێکی هەندرێن محەمەد بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان، سەعات (٨)ی بەیانی ئەم بڕیارە گۆڕدراو کرا بە پێنج بنکە، ئەمەش جێگەی گومان بوو بۆ ڕاگەیاندن کاران، بەوپێیەی لە بنکەکانی دیکە بە ڕێژەی زۆر خروقات هەبوو، بەڵام بەڕێوەبەری بنکەکان بە بیانووی ئەوەی فەرمانیان بۆ هاتووە نابێت ڕاگەیاندکاران بچنە ناو بنکەکان، ڕێگرییان کرد لە ڕووماڵکردنی هەندێک بنکە.

پۆستەرەکان کێشە دروستدەکەن

لە نزیک تەواوی بنەکانی دەنگدان پۆستەری لیستی کوردستانی هەڵواسراون، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن دەبێت ئەم پۆستەرانە لە دووریی (١٠٠) مەتر بن لە بنکەکانی دەنگدان، بەڵام لیستی کوردستانی پێشێلی ئەم ڕێنماییەیان کردووە، جگەلەوەش کارمەندانی ئاسایش بە جلوبەرگی مەدەنییەوە لە نێو بنکەکانی دەنگدان هەبوونو زۆربەشیان ئارمی مەسعود بارزانیان لەسەر سینگی خۆیان هەڵواسیبوو.

لە بنکەی ڕووناکی لە شاری هەولێر ئۆتۆمبێلێکی لیستی کوردستانی وەستابوو بەدەنگی بەرز دروشمەکانی لیستی کوردستانی پەخشدەکردو کارمەندانی کۆمسیۆنیش هیچ هەڵوێستێکیان نەبووە.

لێبوونەوەی مەرەکەب

ئەو مەرەکەبەی کە بەکارهات لە رۆژی دەنگدان، زۆر بەئاسانی لێدەکرایەوەو لەنزیک بنکەی «بارزانی نەمر»، کە دوو ڕێکخراوی پارتی هەبوون دانرابوو بۆئەوەی ئەو کەسانەی دەنگیان دابوو مەرەکەبەکە لێبکەنەوە، لەبەرئەوەی بتوانن ئێوارە دەنگی زیاتر بدەن.

دیندار زێبارێ خروقات دەکات

لە بنکەی کۆماری دیندار زێبارێ، ڕێکخەری حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو بنکەیەی بەسەرکردەوە لەگەڵ کۆمەڵێک پاسەوان بە بەرگی مەدەنییەوەو دەمانچەیان پێبوو، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی بڕیارەکانی کۆمسیۆن نابێت بەرپرسانی حکومیو حیزبیی بەهیچ بیانوویەک سەردانی بنکەکانی دەنگدان بکەن.

لە عەنکاوە پۆلیسەکان دووبارە دەنگدەدەن

بەپێی لێدوانی شایەتحاڵێک لە بنکەی سەرەکی عەنکاوە، بەڕێوەبەری بنکەکە فەرمانی بە پۆلیسەکان داوە کە بڕۆن خۆیان بگۆڕنو جارێکی دیکە دەنگبدەنەوە.

فۆرمی ١١١، کێشە گەورەکەی کۆمسیۆن

لە هەولێر زۆرینەی جەماوەری لیستی کوردستانی بەهۆی بوونی ئەو فۆرمە دەنگێکی زۆریان بۆ لیستەکەیان داوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لەو فۆرمە لەلای دەسەڵات بوو، ئەوانیش ئەو فۆرمەیان داوە بە ئەندامانی خۆیان.

فۆرمی سکاڵا نادرێت بەقەوارە سیاسییەکان

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە لە بنکەی گەرمیان لە گەڕەکی کۆران، فۆرمی سکاڵا لەلایەن ڕێکخەری کۆمسیۆن لەو بنکەیە نەدراوە بە بەڕێوەبەری وێستگەکان، تا ئەوانیش بیدەن بە قەوارە سیاسییەکان بۆئەوەی سکاڵای خۆیان پێشکەش بکەن، بەمەش ڕێگرییەکی گەورە خراوەتە بەردەم قەوارە سیاسییەکان تاکو خروقاتەکان بگەیەنن بە کۆمسیۆنی باڵا.



دیندار زێبارێ لە ناوەندێکی دەنگداندا



فۆتۆکان: ئیبراهیم عەلی

ژمـــارە (519) دووشەممە 2009/7/27
hewal.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە ٧

پانۆراماى هەڵبژاردنەكان لەهەرێمى كوردستان

بەرهەم خالید



پێش كردنەوەى دەرگاى بنكەكانى دەنگدان بە چەند كاتژمێرێك زۆرێك لە هاوڵاتیانیى كوردستان، جیاواز لە هەڵبژاردنەكانى پێشوو بە گوڕوتینەوە لە چاوەڕوانى كردنەوەى دەرگاى بنكەكاندا ریزیان بەستبوو بۆئەوەى بە دەنگى خۆیان نوێنەرانى چوارسااڵى داهاتوویان لە پەرلەمانو سەرۆكى هەرێم هەڵبژێرن، ئەوەش پاش مانگێك چاوەڕوانى كە بانگەشەیەكى توندى هەڵبژاردنى لەنێوان لیستە جیاوازەكاندا دروستكرد، كە بە بڕواى چاودێرانى سیاسى هۆكارى ئەو جۆشو خرۆشو گەرموگوڕیەى هەڵبژاردنى (٧/٢٥) بۆ هاتنەكایەى لیستو قـەوارەى جیاواز دەگەڕێتەوە كە لە هەڵبژاردنەكانى پێشوودا بەدى نەدەكرا.

نزیكەى (٢) ملیۆنو (٥٠٠) هـەزار دەنگدەر ناویان لە تۆمارى دەنگدەراندابوو، كە لە سلێمانى زیاتر لە ملیۆنێكو هەولێر (٩٠٠) هـەزارو دهۆك (٥٠٠) هـەزار كەس مافى دەنگدانیان هەبوو بۆ بەشداریكردن لە هەڵبژاردنى پەرلەمانو سەرۆكایەتى هەرێم، كە دابەشكرابوون بۆ (١١٨٥) ناوەندو(٥٣٠٠) بنكە لە پارێزگاكانى هەولێرو دهـۆكو سلێمانیو بەغدا لەپێناو ملمالنێكردن بۆ (١١١) كورسى پەرلەمانو سەرۆكى هەرێم كە (٢٤) كیانى سیاسى بۆ پەرلەمانو (٥) كاندیدى سەرۆكایەتى كێبڕكێیان دەكرد.

سەركردە سیاسییەكانیش وەك هاوڵاتیان بە گرنگیەوە بەشداریان لە دەنگداندا كردو خۆشحاڵییان بە بەڕێوەچوونى پرۆسەكە دەربڕى، نەوشیروان مستەفا، سەرۆكى لیستى گۆڕان لە یەكێك لە بنكەكانى شارى سلێمانى دەنگیداو هەڵبژاردنەكەشى بە رۆژێكى مێژوویىو هەنگاو بەرەوگۆڕان وەسفكردو وتى: «دەمەوێت ئەوەتان پێبڵێم كە ئێمە وەك لیستى گۆڕان ئەنجامى هەڵبژاردنەكان بە هەرجۆرێك بێت قبوڵى دەكەین».

لەلایەكى دیكەوە هەریەك لە جەلال تاڵەبانى، سەرۆك كۆمارى عێراق و د.بەرهەم سااڵح،سەرۆكى لیستى كوردستانىو كۆسەرەت رەسوڵ عەلى، جێگرى سەرۆكى هەرێمو عیماد ئەحمەد، جێگرى سەرۆكى ئەنجومەنى وەزیران لە شارى سلێمانى بەشداریان لە هەڵبژاردنا كردو مەسعود بارزانى، سەرۆكى هەرێمو نێچیرڤان بارزانى،سەرۆكى حكومەتى هەرێمو عەدنان موفتى، سەرۆكى پەرلەمانى كوردستان لە هاوینەهەوارى سەاڵحەدینو شارى هەولێر دەنگیاندا.

مەسعود بارزانى، سەرۆكى هەرێمیش ئاماژەى بۆ ئەوەكرد كە ئـەوان ملكەچى ئـیرادەى گـەل دەبـنو ئەنجامەكان قبوڵ دەكەنو پیرۆزبایى لەو كەسو لایەنە دەكەن كە سەردەكەوێت، ئەو وتانەى بارزانى لە میانى كۆنگرەیەكى رۆژنامەوانیدا هات كە پاش دەنگدانى لە یەكێك لە بنكەكانى هەڵبژاردندا سازیداو دواتر لەلایەن فەرەج حـەیـدەرى، سەرۆكى كۆمسیۆنى باڵاى هەڵبژاردنەكانەوە بە خروقات لە قەڵەمدرا، لـەلاى خۆشیەوە جـەلال تاڵەبانى پاش دەنگدانى لە سلێمانى پرۆسەكەى بە «جەژنى گەلى كورد» داواى لە خەڵك كرد كە بەشدارى لە دەنگداندا بكەنو هەریەكە لە سەرۆكى حكومەتو جێگرەكەشى هەڵبژاردنەكەیان بە پرۆسەیەكى گرنگ دایە قەڵەم بۆ خەڵكى كوردستانو هەرێمو سەرۆكى پەرلەمانیش هەڵبژاردنى بە «قۆناغێكى نوێ» وەسفكرد لە مێژووى كورددا.

ئەوەى هەڵبژاردنى ئەمجارەى لەوانەى پێش خـۆى جـیـادەكـردەوە بەشدارى زۆرى خەڵك بوو لە پرۆسەكەدا كە هەر لە كاتژمێرەكانى سەرەتاى پرۆسەكەوە بە لێشاو رووبان لە ناوەندەكانى دەنگدان دەكرد بەمەبەستى بەشداریكردنو دیاریكردنى نوێنەرانى خۆیان كە بەپێى ئامارەكانى كۆمسیۆن سـەرەڕاى بـەرزى پلەكانى گەرما ژمارەیەكى بەرچاو بەشداریان لە پرۆسەكەدا كرد بەمشێوەیە: شارى دهۆك (٨٥٪)و هەولێر (٧٩٪)و سلێمانى (٧٤,٤٪)و بەغدا تەنیا (٢٥٪)و بەشێوەیەكى گشتیش لە هەرێمدا رێژەى بەشدارى هاوڵاتیان گەیشتە (٧٨,٥٪)و پێشتریش لە دەنگدانى تایبەتدا كە (٢) رۆژ پێش دەنگدانى گشتیى بەڕێوەچوو كە تایبەت بوو بە سەربازو پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایشو كارمەندانى نەخۆشخانەو بەندییەكان كە ژمارەیان زیاتر لە (١١٩) هەزار كەس بوو رێژەى (٨٥٪) بەشداریان تێداكرد، ئەوەش بەپێى بنەماىنێودەوڵەتیەكان رێژەیەكى باشە بۆ بەشداریكردن.

لێژنەى باڵاى ئەمنیى هەڵبژاردنەكان كە بە سەرۆكایەتى كەریم سنجارى، وەزیرى ناوخۆى هەرێم پێكهاتبوو رۆڵى باشى هەبوو لە دابینكردنى ئاسایشى هەڵبژاردنو چەندین رێوشوێنیان گرتبووبەر بۆ پاراستنى ئەمنیى هەڵبژاردنەكەو پاراستنى بنكەكانى دەنگدان، بۆ ئەو مەبەستەش هاتوچۆى ئۆتۆمۆبێل قەدەغەكرابوو، بەاڵم لە پاش نێوەڕۆوە ئەو بڕیارە هەڵوەشێنرایەوەو لێژنەى ئەمنیى رایگەیاند كە هاوڵاتیان ئازادن لە بەكارهێنانى ئۆتۆمۆبێلى تایبەتى خۆیان بەبێ ئارمى رێگەپێدان لە ناو شارەكاندا.

لە رووى چاودێریشەوە هەڵبژاردنى ئەمجارە جیاوازى زۆر بوو لە هەڵبژاردنەكانى پێشووتر بەوەى ژمارەیەكى زۆر لە چاودێرانى كیانە سیاسییەكانو رێكخراوە ناحكومیەكانى نـاوەوەو دەرەوەى هەرێمو ژمارەیەكى بەرچاو لە چاودێرى بیانى لە ئەمریكاو ئـەوروپـاو وڵاتانى عەرەبى بەشداریان تێداكرد، كە ژمارەیان نزیكەى (٤٥) هەزار چاودێر دەبوو، عادل عەبدولمەهدى، جێگرى سەرۆك كۆمارى عێراقیش وەك چاودێرێك لە شارى سلێمانیەوە چاودێرى هەڵبژاردنەكەى هەرێمى دەكرد، باسى لەوەكرد «پرۆسەكە بەباشى بەڕێوەدەچێتو ئەوەش عێراق بەرەو وڵاتێكى دامەزراوەیى دەباتو هۆكارێكیشە بۆ ئاشتەوایى نێوان پێكهاتەكانى عێراق».

لەگەڵ ئەوەى میدیا ناوخۆییەكان تەواوى رۆژى هەڵبژاردنیان بۆ رووماڵكردنى پرۆسەى هەڵبژاردن تەرخانكردبوو زۆربەى میدیاو كەناڵە بەناوبانگەكانى جیهانیش بە بایەخەوە هەواڵو زانیاریەكانى تایبەت بە بەڕێوەچوونى هەڵبژاردنەكەیان دەگواستەوە لەوانەش كەناڵەكانى ئەلجەزیرەو عەرەبیەو سى ئێن ئێنو بى بى سىو زۆربەى كەناڵەكانى سندوقەكان لیستە ركابەرەكان یەكتریان بە ئەنجامدانى خـروقـاتو ساختەكارى تۆمەتباركرد بەتایبەتى هـەردوو لیستى گـۆڕانو خـزمـەتـگـوزارىو چاكسازى كـە لیستى هاوبەشى هـەردوو حیزبى دەسەاڵتداریان بە ئەنجامدانى ساختەكارى تۆمەتباركرد، بەتایبەت لەدواى نێوەڕۆوە بە دووبارە دەنگدانو هەروەها لێكردنەوەى مۆرى پەنجەو بەكارهێنانى فۆرمى ژمارە (١١١)ى تایبەت بە دەنگدانى تایبەت بەشێوەى نایاسایى، بەوهۆیەوە هەریەك لە لیستى خزمەتگوزارىو چاكسازى ژمارە (٥٩)و لیستى گۆڕان ژمارە (٥٧) لە دوو بەیاننامەدا بەتوندى ئیدانەى ئـەو كارانەیانكرد كە لەلایەن لیستى كوردستانى ژمارە (٥٤) بۆ تەزویرو گۆڕینى ئەنجامەكان ئەنجامیداون، هەروەك رەخنەشیان لە كۆمسیۆنى باڵاى سەربەخۆى هەڵبژاردنەكان گرت كە لە ئاست ئەو پێشێلكاریانەدا بێدەنگى نواندووەو دریژكردنەوەى وادەى دەنگدانیان بۆ ماوەى سەعاتێك بە رێگەخۆشكردن بۆ ئەنجامدانى ساختەكارى لە قەڵەمدا لەلایەن دەسەاڵتەوە، بـەاڵم بەرپرسانى كۆمسیۆن ئاماژە بۆ ئەوەدەكەن كە ژمارەیەك سكاڵایان بەدەست گەیشتووەو دواتر كاریان لەسەردەكەن.

دواجارو پاش تێپەڕبوونى (١١) سەعات بەسەر كـردنـەوەى دەرگاكانى بنكەكانى دەنگداندا لە سەعات (٧)ى ئێوارە دەرگاكاى بنكەكان داخرا بەمەبەستى دەستكردن بە جیاكردنەوەو ژماردنى دەنگەكان بۆئەوەى دواتـر رەوانـەى بنكە سەرەكییەكان لەناو شارەكان بكرێت بەمەبەستى جیاكردنەوەى كۆتایى، هەرچەندە لیستەكان بەهۆى بوونى چاودێرەكانیانەوە ئەنجامە سەرەتاییەكانى هـەڵـبـژاردنـیـان ئـاشـكـراكـردووە، بـەاڵم بەرپرسانى كۆمسیۆنى باڵا ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە جیاكردنەوەى كۆتایى كە بڕیارە لە هەولێر بەڕێوەبچێت چەند رۆژێكى دەوێتو ئەوكاتە ئەنجامە بەراییەكان ئاشكرادەكرێتو دواتر ئەنجامى كۆتایى رادەگەیەنرێت، ئەوەش لە میانى كۆنگرەیەكى رۆژنامەوانیدا هات كە شەوى (٧/٢٥) لە هۆڵى ئۆتێل شیراتۆن لە هەولێر بەڕێوەچوو. هـەروەك حەمدیە حوسەینى، سەرۆكى بازنەى هەڵبژاردن ئاشكرایكرد كە كارتى دەنگدانى تایبەتیش لەگەڵ دەنگدانى گشتیدا جیادەكرێتەوەو ئەنجامەكان رادەگەیەنرێتو داواى لە لیستو كیانە سیاسییەكانیش كرد كە تا ئەوكاتەى ئەنجامەكان ئاشكرا دەكرێن هیچ ئەنجامێك رانەگەیەنن.





فۆتۆكان: هیوا جەمال

دەنگدانەوەی میدیایی

REUTERS Hürriyet WSJ.com Les Echos الأهرام The Economist CNN Christian Science Monitor AFP BBC TIME

کوردستان بەرەو دیموکراسی

ئا: شالاو فەتاح

وەک یەکێک لە هەرە گرنگترین رووداوەکانی جیهان، هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی کوردستان بووە جێی سەرنجی زۆربەی رۆژنامە بەناوبانگەکانی جیهان، زۆرێک لە بڵاوکراوە جیهانییەکان ئەم هەڵبژاردنە بە «سەلمێنەری دیموکراسیەت»و پێکهێنانی حکومەتێکی«شەفاف و بەرپرسیار» لە بەرامبەر هاوڵاتیانی کوردستان دەزانن و پێشیانوایە ئۆپۆزسیۆن رۆڵی ئەوەی دەبێت حکومەت زیاتر ئاگای لە کارەکانی خۆی بێت.

ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز لە راپۆرتێکدا دەربارەی هەڵبژاردنەکان (کە دواتر واشنتۆن پۆستیش بڵاویکردەوە) ئاماژە بەنەبوونی فشارو دەستێوەردانی هێزە ئەمنیەکان دەکات لە هەڵبژاردنەکاندا، هەروەها باسیش لە لێدوانەکانی گەورەبەرپرسانی عێراق و هەرێم دەکات لە هەڵبژاردنەکاندا، دوای ئەوەش ڕای دەنگدەران وەردەگرێت کە داوای خەڵکی نوێ لە دەسەڵاتدا دەکەن و بێزاربوونیان لە دەسەڵاتی ئێستا رادەگەیەنن، رۆیتەرز لەسەر زاری یەکێک لە دەنگدەرەکانەوە دەنووسێت «سیاسییەکان تەنیا پارە لە گیرفانیان دەئاخنن، ئێمە خەڵکی نوێمان دەوێت». ئەو ئاژانسە دواجار ڕای پسپۆرێکی کورد وەردەگرێت لەسەر لیستی گۆڕان کە لە بەشێک لە قسەکانیدا دەڵێت «جیاوازی لیستی کوردستانی و گۆڕان ئەوەیە کە لیستی گۆڕان کوردانەترە لە لیستی دەسەڵات».

رۆژنامەی وڵ ستریت جۆرنالی ئەمریکی لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەی دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان دەکات لەگەڵ رکابەرێکی ڕاستەقینە. رۆژنامەکە دواتر باس لە بوونی سیستمێکی کۆنترۆڵکەری دەسەڵات دەکات کە لەلایەن دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانەوە پیادەو ئاراستە دەکرێت، بوونی گەندەڵی و ناشەفافیەت و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و پەیماندانی زۆر، هەندێک لە هاوڵاتیانی بێ ئومێد کردووەو بەدوای هەڵبژاردنەکاندا دەگەڕێن بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسیی لە کوردستاندا، کە ئەو هەڵەش ئەم هەڵبژاردنەیە.

رۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمزی ئەمریکی لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێت؛ «هاوڵاتیانی کوردستان بە پەڕۆشەوە لە ڕیزەکانی دەنگداندا وەستابوون و زۆرێک لە دانیشتووانی شاری سلێمانیش دەنگیان بۆ لیستی گۆڕان داوە، کە بزووتنەوەیەکی نوێیە و بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی دروستبووە». ڕۆژنامەکە ڕای چەند کەسێک دەربارەی بوونی گەندەڵی و ناشەفافیەت لە کارەکانی حکومەتدا وەردەگرێت، دواتر باس لەوە دەکات کە «زەحمەت توانراوە دەنگدەرانی لیستی دەسەڵات بدۆزێتەوە و تەنیا ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی ئامادەبوون دەنگ بە لیستی دەسەڵات بدەن». دواتر ڕای ئاسۆس هەردی ڕۆژنامەنووس وەردەگرێت کە باس لەوە دەکات «تەنانەت ئەگەر ئۆپۆزسیۆنەکان ڕێژەیەکی کەمیش لە دەنگەکان بەدەستبهێنن، هێشتا توانای گۆڕانی ریشەییان هەیە لە بارودۆخی کوردستاندا، چونکە ناتوانیت پشت بە حکومەت ببەستیت بێ بوونی ئۆپۆزسیۆن». دواتر ڕۆژنامەکە باس لە خروقاتەکانی ماوەی کەمپەینی لیستی کوردستانی لە دابەشکردنی چەکو سامان بەسەر خەڵکیدا دەکات تا کاریگەرییان لەسەر دابنێت.

ئاژانسی هەواڵی ئەسۆشیەیتد پرێس (ئەی.پی) لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دەکات هەڵبژاردنەکان تاقیکردنەوەی دیموکراسیبوونی ئەزموونی هەرێمەو باس لە ڕای دەنگدەرانی سلێمانی دەکات کە «دەنالێنن بەدەست کەمی خزمەتگوزاری و بوونی گەندەڵی لە دامودەزگاکانی هەرێمدا». ئەی.پی باس لە دەرکەوتنی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە هەڵبژاردنەکانداو هیوای خەڵک بە گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتو بنیادنانی دەسەڵاتێکی شەفاف و خزمەتگوزار لە هەرێمدا دەکات، دواتر بە وەرگرتنی ڕای چەند دەنگدەرێک لەسەر ئامانجی دەنگەکانیان ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە خەڵکی خوازیاری بنیادنانی «حکومەتێکی نوێ»ن.

دواتر ئەی پی باسی کاردانەوەی دەرەکی لەسەر هەڵبژاردنەکانی کوردستان دەکاتو لەم ڕووەشەوە ڕای چەند کەسێکی وەک عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆماری عێراقو بەرپرسانی ئەمریکا لە عێراق وەردەگرێت. ژەنەراڵ ڕۆبێرت کاسلێن، فەرماندارى باڵای سوپای ئەمریکا لە هەرێم هیوای ئەوە دەخوازێت کە دوای هەڵبژاردنەکان کێشەکانی نێوان هەرێمو بەغدا یەکلایی بکرێنەوە، کاسلێن هیوای خواست کە پێش (٢٠١١)و کشانەوەی تەواوی هێزەکانی ئەمریکا ئەو کێشانە چارەسەر ببن، چونکە دوور نیە ببنە هۆی ناجێگیرکردنی دۆخی عێراق.

ڕۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەر (سی.ئێس.ئێم)ی ئەمریکی باس لەوە دەکات لە هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆن ئەگەر بەتەواویش دەسەڵات نەگرێتە دەست ئەوا پێکهاتەی حکومەت دەگۆڕێت لە هەرێمە نیمچە سەربەخۆکەی کوردستاندا، دواتر باس لە زۆریی داوای گۆڕان لە حکومەتدا دەکات سەرباری تۆمەتبارکردنی دەسەڵات بە گەندەڵی و بوونی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت، بەڵام (سی ئێس ئێم) دواتر ئەوە دەخاتەڕوو کە کێشەی کەرکوک دەبێتە گەورەترین کێشەی بەردەم دەسەڵاتی نوێ لە هەرێمداو پێویستە کێشەکە بەشێوەیەکی سیاسیو دوور لە گیانی توندوتیژیو بڕیاری تاکلایەنە یەکلایی بکرێتەوە، چونکە کێشەکە لەوە دەرچووە کە تەنیا لایەنێک بتوانێت بڕیاری لەسەربداتو بوونی نەوتێکی زۆر لەو شارەدا بووەتە هۆی ئەوەی کە هیچ لایەنێک چاوپۆشی لە بەدەستەوەدانی شارەکە نەکات.

ئاژانسی هەواڵی (سی.ئێن.ئێن) لە هەواڵێکدا باس لەوە دەکات «ئەم هەڵبژاردنە هەرێمییەی کوردستان هەنگاوێکە بەرەو دیموکراسی، چونکە کوردستان ناوچەیەکە ئاسایشی تێدا جێگیرەو ئەوەی پێویستیەتی شەفافیەت و باش بەکارهێنانی دەسەڵاتە».

کەناڵی ئەلجەزیرە، بەشی ئینگلیزی باس لەوە دەکات زۆرێک لە خەڵکی کوردستان ئەم هەڵبژاردنە بە یەکەم هەڵبژاردنی ڕاستەقینەی کوردستان پێناسە دەکەنو «یەکەمجاریشە خەڵک بەڕاستی باسی کێشە ناوخۆییەکان دەکەن». دواتریش جەزیرە کێشەی حکومەتی داهاتووی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندو کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان بە گەورەترین بەربەستی ڕێی ئەرکەکانی حکومەتی داهاتووی کوردستان باس دەکات.

گۆڤاری تایمی ئەمریکیش باس لەوەدەکات ئەم هەڵبژاردنە هەڵێکە بۆ سەلماندنی دیموکراسیەتی کوردستانو دەڵێت: «پاش چەندین ساڵ لە پشتبەستن بە ئەمریکا، هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنێکی سەربەخۆیانە بۆ پەرلەمانو سەرۆکایەتی دەکاتو لەم هەڵبژاردنەشدا دەبێت بیسەلمێنن کە لایەنگری تەواوی دیموکراسین».

گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانی باس لە ململانێی لیستی گۆڕانو لیستی دەسەڵات دەکاتو پێیوایە بوونی گەندەڵیو خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکەوە هەڵی ئەوەی بە ئۆپۆزسیۆن بەخشیوە کە رکابەرییەکی توند بکەن لەم هەڵبژاردنەدا، ئیکۆنۆمیست باس لە خۆشحاڵی جەماوەری کوردستان دەکات بەهۆی هەڵبژاردنەکەوەو پێشبینی جیدی دوو حیزبەکە (هەرچەندە یەکیان گرتووە)، بەڵام ناتوانن دڵنیابن لە بەدەستهێنانی ئاکامی یەکلاییکەرەوە لە هەڵبژاردنەکاندا. دواتر ئیکۆنۆمیست باس لەوە دەکات کە حکومەتی هەرێم لەدوای (٢٠٠٣)وە لە ئارامیو ئاسایشدا ژیاوە، بەڵام نەبوونی پێشکەوتنی سیاسی هۆکاری دەرکەوتنی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆنە.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمریکیش لەسەر زاری هاوڵاتیانی کوردستانەوە باس لە مۆنۆپۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەوەو بەستنی ڕێککەوتنامەی ستراتیژی دەکاتو بوونی گەندەڵیش خەڵکی کوردستانی بۆ گۆڕان بڕسی کردووە، ڕۆژنامەکە بوونی کێشە لە سیاسەتی بەڕێوەبردنی حکومەت لەلایەن ئەو دوو پارتەوە بە تاکە هۆکاری سەرەکی دەرکەوتنی جەماوەرێکی فراوان بۆ ئۆپۆزسیۆن دەکات، نیویۆرک تایمز دواتر ڕەخنە لە سیاسەتی دوو حیزبەکە دەگرێت بەوەی کە سامانی میللەتیان لەنێوان خۆیاندا دابەشکردووەو هەموو شتێکیان پەنجا بە پەنجا دابەشکردووە، سەبارەت بەو ڕەخنانەی کە لەشێوەی بەڕێوەبردنی هەرێم دەگیرێن ڕای نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان وەردەگرێت کە دەڵێت: «سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان فۆرمێکە لە تۆتالیتاریزم».



هەڵبژاردن بەهێمنی دەستپێکردو بەڕەشەبای گۆڕان کۆتاییهات

ئا: محەمەد ساڵح حەمەلاو

«لیستەکەی نەوشیروان مستەفا دەسەڵاتی هێناوەتە لەرزە»

ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لە ڕاپۆرتێکدا نووسیویەتی «هەرچەندە هەرێمی کوردستان بە قەڵای سەربەخۆیی و دیموکراتی ناسراوە، کە سەردەمانێک دەسەڵاتێکی سەرکوتکار حوکمی دەکرد، بەڵام ئێستا بە مەملەکەتی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری یەکێتی و پارتی فەرمانڕەوا ناسراوە بەجۆرێک زۆرێک پێیانوایە کە هەڵبژاردن بەمجۆرەی ئێستا لە ڕێڕەوی خۆی دەرناچێت».

لە ڕاپۆرتەکەی شەرقولئەوسەتدا هاتووە یەکێک لەلایەنگرانی لیستی گۆڕان پێیوایە «دەسەڵات ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێیانی خۆی فەرامۆشکردووەو خیانەتی لە کێشەی کوردستان کردووەو ئێستا جۆرێک لە سەرکوتکاری بوونی هەیە، هەربۆیە بارودۆخی ناوخۆی هەرێم پێویستی بە چاکسازی هەیە». ڕاپۆرتەکەی شەرقولئەوسەت پارتی و یەکێتی بە دووبەشی کرمێک داوەتە قەڵەمو هەڵبژاردنیش بە هاوپەیمانی بەستن یاخود ڕێککەوتنامەی ستراتیژی دەداتە قەڵەم کە بەهۆیەوە ڕێگە بەخۆیان دەدەن حکومەتو بواری ئابووری بەسەر خۆیاندا دابەشبکەنو هێزی چەکدارو هەواڵگری تایبەت بەخۆشیان هەبێت، ڕاپۆرتەکە ئەوەشی خستووەتەڕوو کە هیچ چانسێکی بردنەوە لەبەردەم چوار کاندیدەکەی سەرۆکایەتی هەرێمدا بوونی نییە بۆگرتنەدەستی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی هەرێم، شەرقولئەوسەت باس لەوەشدەکات بەشداریکردنی لیستەکەی نەوشیروان مستەفا دەسەڵاتی هێناوەتە لەرزەو ئەو ئەنجامەی ئێستا لە هەڵبژاردنەکاندا دەرکەوتوون چاوەڕوان نەدەکرا.

ڕێژەی بەشداربووانی دەنگدەرانی هەرێم (٧٨،٥ ٪) بووە

ڕۆژنامەی سەباحی چاپی بەغدا لەسەر زاری حەمدیە حسەینی، بەڕێوەبەری بازنەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: «ڕێژەی بەشداربووانی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان(٧٨،٥٪) بووە». حسەینی ئاماژەی بەوەشکردووە ڕێژەی بەشداربووان لە پارێزگای هەولێر (٧٩٪)و لە پارێزگای سلێمانی (٧٤،٥٪)و لە دهۆکیش (٨٥،٩٣٪)، بەڵام لە بەغدا ڕێژەی بەشداربووان (١٥٪) بووەو کە کەمترین ڕێژەیە.

هەڵبژاردن بەهێمنی دەستپێکردو بە ڕەشەبای گۆڕان کۆتاییهات

ماڵپەڕی مەلەف پرێس لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکیدا کە دەربارەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بڵاویکردووەتەوە باس لەوەدەکات «پرۆسەی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان بە کەشێکی هێمنو ئارام دەستپێکرد، بە ڕەشەبای لیستی گۆڕان کۆتایی پێهات».

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوەدەکات دوای ئەوەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێم لە یەکێک لە ناوەندەکانی هەڵبژاردن دەنگی دا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی سازکرد بەپێی لێدوانێکی فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان «لێدوانەکانی بارزانی لەناو بنکەکانی دەنگداندا شکاندنی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنەو پێویستە بارزانی یان غەرامەبکرێت یان داوای لێبوردن لە کۆمسیۆن بکات». بەپێی ڕاپۆرتەکەی مەلەف پرێس هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی هەرێمی کوردستان لە هەژموونی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار کەمدەکاتەوەو بەرپرسانی لیستی گۆڕانیش ئومێدیان وایە سێیەکی کورسییەکانی پەرلەمانی هەرێم بەدەستبهێنن، چونکە زۆرترین ڕکابەر لە پارێزگای سلێمانی لەنێوان هەوادارانی لیستی کوردستانیو لیستی گۆڕاندایە.

بارزانی: ڕێز لەئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەگرین

پێگەی بەدیل ئەلعێراقی لەسەر زاری مەسعود بارزانی بڵاویکردووەتەوە «دوای هەڵبژاردنەکان کاردەکەین بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێم». بارزانی لە وەڵامی پرسیارێکیشدا دەربارەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بەوەکرد «ئێمە ڕێز لە ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەگرینو پابەند دەبن بەئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە هەرچۆنێک بێت».

لیستی کوردستانی بە ساختەکاریی گەورە تۆمەتبار دەکرێت

سایتی ئەسوات عێراق بڵاویکردەوە کە لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاندووەلەدوای داخستنی سندوقەکانی دەنگدان، لیستی کوردستانی ژمارە (٥٤) (بە فەرمانی بەرپرسانی مەیدانیی حیزبی دەسەڵات) ساختەکاری دەستپێکردووە، لە گشت شارەکان بەلێشاوو خەڵکی بە کۆستەر هێناوەتە ناوەندەکانی دەنگدانو بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یاسایی دەنگیان پێداون،

لە بەیاننامەکەدا هاتووە تا پێش نیوەڕۆ ڕەوشی هەڵبژاردنەکە ئاسایی بووە، بەڵام لەدوای نیوەڕۆوە «کەسانێکی نامەسئول» کەوتنە لەکەدارکردنی پرۆسەکەو بە پێشێلکارییەکی زەقو ئاشکرا دەیانەوێت جارێکی دیکە هەرێمەکەمان بخرێتە لیستی ڕەشەوە.

روونکردنەوەیەک

بەهۆی هەڵەتێگەیشتنی موحەریرێکی رۆژنامە لە ساتەوەختی راگرتنی هەڵمەتی راگەیاندنو سەرباری ئەوەی پێشتر بەڵێنمان دابوو چاوپێکەوتنەکەی بەڕێز موسڵیح ئیروانی بێ هیچ کورتکردنەوەیەک بڵاوبکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لە چەند شوێنێک ئەو چاوپێکەوتنە کورتکرابووەوە.

دوای لێکۆڵینەوە بۆمان دەرکەوت ئەوە پەیوەندی بەبوونی رای جیاواز نییەو ئیجتیهادێکی ئەو موحەریرە بووە.

لێرەدا وێڕای داوای لێبوردنی زۆرمان لە بەڕێزان موسڵیح ئیروانیو کاک ئارام عەلی سەعید، ئەو بڕگانەی کە لە پرسیارێکدا لابرابوون جارێکی دیکە پرسیارەکە بە بڕگە لابراوەکانەوە بڵاودەکەینەوە. کاک موسڵیحو هەموو نووسەرانی بەڕێز دڵنیادەکەینەوە کە رۆژنامە هەمیشە رووپەڕێکە بۆ ئازادی بیروڕاو گفتوگۆی راستگۆیانە...

رۆژنامە: زۆربەی ئەو رەخنەو رووبەڕووبوونەوانەی کە ئاراستەی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم دەکرێن، بریتیین لە ئیدارەی ناجێگیر لە رووی سیاسییو ئابوورییو کۆمەڵایەتیو بوارەکانی دیکەو دیسان گەندەڵی لەم بوارانەدا، پێتوایە ئەو هێزەی کە ئەمڕۆ لە دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسیی دروست بووەو نەیاریی حکومەتو دەسەڵات دەکات بتوانێت گۆڕانێکی نوێ دروست بکات؟

موسڵیح ئیروانی: با هەندێک شت تێکەڵاو نەکرێت. راستە پارتیو یەکێتی بەرپرسی سەرەکیو یەکەمن لە گەندەڵیی دارایییو ئابووریو سیاسیی هەرێمدا، بەڵام مەسەلەی ناسەقامگیریی سیاسیو ئابووریی هەرێم بەشێکی زۆری بەندە بە ناسەقامگیریی هەموو عێراقەوە. ئۆباڵی یەکلانەبوونەوەی رەوشی یاساییو سیاسیو ئابووریو تەنانەت جوگرافیی هەرێم تەنیا لە ئەستۆی هێزە کوردستانییەکە (مەبەستم پارتیو یەکێتی) نییە. بەغداش بەشێکی گەورەی بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆ. بەڕای من هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی هەرێمو بەغدا پەیوەندی بە لایەنە سیاسییەکەوە هەیە. لە راستیدا حکومەتی ناوەندی هێشتا بە ئاسانی ناسنامەی سیاسیو ئابووریی نیمچە سەربەخۆی هەرێمی پێ هەرس ناکرێت. ئەوەیە رەوشی پەیوەندیی نێوان هەر دوو لای ئەوەندەی تر ئاڵۆز کردووە. حکومەتی بەغدا گلەیی نەبووە لەسەر رەفتاری سیاسییانەی هەرێم کە داخوا لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەنگی سیاسیی ناڕازی، دیموکراتییانەیە یان نا. حکومەتی بەغدا کێشەی گەندەڵیی ئابووریی‌و دارایی هەرێمی نەکردووە بە کێشەی خۆی، تەنانەت ئەو راپۆرتانەی لەبارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤەوە لە هەرێم لە لایەن ئاجێنسییە نێودەوڵەتییەکانەوە بڵاوکرانەوە حکومەتی عێراقی لێیان وەجواب نەهاتو نەیکرد بە هەرا لەسەر هەرێم. بە کورتییەکەی کێشەی گەورەی هەرێم لەگەڵ بەغدا سەروەرییە سیاسییەکەیەتی، جا هەرکەسو لایەنێکی دیکەی کوردستانی دەسەڵاتداربێت بەرپرسیارە بەرامبەریان. خاڵی دووەمیش مەسەلەی پێشمەرگەیە کە عێراق بە بوونی ناڕەحەتە. سێیەمیش بودجەیە کە ساڵانە دەکرێت بە کێشەو لە هەمووشیان ساناتر چارەسەر دەکرێت. بۆیە من پێموایە مەسەلەی ناسەقامگیریی سیاسیو ئابووری نابێت تێکەڵ بە کێشەیەکی گەورەی ناوخۆیی وەکو گەندەڵی بکرێتەوە. بەرپرسیارێتیی دەسەڵات لە هەردووکیاندا لە یەک ئاستدا نییە، یان لانیکەم گلەیی هێزی ئۆپۆزسیۆنو چاوساغانی سیاسیو رۆشنبیرانی کۆمەڵگە لەو دوو ئاستەدا وەکو یەک نییە.

سەبارەت بە ناوەڕۆکی پرسیارەکەت کە ئایا هێزەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەتوانن گۆڕان بکەن یان نا، من هەم گەشبینمو هەم رەشبین. گەشبینم بەوەی کە دەتوانن بیکەنو رەشبینم بەوەی ناتوانن بیکەنو پێدەچێت بیریان لێنەکردبێتەوەو نەیانخستبێتە ناو کارنامەی سیاسیی داهاتوویانەوە.

ئەوەی ئەو هێزانە دەتوانن بیکەن دەشێت لە چەند خاڵێکدا چڕ بکەینەوە. هەموو ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە پەرلەمانی داهاتوو وەکو ئەوەی پێشوو گوێڕایەڵو دەستەمۆی دەسەڵات نابێت. کاندیدەکانی گۆڕانو تەنانەت لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازیش وەکو پێشوو مۆری رەزامەندی لە هەموو رەفتارەکانی حکومەت نادەنو دەرەنجام جموجۆڵو بزووتنەوەیەک دەکەوێتە ناو دانیشتنەکانی پەرلەمانەوە. وەک لە لیستی کاندیدی قەوارە بەهێزەکانی دەرەوەی دەسەڵات دەردەکەوێت کۆمەڵێک سیماو روخساری تازە دێنە مەیدانەوەو رۆڵیان دەبێت لە گۆڕینی پەرلەمان لە دەزگایەکی گوێڕایەڵی موتڵەقی حیزبی دەسەڵاتدارەوە بۆ دەزگایەکی چالاک لە دەرەوەو چاودێر بە سەر حکومەتەوە، پەرلەمانێک کە چیتر کاری پینەچێتی نابێت بۆ حکومەتو دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە. پەرلەمانێکی بەڕاستی لێپرس دەبێت، واتە لە کەموکووڕییەکانی دەسەڵات دەپێچێتەوە.

نەک هەر ئەوە، وەک دەبینی پێکهاتەی پاڵێوراوانی لیستی کوردستانیش وەکو پێشوو نییە. پێدەچێت لیستی کوردستانیش حیسابی ئەوەی کردبێت کە دەبێت گۆڕانێک لە خۆیدا بکاتو کەسانێک بنێرێتە پەرلەمان کە بتوانن رکابەری بەهێز بنو لە هۆڵی پەرلەماندا نەخەون. بە واتایەکی دیکە، بوونی ئەو نەیارە بەهێزانەی دەسەڵات وای لە دەسەڵات خۆی کردووە کە کەسی خوێندەوارترو پرۆفشناڵتری خۆی بنێرێتە مەیدانی ململانێیەکەوە. پێدەچێت دەسەڵات بە کەموکووڕیی پێکهاتە پەرلەمانییە گوێڕایەڵەکەی پێشوویدا چووبێتەوە کە ئەمەش ئەنجامێکی ئیجابیی پێشبڕکێی دیموکراسییە.

بەڵام، ئەگەر بە شێوەیەکی دیاریکراوتر لەسەر لیستی گۆڕان قسە بکەین، پێموایە ئەم هێزە سنووردارییی خۆیشی هەیە. ئەزموونی شەخسیی رابردووی سەرکردەکانیو ئەوەی تا ئێستا لە گۆڕەپانەکە دەیبینین ئەوەیە کە ئەم رەوتە مەحکومە بە لۆکاڵیبوون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم هەلومەرجانە، من هێشتا گومانم هەیە لەوەی ئەو هێزە بتوانێت تایبەتمەندیی جەماوەریی خۆی لە سنووری سلێمانی بپەڕێنێتەوە بۆ شارو ناوچەکانی دیکە.

توانای بەردەوامیی ئەو گۆڕانە لە دوای هەڵبژارنەوە دەردەکەوێت، ئەویش بەوەی کە چۆن بەرنامەڕێژیی کاری سیاسیی داهاتووی خۆی دەکاتو چ مۆدێلێکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی دەخاتە بەرنامەی کاریەوە. ئەوەی لە بەرنامەی بەر لە هەڵبژاردنی لیستی گۆڕاندا دەبینین پڕە لە داواکاریی جەماوەری، وەلێ ئەوەی تێیدا بەدی ناکرێت مەسەلەی وردبینییە لە خستنەڕووی بەرنامەی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکەی. ئەو بەرنامەیە دەشێت بە کەڵکی خەڵک لەدەوری خۆکۆکردنەوە بێت، بەڵام شتێکی لە ریشەوە جیاوازمان لە پەرلەمانو حکومەتەوە بۆ بەرهەمناهێنێت کە لە هەنگاوەکانی پێشوو جیاواز بێت یان ئەوپەڕەکەی دەتوانن داواکاریی جەماوەریی بە زمانە جۆرنالیستییەکەی بخەنەڕوو، بەڵام گۆڕانی گەورە بە بەرنامەو سیاسەتی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە دەبێت. نەیارانی ئەمڕۆی دەسەڵات نابێت تەنیا هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو شتانە بۆ جەماوەر بدەن کە دەسەڵات لە خولی رابردوودا نەیکردوون، بەڵکو دەبێت لە رووی تیۆریشەوە بە میکانیزمە پێشنیازکراوەکانی ئیدارەکردنی پێشووشدا بچنەوە کە بڕیار بوو جێبەجێبکرێن، بەڵام نەکران، بەشێوەیەکی کاراتر بیانخەنەڕوو.

بانگەوازی
کۆمیتەی رێکخستنەوەی (پاسۆک)

سڵاوی ئازادیو سەربەخۆیی

ئەندامانی کۆمیتەی ئامادەکاری رێکخستنەوەی پاسۆک، بە کۆدەنگیی هاوبیرانی نەتەوەیی، لە هەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستاندا بڕیاریاندا قەوارەی سیاسیو سازمانگەری خۆیان رێکبخەنەوە.

رەوشی ئەمڕۆی باشووری کوردستانو دۆزی کورد بەگشتی لەرووی سیاسیو ئیداریو حکومڕانییەوە، زیاتر لە هەموو مێژووی کۆنو نوێی، پێداویستی بە توانای هێزە سیاسییە دڵسۆزەکانە، بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی دامەزراوەییو دیموکرات.

پاسۆک وەک رەوتێکی کوردستانیانەی نێو بزاوتی رزگاریخوازی نیشتمانی، مێژوویەکی سەلمێندراوی هەیە. نەخشی لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانیدا هەبووە، دیدو جیهانبینی تایبەتی هەبووە لە هەمبەر کێشەی کوردو پێگەی حیزبی سیاسی لە هۆشیارکردنەوەی تاکی کورددا، بە دیدی پاسۆک حیزب هۆکاربووە بۆ ئامانجی بەرزی نەتەوە نەک بەپێچەوانەوە، لەو روانگەیەوە ساڵی (١٩٩٢) پرۆسەی یەکگرتنی (حسک، گەل، پاسۆک) دروستبوو. دواتریش لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا یەکیانگرت، بەشێکی ئەندامانو کادیرانو سەرکردەکانی بەو یەکگرتنە رازی بوون، بەشێکی دیکەشیان ناڕازی بوون، بەداخەوە ئەندامانو لایەنگرانی پاسۆک، لە بری ئەوەی لەناو پارتی دیموکراتی یەکگرتوودا کاراتر بنو لە بنیادنانەوەی سەرجەم ساختاری جڤاکی کوردستاندا دەرفەتی بەشداریکردنیان بۆ سازبکرێت، رۆژ بە رۆژ دەرفەتی کارکردنی سیاسیو جڤاکیو بەشداریکردنیان لێ بەرتەسککردنەوەو ناچالاککران. هاوکات ژینگەیەکی نامۆ بە هزری نەتەوەییان دروستبوو کە بە ئاراستەی شەڕی ناوخۆو گەندەڵیدا رۆیشت، تا کار گەیشتە لەدەستدانی دەرفەتی سەربەخۆییو گێڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکان، تەنانەت ناوهێنانی هاوبیرانی پاسۆکو ئەو مێژووی خەباتو تێکۆشانەشیان لە ئەدەبیانو میدیاکاندا بەشێوەیەک لە شێوەکان، سانسۆرکرا.

ئامانجی ئێمە لە نوێبوونەوەو رێکخستنەوەی خەباتی سیاسیو رێکخراوەیی، بەوپەڕی روونییەوە، رێکخستنەوەی هاوبیرە دڵسۆزە بەئەمەکەکانی کوردایەتییە، بۆ بەشداری راستەوخۆی رەوتی پاسۆکو ئەجێندای نەتەوەییەکان لە پرۆسەی بنیادنانی حکومەتێکی کوردی ئازادو دیموکراتو ناگەندەڵدا.

کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی جیهان، مافی سەرەتاییو ئینسانی خۆیەتی دەوڵەتی ناسیۆنالی تایبەت بە خۆی هەبێت، لەژێر سایەی ئەو دەوڵەتەدا هەموو هاوڵاتییەکانی بە هەموو گروپە ئەتنیو دینییەکانیەوە، بتوانن ئازادانە بژینو مافەکانیان، لە زمانو رێکخراوەییو رێوڕەسمی ئایینیو مەزهەبی دابینبکرێن.

هاونیشتمانانی هێژا... کوردستانیانی ئازیز...

وڵاتەکەمان، دابەشو داگیرکراوە. نەتەوەکەمان تا ئەم ساتانەش لە خەباتێکی نەپساوەدایە بۆ ئازادیو مافە سەرەتاییە مرۆییەکانی. وەلێ مەخابن تائێستاش نەمانتوانیووە کارێک بکەین کوردستانمان سەربەخۆو نەتەوەکەمان ئازاد بێت. بۆ سەربەخۆییو ئازادی کوردو کوردستان، ئەرکێکی زێدە مەزن لە ئەستۆی دڵسۆزانی گەلەکەماندایە. ئێمەی بەرۆگرانی رەوتی نەتەوەیی لە کوردستاندا بۆ ئەو مەبەستە ماڵی لێکترازاوی خۆمان رێکدەخەینەوە تا لە ئاستی ئەو ئەرکە پیرۆزەدابین.

لێرەوە بانگی هەموو خوشکو براکانمان دەکەین، لە هەر کوێیەک بن، تا هەموومان پێکڕا وڵاتمان ئاوەدانو سەربەخۆ، نەتەوەمان ئازادو با فەرهەنگو هۆشیاربکەین.

پسانی ئەڵقەی کۆتی چەندین سەدەی دیلێتیمان، بە دامەزراندنی سیستمێکی فرەمەودای فێرکاری سەردەمیانە دەبێت. بە بواردان دەبێت بە میدیایەکی ئازاد، بە دەرفەتی بەشداریکردنی سەرجەم جڤاتی کوردستان دەبێت بە هەموو چینو توێژو پێکهاتەکانیەوە.

ئێمە نامانەوێت چیدی نەوەکانمان دیلو کۆیلەبن..! کاری جدیی دەکەین بۆ هۆشیارکردنەوەی نەتەوەیی، بۆ دژایەتی گەندەڵی، بۆ پێکهێنانی مانیفێستی کوردی. بۆ بە جیهانیکردنی دۆزی کوردو بۆ دروستکردنی لۆبی کوردی..!

لە پێناوی دواڕۆژێکی ئازادو سەربەخۆدا بۆ خۆمانو نەوەکانی داهاتوومان، هاتینەوە مەیدانی خەباتو تێکۆشانی سیاسی سازمانگەرییەوە. ئامانجمان گۆڕانە لە سەرجەم ساختاری جڤاکیو سیاسیو ژینگەییو حوکمڕانیدا. بۆ ئەم ئەرکەش پێویستمان بە ویستی بەرزو فرەمەودای هەموو دڵسۆزانو بوێرانی نەتەوەی کوردە. هەموومان پێکەوە کوردستانێک دروستدەکەین کە هاوڵاتییەکانی مافیان پارێزراوو دواڕۆژیان مسۆگەرو ژیانیان ئارامو رێزلێگیراوبێت.

خەباتمان بۆ ئەوەیە کوردستان، قەوارەیەکی حوکمڕانی وایان هەبێت. لە ئاستی داخوازیەکانیاندا بێتو هاوڵاتیبوون چ پەیوەندیەکی راستەوخۆی بە پابەندیی حیزبیو جێندەریو ئەتنیو دینیو ناوچەییەوە نەبێت.

ئێمەی هاوبیرانی پاسۆک.. لەو روانگەیەوە، بە گیانێکی دڵسۆزیو ئەمەکدارییەوە بۆ خاکو نەتەوەکەمان، سوێند دەخۆین بە خاکی پیرۆزی نیشتمان، بە خوێنی گەشی شەهیدانی نەتەوەکەمان، لەگەڵ دڵسۆزانی کوردستاندا هەنگاو بە هەنگاو خەباتبکەین بۆ ئازادیو سەربەخۆیی هەموو نەتەوەی کورد، دەبێت کوردی نەتەوەیی لە سیاسەتی ئەمڕۆمانداو لە پاراستنی ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستاندا دەرفەتی بەشداربوونیان هەبێت.

داوا لە دڵسۆزانی نەتەوەکەمان دەکەین لە هەر شوێنو بەرەو جێیەکدان، برینی رابوردوو سارێژبکەنو تۆوی تەباییو کوردایەتی بچێننو بۆ پشتگیریکردن لە دروستکردنەوەی پاسۆک بە دەنگمانەوە بێنو هاوکارمان بن، لەبەر رۆشنایی بیری چاک، وتەی چاک، رەفتاری چاکدا بەشداریمان بکەنو پێوانەی (چاکیش) بەرژەوەندی نەتەوەییو نیشتمانییە.

هەر شەکاوەیە ئاڵای پیرۆزی کوردایەتی

نەمریو سەربەرزی بۆ شەهیدانی رێگای ئازادیو سەربەخۆیی

کۆمیتەی ئامادەکاریی پاسۆک

کەرکوک/ ٢٨ی پوشپەڕی (٢٧٠٩)ی کوردی

بەرامبەر بە (١٩)ی تەمووزی (٢٠٠٩)ی زاینی.

بەخشینەوەی مانا بە دیموکراسیەت!

نامۆ عەبدوڵڵا

لە تورکێکیان پرسی، کەی لە وڵاتی ئێوە دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان دەزانرێت، وتی: «رۆژێک دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان»، بەڵام لە ئەمریکییەکیان پرسی ئەی لە وڵاتی تۆ، لەوەڵامدا وتی: «هەر هەمان رۆژ، بەڵام چەند کاتژمێرێک دوای دەنگدان. کاتێک ئەم پرسیارەیان رووبەڕووی کەسێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کردەوە، لەوەڵامدا وتی: «لە پێش هەموواتن، مانگێک پێش هەڵبژاردن ئێمە دەرەنجامەکان دەزانین».

هەرچەندە ئەمەی سەرەوە نوکتەیەکە، بەڵام دەرخەری واقیعی ئەم ناوچەیەی ئێمەیە، ئەم ناوچەیە کە سیستمە پاشایەتیو دیکتاتۆریو تیۆکراسییەکان حوکمڕانی دەکەن، واتا لەم وڵاتانەدا لە بری ئەوەی گەل سەرچاوەی سەروەری بێت، تەنیا کەسێک، بنەماڵەیەک یان چەند بنەماڵەیەک تەواوی سەروەریو بڕیارە چارەنوسسازەکانیان بۆخۆیان مۆنۆپۆلکردووە،

کوردستان بەدەرنەبووە لەم ناوچەیە، لەماوەی ڕابردوودا بەهیچ شێوەیەک ناکرێت بڵێین کوردستان وڵاتێکی گەلسالار بووە، بەهیچ شێوەیەک لە کوردستان دەسەڵات وەکو ئەبراهام لینکۆڵن دەڵێت: دەسەڵاتێک نەبووە «لە خەڵکەوەو بۆ خەڵک بێت».

بۆ یەکەمجار هەرێمی کوردستان لە (١٩)ی ئایاری ساڵی (١٩٩٢) هەڵبژاردنی سازدا، ئەم هەڵبژاردنە خەڵکی تارادەیەک ئازادانە دەنگیاندا، دواتر پارتەکان یەکتریان بە ساختەکاری تۆمەتبارکرد، تا دواجار دوو پارتە بەهەژمونەکەی کوردستان هیچیان قبوڵی نەکرد مل بۆ ئەوی دیکەیان بدات، دوای ماوەیەک حوکمڕانی (فیفتی-فیفتی)، هەڵنەکردنی پارتیو یەکێتی لەگەڵ یەکتردا شەڕێکی ناوخۆیی بۆ ئەم میللەتە بە دیاری هێنا، لەو شەڕەدا هەزارەها لاوی کورد بوونە قوربانی.

ساڵی (٢٠٠٥)و دوو ساڵ دوای ڕووخاندنی رژێمی دیکتاتۆری سەدام، حکومەتو پەرلەمانی کوردستان جارێکی دیکە بۆ نوێکردنەوەی شەرعیەت هەڵبژاردنیان ئەنجامدایەوە، لەم هەڵبژاردنەدا نەبوونی ڕۆحیەتی تۆلێرانس وای لە پارتیو یەکێتی کرد، دیموکراسی هەرێمەکە لە تەواوی ماناکانی بەتالبکەنەوە، ئەم دوو گەورە حیزبە بگرە لەگەڵ چەند حیزبێکی دیکەشدا بە بەستنی هاوپەیمانێتیەکی پێشینەیی هەڵبژاردنیان لە پرۆسەیەکی مونافەسە ئامێزەوە گۆڕی بۆ لە مااڵ دەرچوونێکی بە کۆمەڵ، خیارێکیان لەبەردەم تاکی کورددا نەهێشتەوە، بێزاریو هەستی قۆتەرئاپەتی (voterapathy))یان لای تاکی کورد دروستکرد، ئیدی دەنگدەر دەنگی بدایە یان نا هیچ بەهاو مانایەکی نەبوو، ئەم هەستی قۆتەرئاپەتیە ئیستاش کاریگەریی لەلای زۆرێک تاکی ئەم میللەتە ماوە، ئاخر بیربکەنەوە چەندە بێمانایە ئەگەر بێتو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا کۆماریيەکانو دیموکراتەکانی ئەمریکا بەیەک لیست دابەزن؟ تۆبڵێی خەڵکی ئەمریکا ئەمە قبوڵبکات؟ ئایا یەکسەر نااڵین ئەو مەسخەرەیە چییە بە ئێمە دەکرێت؟

لە وڵاتانی فرەییدا ئەوەی باوە ئەوەیە لیستەکان دوای هەڵبژاردن هاوپەیمانێتی دەبەستن نەک پێش هەڵبژاردن، لەو وڵاتەنەدا کە بەدەستهێنانی زۆرینە جۆرێکە لە مەحاڵ دوای هەڵبژاردن دوو پارت یان زیاتر ناچاردەبن تا بەیەکەوە ڕێکبکەونو حکومەت پێکبهێنن، بەاڵم نەک پێش هەڵبژاردن، تەنانەت پۆستەکانیش بەشبکەنو کەسی بۆ دابنێن.

پارتیو یەکێتی ئەمساڵ بەهۆی ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژییەوە ویستیان دیسانەوە دیموکراسی کوردستان بێ بەها بکەنەوە، ئەم دوو پارتە زلهێزە بەهۆی ئەم ڕێککەوتننامە ستراتیژییەوە داهاتوویان دیاریکرد.

هەڵبژاردن وەکو لە مانای وشەکەدا دیارە، واتا «لێگەڕێ خۆی هەڵبژێرێت» نەک تۆ بۆی هەڵبژێریت، دیموکراسی لە نزمترین ئاستدا، وەکو داڵ لە کتێبی پۆلیارکیدا ئاماژەی پێداوە پرۆسەی هەڵبژاردنە یاخود دیموکراسی هەڵبژاردنە، دیموکراسی هەڵبژاردن واتا «هەبوونی پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی دیارو دەرەنجامێکی نادیار». بەومانایەی دەپێت تۆ بزانیت چ کاتێک وڵاتەکەت هەڵبژاردن ئەنجامدەدات و پرۆسەکە چۆن چۆنی ئەنجامدەدرێت، لەهەمانکاتدا دەبێت تا دوا چرکەو ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، هیچ کەسێک نەزانێت کێ براوەیە، بەاڵم ئەوەی لە کوردستان دەیبینن، دێنیس ناتالی، پسپۆڕی دیموکراسی بەراوردکاری دەڵێت: دروست پێچەوانەیە، ئەو دەڵێت: «لێرە کەس نازانێت کەی هەڵبژاردن دەکرێت، بەاڵم هەموو کەسێک دەزانێت کێ دەیباتەوە».

بەتایبەتی پارتیو یەکێتی، چونکە هێندە بەهێزبوون لە چاو پارتەکانی دیکەی هەرێمەکەدا، پەرلەمانیان پرکردبوو لە ئەندامانی خۆیان، واتا پەرلەمان لەجیاتی ئەوەی نوێنەرانی خەڵک بێت، کارگەیەکی پۆست بوو بۆ ئەو ئەندامانەی پارتیو یەکێتی، کە شوێنێک نییە لەناو پارتەکانیاندا پێیانبدەن. هەڵبەتە حکومەتیش کارگەیەکی دیکەی بەخشینەوەی پۆست بوو.

وەکو وتمان هەردوو پارتی زلهێزی کوردستان کە مۆنۆپۆلی بازاڕو میدیاو هێزو ئاسایشو تەواوی ژیانی خەڵکیان لە ژێردەستدایە، ویستیان بێئەوەی شەرم بکەن بەیەکەوە دابەزنەوە مونافەسە لەگەڵ پارتە بچووکەکانی وەکو زەحمەتکێشانو سۆسیالیستو شیوعییەکانو ئیسلامییەکان بکەن، کە بەهەموویانەوە بارتەقای مووچەخۆری یەک پارتیان لایەنگریان نییە، بەاڵم کۆمەڵگە نەیتوانی هیچی دیکە تەقەبولی ئەمە بکاتو هێزی سێیەم هاتە گۆڕەپانەکەوە کە لیستی گۆڕانی نەوشیروان مستەفایە، هات وەکو فریادرەسێک دەیەوێت دیموکراسی کوردستان لە پەلەقاژە رزگاربکات، دەیەوێت ماناباداتەوە بە دیموکراسیەتو تاکی کورد لە تاکێکی مۆرکەرەوە بگۆڕێت بۆ تاکێکی ئازادو هەڵبژێرەر، دەیەوێت هەستی قۆتەرئاپەتی بسڕێتەوە، بەر لەباسکردنی ژمارەی کورسیو دەنگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکرێت بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنی ئەمجارە بەیەکێک لە دەستکەوتەکانی ئەو بزووتنەوەیە ئەژماربکرێت. ئەگەر سەرهەڵدانی بزووتنەوەی گۆڕان نەبوایە، ئایا زیاتر لە (٨٠٪) خەڵکی دەچوو بۆ کۆمسیۆن تا جەخت لە ناوەکەی خۆی بکات؟

namoabdulla@ymail.com

کوردستانو زەرورەتی گۆڕانکاری

کۆشان عەلی زەمانی*



ئیستیغلالی نیشتمانپەروەری، ئامانجێکی فاشیزمانە

ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لەڕووی سیاسییەوە ناتەندروستە، بەشێکی زۆری پرۆسە سیاسییەکانیشی بە ناتەندروستی تێپەڕدەبێت، بەاڵم کارەکتەرە کۆنزەرقاتیڤەکانی بەڕادەیەکی زۆر هەولی شاردنەوەی کورتهێنانەکانی پرۆسە گرنگەکان دەدەن، تێڕوانینی گشتی خەڵکانی کۆمەڵگەکەشیان بەشێوازێک تەلقین دەدەن کە دەستکەوتی گەورەیان بەدیهێناوە بەوەی کە چەند پرۆسەیەکی گرنگیان «ئەنجامداوە»، بەپشتگوێخستنی پرسیاری «چۆن»و چۆنێتی ئەنجامدانی خودی پرۆسەکان.

هەڵبژاردن، وەکو چۆن یەکێکە لەو هۆکارانەی کە هاوڵاتی تاکێکی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی لە ڕێگەیەوە دەبێتە بەرپاردەر لە بەرامبەر ڕابردوو ئایندەی خۆیدا، بە هەمانشێوەش یەکێکە لەو پرۆسانەی کە لەایەن کۆمەڵگە کۆنزەرقاتیڤو پاوانخوازەکانەوە بەڕادەیەکی زۆر بە مەرامی شەرعیەتدان بە چەندین دەسەڵاتی ناشەرعی بەکارهێنراوەو ئیستیغلال کراوە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە خوێندنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرامبەر دیاردەکان ئاوەژوو کراوەتەوە، فیرعەون ئاسا هەڵەو دروستی تێکەڵکراوە، لە دواجاریشدا ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیش وەکو دەسکەوتێکی گەورەو مێژوویی سەیرکراوە.

نیشتمانپەروەریی یەکێکە لەو چەکانەی لەدوای هێتلەرەوە وەکو هۆکارێک بەکارهێنراوە بە ئامانجی چاوبەستکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە. هیتلەر لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمو ئەو سزایانەی بەسەر (ئەڵمانیا)ی ئەوکاتەدا درا، پەیمانی گەاندنەوەی «سەروەری»و شەهامەتی بۆ ئەو وڵاتە دەدا، ئیستیغلاڵکردنی نیشتمان لەوکاتەدا دوو ئامانجی سەرەکی هەبوو، یەکێکیان ئامانجێکی فاشیزمانە بوو، دووەمیش بۆ ڕاکێشانی عاتیفەو سۆزی تاکەکانی کۆمەڵگەی (ئەڵمانیا)بوو تا پشتگیرییەکی جەماوەری بەرفراوان لە پارتەکەی بۆخۆی دەستەبەر بکات کە پارتی نازی (پارتی کرێکارانی ئەڵمانی سۆشیالیستی نەتەوەیی) بوو. بەکارهێنانەوەی نیشتمانپەروەری لەاییەن هەر هێزێکەوە لە هەرکۆمەڵگەیەکدا، بە ڕادەیەکی زۆر دەچێتەوە سیاقی هەمان ئامانجەکانی (نازیزمو فاشیزمی ئەڵمانیو هیتلەری)، شتێکی سەلمێنراوە کە بەاییەنی کەمەوە یەکێک لە پێداویستییەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن ئەوەیە کە زەمینەیەکی (مادیی) هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە، ئەو زەمینەیە ئەگەر نیشتمان بێت ئەوا مۆلکی هەموانەو ئەو هێزەی کە پێیوایە دەستکەوتەکانی نیشتمان تەنها خۆی خاوەنیەتی، ئیتر بە چ ئامانجێک خۆی دەخاتە گەمەی هەڵبژاردنەوە، ئەگەر مەبەستی تەنیا شەرعیەتدان نەبێت بە دەسەڵاتەکەی خۆی، وەکو ئەوەی لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا هەیە.

سێیەری هەوڵی پرۆسەی لە چەشنی سێ پەرەگرافەکەی سەرەوە، بەسەر چەند کۆمەڵگەی هاوشێوەی کوردستانیشەوە هەیە، بەردەوامی پەرشبوونەوەی تێڕوانینی لەم چەشنە بەشێکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کلتوورە چەسپاوەی کە لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، هەروەها ئاستی هۆشیاری تاکەکانی خودی کۆمەڵگە.

لێرەدا کۆمەڵگە دەبێت بە دوو ئاراستەی سەرەکی، یەکێکیان موحافیزکارو ئەوی دیکە گۆڕانخواز. یان لەنزمترین ئاستدا ریفۆرمخواز. یەکەم هەوڵی قوڵکردنەوەی گیانی موحافیزکارانەیەو دروستکردنی چەندین سیمبوڵو موقەدەسات دەدات، چونکە هێزی کۆنزەرقاتیڤ بۆ مانەوەی خۆی پێویستییەکی زۆری بە ئەفسانەو سیمبول هەیە، لە دروستکردنی ئەو سیمبوڵو موقەدەساتانەشدا پشت بە چەندین پێکهێنەری سەرەکی کۆمەڵگەکەی دەبەستێت، ئیتر ئەو پێکهێنەرانە ئاین بێت یاخود پێکهاتە مێژوویی و ژیارییەکانی بێت، هێزی لەم چەشنە بە ڕادەیەکی زۆر شوێنکەوتووانیو تاکەکانی کۆمەڵگەکەی چاوترسێن دەکات بەوەی کە مێژوو ئەخلاقیاتی کۆمەاڵیەتیو سیاسییان لە مەترسیدایە. (هیتلەر) شکستی وڵاتەکەی بۆ (جووەکان)و بیری (سۆشیالیزم) گێڕایەوەو دژایەتی سەرسەختی ئەم دوو بزاوتەو (کۆمۆنیزمەکان)ی دەکرد، بەمەش خۆی لەاڵی کۆمەڵگەی ئەوکاتەی (ئەڵمانیا) خۆشەویست کرد، هەمان ستراتیژیش لەاییەن چەند فاشیزمی دیکەوە بەکارهاتووە.

هێزی دووەمی کۆمەڵگە کە بەرپەرچی هێزی یەکەمی کۆنزەرقاتیڤ دەوەستێتەوە، دەکرێت بە هێزی ریفۆرم ناوبنرێت، یاخود ئەگەر ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە لە ئاستێکی باڵادابوو ئەوا هێزی دووەم دەکرێت بە داخوازیکاری گۆڕان لەسەرجەمی سیستمەکە دابنرێت، چونکە هەردوو بزاوتی (گۆڕان)و (ریفۆرم) ئامانجو مەغزای تایبەتیو جیاوازیان هەیە، ئەوەی (گۆڕان) دەیکات تەواو جیاوازە لەوەی هێزێکی (ریفۆرمیی) دەیکات، چونکە گۆڕان لە ڕەگەوە ڕابردوو دەردەکێشێت، ریفۆرم تەنیا بە بەشێکی ڕابردوودا دەچێتەوە، ئەو ژینگەیەی هەریەکە لەو چەمکانەیان تێدا لەدایک دەبێت، ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر شێوازی پرۆسەکەو دەرئەنجامەکانیشی دەبێت.

گۆڕان چۆن دەکرێت

گەر باسی گۆڕانکاریو ریفۆرمی سیاسی لە کۆمەڵگەدا بکرێت، زۆربەی کۆمەڵگەکان دوو ڕێگایان هەڵبژاردووە، ئەویش گۆڕانکاری لە ڕێگای شۆڕشەوە، یاخود گۆڕانکاری لە ڕێگای پرۆسەی دیموکراسیو هێمنانەوە. هەڵبژاردنیش نموونەی پرۆسەیەکی دیموکراسیو ئاشتیخوزانەی گۆڕانو ریفۆرمی سیاسییە، ئیتر هەڵبژاردن وەکو پرۆسەیەک دەتوانێت دوو ئامانج بپێکێت، یەکێکیان گۆڕانی ڕیشەیی، ئەوی دیکە ریفۆرمی کۆمەاڵیەتی.

گەر هەڵبژاردن ئامانج تێیدا (گۆڕان) بێت، دەبێت کۆی خوێندنەوە ناتەندروستەکان لەڕەگەوە دەربکێشێتو بەها بە هەڵبژاردن بداتەوە.

پەیوەندییەکی هاوئاراستە لەنێوان هەڵبژاردنو کلتوورو خوێندنەوەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، بەشێوەیەک کە ڕادەی ئەو گۆڕانکاریو دەرئەنجامانەی لە هەڵبژاردنەکان دەکەوێتەوە پشت دەبەستێت بە ئاستی هۆشیاری خودی تاکەکانی کۆمەڵگە، بۆیە پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگە یان جوانتر بڵێین ئەو لیستو قەوارانەی لە هەڵبژاردنێکی دیاریکراودا بەشدارن، ئەگەر مەبەستیان گۆڕان بێت دەبێت ئەوەندەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیان بەاوە گرنگ بێت ئەوەندە ڕێژەو ژمارەکانیان بەاوە گرنگ نەبێت، چونکە پێشکەوتنی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە دواجار گۆڕانکاری نەوعی دەهێنێتە کایەوە.

لەاییەکی دیکەوە لە ڕێگای ریفۆرمەوە بەبێ گۆڕان لە دامودەزگا سەرەکییەکاندا هەولدەدرێت بۆ وەاڵنانی خاڵە اوازەکانی دەزگا گشتییەکان. مەرج نییە بۆ ئەنجدامدانی ریفۆرم پێویستمان بە هەڵبژاردن بێت، بەاڵم گومانی تێدانییە لە نزمترین ئاستدا پێویستمان بە هەڵبژاردن هەیە. جیاوازی ریفۆرم لەگەڵ گۆڕاندا ئەوەیە، ریفۆرم زیاتر پشت دەبەستێت بەو کارەکتەرانەی کە ئەو پرۆسەیە ئەنجام دەدەن، ریفۆرمی ڕاستەقینە ئەوکاتە دێتە بەرهەم کە کارەکتەرە ریفۆرمیستەکان لە ئاستی ئەو ئەرکە گرنگەدا بن.

لەئێستادا

ئەوەی جێگای گومان نییە ئەوەیە هیچ یەک لە ریفۆرمو گۆڕان ناکرێت ببن بە ئەلتەرناتیڤی یەکتر، بەاڵم هەریەکە لەو دووانە بزاوتێکی کۆمەاڵیەتیو سیاسی گرنگنو بەرئەنجامی خۆیان لێدەکەوێتەوە، هەموو کۆمەڵگەیەک بەردەوام پێویستی بە ریفۆرم هەیە، بەاڵم لە ئێستاداو لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەڕادەیەکی زۆر پێویستمان بە (گۆڕانێک)ی کۆمەاڵیەتیو سیاسی گشتگیر هەیە، ئەمەش بە پشتبەستن بەوەی لە پێشووەدا وترا، بەوەی کە ژینگەیەکی پێویست بڕەخسێنرێت بۆ نوێبوونەوەی کۆمەڵگەو لەناوبردنی دەمامکە فاشیزمییەکان بۆ هێنانەدی ئومێدی ئەو گۆڕانەش لە ئێستادا کۆمەڵگەی کوردی پێویستییەکی هەنووکەیی هەیە بە هۆشیارییەکی کۆمەاڵیەتی، چونکە ئەم هۆشیاریە کۆمەاڵیەتییە ئەگەر گۆڕانێکی ریشەییش نەهێنێتە بەرهەم ئەوا لە ئایندەدا گۆڕانکارییەکی تەندروست دەهێنێتە بەرهەم. گۆڕانکاری تەندروستیش دەبێت لە ئەجێندای سەرجەم هێزە جیاوازەکاندا هەبێت.

www.koshan.org *

ژنانو رۆژنامەنووسان چاوەڕێی پەرلەمانێک دەکەن ببێتە پشتیوانیان

رۆژنامە

ژنانو رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستان لە چوارسالی رابردووداو لەو رەوشە ئارامەی هەرێمی کوردستانی پێدا تێپەڕیوە، زۆرترین پێشێلکارییان بەرامبەر کراوەو ئێستاش چاوەڕێی پەرلەمانی نوێ دەکەن کە پشتیوانییان لێبکات.

بانکی زانیاری مافی مرۆڤ هەفتەی رابردوو ئاشکرایکرد، کە لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا (١٠٥٨) پێشێلکاری جیاوازیان بەرامبەرکراوە لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو دهۆکو کەرکوک، کە لە بوختانەوە دەستپێدەکات هەتاوەکو کوشتنی ژنان.

ئەلەند مەحوی، بەڕێوەبەری بانکی زانیاری مافی مرۆڤ، نیگەرانە لەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی جدیی نییە بۆ بنەبڕکردنی تووندوتیژیی بەرامبەر ژنان، سەرباقی ئەوەی وەزارەتێکی تایبەت بەژنانو وەزارەتی مافی مرۆڤو وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەندیدارن بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتیو ژنان بەتایبەتی.

سالی رابـردووش بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی تووندوتیژیی دژی ئافرەتان لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، لە سالی ٢٠٠٨دا (٣٣٣) ژن سـووتـاونو (١١٧) ژن لە هەرێمی کوردستاندا کوژراون.

ئەگەرچی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـان هەرێمەکە بە نموونەیەکی دیموکراسی ناودەبەن، بـەڵام ئـەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر ژنانو رۆژنامەنووسان دەبێتەوە ئەم هەڵوێستەی رەتکردووەتەوەو میدیاکاران ئازادیی رادەربـڕیـن تەنیا بە دروشم دەزانن.

بانکی زانیاری مافی مرۆڤ ئەوەشی ئاشکراکردووە، کە تەنیا لەم شەش مانگەی سەرەتای ٢٠٠٩دا (٦٨) رۆژنامەنووس پێشێلکارییان بەرامبەر کـراوە، ئەمە جگەلەوەی کە رۆژنامەنووسان بە لێشاو رووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە.

نەبەز گۆران، سەرنووسەری گۆڤاری جیهان، کە گۆڤارێکی سیاسییەو رەخنە لە دەسەڵات دەگرێت لە مانگی رابردوودا پێنج سکاڵای لە دژ تۆمارکراوەو پێنج جار بە کەفالەت ئازادکراوە، لەم مانگەشدا سکاڵایەکی دیکەی لە دژ تۆمارکراوە.

لـەڵایـەکـی دیـکـەوە رێـکـخـراوە نێودەوڵەتییەکان بەردەوام نیگەرانی خۆیان بەرامبەر دەسەڵاتی کوردی دەردەبڕن کە لەژێر سایەیدا رۆژنامەنووسان رووبەڕووی پێشێلکاریی دەبنەوە، وێڕای ئەوەی سالی رابـردوو یاسایەکی نوێ بۆ کـاری رۆژنامەوانی لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە.

کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەنووسان (CPJ) کە بارەگاکەی لە نیۆرکە رۆژی (٧/٢٠) لە بەیاننامەیەکدا ناڕەزایەتی خۆی نیشاندا لەوەی پاش یەک ساڵ بکوژی سۆران مامە حەمە، کە رۆژنامەنووسێکی گۆڤاری لڤین بوو دەستگیرنەکراوە.

رۆژی ٢١ی تەممووزی ٢٠٠٨ سۆران مامە حەمە لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لە بەردەرگای ماڵەوەیاندا لە کەرکوک درایە بەر دەستڕێژی گوللەو تیرۆرکرا، بەپێی وتەی رۆژنامەنووسانو وتـەی پێشتری خۆشی لە سەندیکای رۆژنـامـەنـووسـان سـکـاڵای پێشتر تۆمارکردبوو، کە لەژێر هەڕەشەدا دەژی.

بەلایەنی کەمەوە (١٣٩) رۆژنامەنووس لە عێراقدا گیانیان لەدەستداوە لەو کاتەوەی کە ئەمریکا لە ئازاری (٢٠٠٣)دا عێراقی داگیرکرد، بەلایەنی کەمەوە (٨٩) لەو رۆژنامەنووسانە بە ئەنقەست کوژراون، بەپێی لێکۆلینەوەکانی کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەنووسان، بکوژانی هیچ یەکێک لەو حاڵەتانە رووبـەڕووی دادگا نەکراونەتەوە.

ئەلەند مـەحـوی دەڵـێـت: «ئومێد دەخوازین پەرلەمانی ئایندەی کوردستان بەشێویەکی جدیی کاربکات بۆ بنەبڕکردنی تووندوتیژییو پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتیش ژنـانو رۆژنامەنووسانو زیندانییەکانو مندااڵن».

ئاماری ئەو پێشێلکاریانەی کە لە (٦) مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا رووبەڕووی رۆژنامە نوسان بۆتەوە

ژ	جۆری پێشێلکاری	پارێزگای هەولێر	پارێزگای سلێمانی	پارێزگای دهۆک	پارێزگای کەرکوک	سەرجەم
1	زیندانیکردن	1	10	5	0	16
2	ڕێگرتن لەکار	7	1	1	1	10
3	لێدان	2	0	4	2	8
5	غەرامەکردن	1	1	0	0	2
6	هەڕەشەلێکردن	8	9	0	0	17
9	جنێودان و سوکایەتی	2	7	0	2	11
10	لێسەندنی پێداویستی	0	0	2	0	2
13	دەرکردن لەکار	0	2	0	0	2
15	سەرجەم	21	30	12	5	68

ئاماری ئەو پێشێلکاریانەی کە لە (٦) مانگی یەکەمی ٢٠٠٩دا رووبەڕووی ژنان بووەتەوە

ژ	جۆری پێشێلکاری	پارێزگای هەولێر	پارێزگای سلێمانی	پارێزگای دهۆک	پارێزگای کەرکوک	سەرجەم
1	خۆسووتاندن	41	41	4	8	94
2	خۆکوشتن	9	9	1	2	21
3	لێدان و ئەشکەنجە	55	227	5	15	302
4	کوشتن	7	12	4	8	31
5	خۆخنکاندن	3	7	3	0	13
6	جنێودان و سوکایەتی	6	11	0	3	20
7	بریندارکردن	0	1	0	4	5
8	فراندن	2	2	2	1	7
9	هەڕەشەلێکردن	55	179	0	3	237
10	دەرمانخواردن	4	12	1	0	17
11	دەستدرێژی سێکسی	8	18	0	3	29
12	زیندانیکردن	0	1	0	0	1
13	سوتان	31	101	1	5	138
14	نازادی زەوتکردن	10	4	0	0	14
15	هەڕاسانکردن	5	6	0	0	11
16	دەرکردن	9	2	0	3	14
17	سوتێنەراو	0	1	0	0	1
18	تەحەروش	6	16	0	2	24
19	فێلکردن	8	2	0	0	10
20	بەزۆربەشوودان	2	1	0	0	3
21	خنکانی نادیار	1	0	0	0	1
22	سووتانی نادیار	5	4	0	0	9
23	خۆبریندارکردن	6	0	0	0	6
24	دابیننەکردنی خەرجی	1	0	0	0	1
25	بریندارکردن بەگوولە	15	1	0	8	24
26	هەوڵی کوشتن	4	6	0	1	11
27	دەستگرتن بەسەرشتومەک	3	0	0	0	3
28	فێرکردنی بەدرەوشتی	1	1	0	1	3
29	بوختان	1	0	0	0	1
30	بردنی منداڵ	3	1	0	0	4
31	ڕێگری لە شووکردن	0	2	0	0	2
32	لە باربردنی منداڵ	0	1	0	0	1
33	سەرجەم	301	669	21	67	1058

ـــارنـــامەی دە ســـاڵ *



ئەنجومەن لە چوارچێوەیەکی ڕۆشنتر باس دەکات.

لە مادەی سی‌و سێهەم دا هاتوە:

«لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن لەیەکەم خولیدا کە دوای هەڵبژاردن دەبەستریێ پێکدەهێنریێ و لەپێکهێنانیدا ئارەزوی ئەندامان و پسپۆریان ڕەچاو دەکرێ».

مادەی سی وچوار خودی لیژنەکان دیاری دەکات:

«لیژنە هەمیشەییەکان بریتی دەبن» لە:

یەکەم :لیژنەی کاروباری یاسایی: لیژنەی کاروباری یاسایی لەگشت ئەو یاسایانە دەکرێتەوە کەشێوەیەکی یاساییان هەیەو بۆی ڕەوانە کراون. هەروەها دارشتنی یاساکان و پوختی و ڕەوانیان لەروی یاسایی و زمانەوانیەوە، لەئەستۆ دەگرێ و دەیخاتە بەردەم ئەنجومەن بۆ لێدوان. دەشبێ زۆربەی ئەندامانی لەوانەبن کە بڕوانامەی زانستگاییان لە یاسادا هەیە.

دووەم: لیژنەی کاروباری دارایی و ئابوری: لەوکاروبارانە دەکرێتەوە کە پەیوەندیان بەبودجەی گشتی کوردستان و حسابی (کۆتایی)و بودجەی ئەنجومەنەوە هەیە. ڕاپۆرتی خۆی لەبارەی هەمو بەشەکانی بودجەو هەمو بوارەکانی بە بودجەی ئەنجومەن و هەمو کاروبارێکی تری دارایی و ئابوری و ژمێریاری بازرگانیەوە کەپیی دەسپێردرێ، پێشکەش بەئەنجومەن دەکا.

سێیەم: لیژنەی کاروباری کشتوکاڵ و ئاودێری: لەوکاروبارانە دەکرێتەوە کەپەیوەندیان بەکشتوکاڵ و چاککردنی باخ و دارستان و سامان و تەندروستی ئاژەڵ و خاک وهسارچاوەی ئاوئاودێری لەکوردستاندا هەیە و چاودێری پەرەپێدانیان دەکا.

چوارەم: لیژنەی کاروباری پەروەردە و فێرکردن: لەوکاروبارانە دەکرێتەوە کەپەیوەندیان بەپەروەردە و فێرکردنەوە هەیە لەکوردستاندا.

پێنجەم:لیژنەی کاروباری خوێندی باڵا: لەوکاروبارانە دەکرێتەوە کەپەیوەندیان بەخوێندنی باڵاوە هەیە لەکوردستاندا.

شەشەم: لیژنەی کاروباری تەندروستی کۆمەڵایەتی: لەوکاروبارانە دەکرێتەوە کەپەیوەندیان بەتەندروستی گشتی و دەزگاکانی و زامنکردن و چاودێرکردنی کۆمەڵایەتی و دایکایەتی و منداڵ و خێزانی شەهیدان و پەککەوتە و بزربوانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستانەوە هەیە.

حەوتەم: لیژنەی کاروباری کەلتور: لەوکاروبارانە دەکرێتەوە کەپەیوەندیان بە باری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەریو وەرزش و بلاوکردنەوەی هۆشیاری نیشتمانیپەروەری و ڕزگاریخوازیەوە هەیە. لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی باری تایبەتی نەتەوەیی کەمایەتیەکان (ئاشوری، تورکمان، عەرەب و ئەوانی تر).

هەشتەم: لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی: لەوکاروبارانە دەکرێتەوە کەپەیوەندیان بە ئەوقاف و بایەخدان بەشەرع و زانست و بەها پیرۆزەکانی ئیسلام و ڕۆلی مزگەوتەکان و دەرخستنی دەوری مێژویان لەپەروەردەکردنی گەلی کوردی موسوڵماندا هەیە.

نۆیەم: لیژنەی کاروباری ناوخۆ: لەو کاروبارانە دەکرێتەوە کەپەیوەندیان بە ئیدارەی گشتی و ناوخۆو ئاسایشو پۆلیسی بەرگری مەدەنیەوە هەیە.

دەیەم: لیژنەی نەخشە کێشان و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان: نەخشەی پێوست بۆ پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و نیشتەجێ کردن دادەنێ.

یانزەیەم: لیژنەی کارگوزاری گشتی: لەوکاروبارانە دەکرێتەوە کەپەیوەندیان بەشارەوانی و هاوینەهەوارو شوێنەوار و ئاو ئاوەڕۆو کارەبا و تەلەفون و گواستنەوەو ڕێگاوبانەوە هەیە.

دوانزەیەم: لیژنەی پیشەسازی وزەو کانزاکان: لەو کاروبارانە دەکرێتەوە کەپەیوەندیان بەخستنەگەڕی کارگەکانو پەرەپێدانی سودبینین لەسامانی سروشتی و کاروباری وزەو پاراستنی ژینگەوە هەیە لەکوردستاندا.

سیانزەیەم: لیژنەی کاروپاری پێشمەرگە: لەو کاروبارانە دەکرێتەوە کەپەیوەندیان بەپێشمەرگەو یەکخستنی هێزەکانیەوە هەیە.

چواردەیەم: لیژنەی پەیوەندیەکان: کاروباری پەیوەندیەکانی ئەنجومەن لەناوە و دەرەوەدا هەڵدەسوڕێنێ.(٤)

بەو جۆرە ڕون دەبێتەوە کە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لە یەکەم سالی دامەزرانیدا چواردە لیژنەی پیناسە کردوەو ئەرک و فەرمانی هەرکام لەوانیشی ڕیکخستوە و ئەم لیژنانە سەرلەنوی بە پێی بریاری ژمارە ٢٧ی سالی ١٩٩٤ ڕێکخراونەتەوە .

لەو سالانەی ئیمە تویژینەوەمان لە بارەوە کردون زۆر جار لیژنەی تریش لە لایەن پەرلەمانەوە پیکهاتون، بەلام ئەو لیژنانە کاتی بون واتە بۆ گرفتیکی دیاریکراو پیکهاتون و دواتر هەلوەشاونەتەوە. نمونەی ئەوەش بریارەکانی ژمارە ١٨ و ٢٨ ی سالی ١٩٩٤ن کە یەکەمیان بۆ بەدواداچونی بەندەکانی بەڵگەنامەی هەلویستی پەرلەمان بو لە ڕوداوەکانی مانگی مایس و حوزەیرانی ١٩٩٤ و دوەمیش بۆ بەدواداچونی ڕوداوەکانی ڕۆژی ١ی ١٠ی ١٩٩٤ بوە لە چەمچەمال.(٥)

داخوازی دووەم: دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی

ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لەژمارەیەک بڕگەی «یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان» (١٩٩٢) دا دیاری کراون.(٦)

مادەی (٥٦)ی یاساکە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی لەیانزە بڕگەی جیاوازدا دیاریکردوە بەم شێوەی خوارەوە:

١ـ دارشتنی یاساکان.

٢ـ پەسەندکردنی پەیماننامەو وردبونەوە لەکێشە چارەنوسسازەکانی گەلی کوردستانی عیراق و دیاریکردنی پەیوەندی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند.

٣ـ ناونانی سەرۆکی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن کە ئەویش دەسەڵاتی ناونانی ئەندامانی دەسەڵاتەکەی هەیە لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن و هی تردا.

٤ـ بەخشینی متمانە بەدەسەڵاتی ڕاپەڕاندن یان سەندنەوەی متمانە لێی.

٥ـ چاودێری لەسەر چالاکیەکانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن.

٦ـ پێکهێنانی لیژنە بۆ تویژینەوە لەهەر گرفتێک کە بیەوێ.

٨ـ دانانی پەیرەوی ناوخۆی و دیاریکردنی میلاکاتەکانی و پەسەندکردنی بودجەکەی و دامەزراندنی کارمەندەکانی.

٩ـ پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی لەنێوان ئەندامانی دا بەپێی پەیرەوی ناوخۆی.

١٠ـ دانانی ڕێسای تۆمەتبارکردن و دادگاییکردنی ئەندامانیدا لەحالەتی سەرپێچیان لەشەرەفی ئەو سوێندەی کە خواردویانە.

١١ـ بڕیاردان لەو تانانەی کە پێشکەشی کراون سەبارەت بە ڕاستی و دروستی هەڵبژاردنی ئەندامەکانی، وە ئەندامەتی تیایدا پوچەڵ نابێتەوە مەگەر بەبڕیارێک کە لەلایەن سێ لەسەرچواری ئامادەبوانی نەبێ.

ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینیە لە یاسای ئەنجومەندا ئەوەیە کەمەسەلەی «لێپرسینەوە» لەئەندامانی دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەگشتی و خودی دەستەی وەزیران وەک یەکەیەکی بەرپرس لەبەرامبەر ئەنجومەندا لەخاڵی (٦)ەمدا بەگشتی ئاماژەی پێدراوە و پێدەچێ دارێژەرانی یاساکە بەلایانەوە گرنگ نەبوبێ کەمەسەلەی پەیوەندی نێوان دەزگای یاسادانان و ڕاپەڕاندن بەچەند وردەکاریەکی زیاتری یاسایی ئاڵۆز بکەن و ئەم مەسەلەیە گواستراوەتەوە بۆ پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەن(مادەی ٥٦) (٧).

ئەمەش لەکاتێکدایە کە دەکرێ بڵێین ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لەماوەی ١٠ساڵی تەمەنیدا (١٩٩٢ـ ٢٠٠٢) ڕوبەڕوی زۆرترین ڕەخنە بۆتەوە لەو ئاقارەدا کە نەیتوانیوە بەپێی پێویست و بەپێی گەشەکردنی دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستان لەدەزگای ڕاپەڕاندن بپرسێتەوە و ئەرکو ستراتیجیەکانی دیاری بکات.

مەسەلەی لێپێچینەوە لەدەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ــ بێگومان ــ دەکەوێتە جەرگەی کارەکانی دەسەڵاتی یاسادانانەوە چونکە بەبێ ئەو لێپرسینەوەیە ڕۆڵی دەزگای یاسادانان بەتەواوی کەم ڕەنگ دەبێت و ئەنجومەن ئەو قورساییەی پێویستە لە لەکۆمەڵدا هەیبێ نایمێنێ: «هەمو ئەوەی دەوترێت سەبارەت بەدەسەڵاتی سیاسی و لەبارەی ئەوەوە کەدەبێ مل بدات بەو ئیلتزامە یاساییانەی دەکەونە سەرشانی ودەبێ بە باشترین شێوە جێ بەجێیان بکات، بەومانایە نیە کەجێ بەجێیان دەکات بەهەمان ئەو شێوەیەی تاکی ئاسایی دەیکات لەبەرامبەر یاسای ئاساییدا.

ناشێ ئیلتزامی یاسایی بەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا فەرزبکرێ ئەگەر ئەو ئیلتزامە هاوشان نەبێ لەگەڵ سزایەکی یاسایی لەکاتی سەرپێچی کردندا» (٨)

ڕاستە پەیرەوی ناوخۆی ئەنجومەن ڕێگەی داوە بەئەندامان تا لەکاتی سەرپێچی و کەموکوڕیدا لەدەزگای سیاسی و جێبەجێکردن بپێچنەوە، بەڵام ئەوەی لە کارنامەی سالانی نێوان ١٩٩٢ـ ٢٠٠٢ی پەرلەماندا ئەبینرێ ئەوەیەکە کەمترین لێپرسینەوە لە دەزگای جێبەجێکردن کراوە و ئەمەش بێگومان کاریگەریەکی زۆری هەبوە لەسەر کەمبونەوەی هەیبەتی پەرلەمان وەک ئامرازێکی گرنگ بەدەست کۆمەڵانی خەڵکەوە بۆدەستخستنی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان.

ڕەنگە حاڵەتێکی تر لەکوردستان هەبێ کە بۆ تویژینەوەی ئێستامان بتوانێ بەرچاوڕونیەکی باشتر بدات بە دەستەوە ئەویش ئەوەیە کە بزانین لەباتی جیاکردنەوەی بەکردەوەی دەسەڵاتەکان لەوڵاتدا، شایەدی ئەوەین کە جۆرێک لە سیستەمی ناوەندێتی دەزگای ڕاپەڕاندن حکومرانە و ئەوەش بەبۆچونی (جۆن لۆک)لەگەڵ پرەنسیپەکانی دیموکراسیدا ناگونجێ کە سەرجەم حزبە دەسەڵاتدار و بێدەسەڵاتەکان بانگەشەی دەکەن.

«لەو وڵاتانەدا کەهیچ دەسەڵاتێکی یاسادانانی هەمیشەیی تێدانییەو دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەدەست یەک کەسەو ئەوکەسەش بەشی لە دەسەڵاتی یاسادانادا هەیە، ڕەوایە ئەم کەسە بەخاوەنی دەسەڵاتی باڵا ناوبنرێ»(٩)

چالاکییەکانی سالانی دامەزراندنی پەرلەمان و شەڕی ناوخۆ کە پەرلەمان تیایداکەوتبۆبەر هێرشی لایەنە ناکۆکەکان، هەروەها سیاسەتی جێبەجێکراوی دە ساڵەی نێوان ١٩٩٢-٢٠٠٢ بۆمان ساغ دەکاتەوە ئەوەی لە کوردستان کاری لەسەرکراوە و کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵی ڕوبەڕو بون، ئەو سیاسەتانە نەبون کەچاوەڕوان دەکرا لەلایەن دەزگای یاسادانانەوە بەهۆی سەربەخۆیی فیکری و پێداگرتنی لە سەر بەرژەوەندی بالای میللەت هاتبێتنە دارشتن ، بەڵکو زۆربەی یاساو بریارەکان لەلایەن کەسێک یان چەندکەسێکی دەسەڵاتی بالاوە سەپێنراوە کە دەسەڵاتی یاسادانان بەهیچ جۆرێک بۆ ئەوان ئەو بایەخەی نەبوە کە لە ولاتە دیموکراتیەکاندا هەیبوە و هەیەتی.

ئەوەش لە کاتێکدا کە سیستەمی پارلەمانی ، بەوتەی یاساناس (بارتمی) : «سیستەمێکی حوکمڕانیە کە بنەمای یەکسانبونی هەردو دەسەڵاتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن بەجۆرێکە کە مەسەلەی هەلسوڕاندنی سیاسی کاروباری گشتی زادەی هاوکاری تەواوی نێوان پەرلەمان و سەرۆکی دەوڵەتە، ئەویش لەڕێی وەزارەتی بەرپرس لەبەردەم پەرلەماندا»(١٠)

وردبونەوەیەک لەو یاسا و بڕیارانەی لە ماوەی سالانی ١٩٩٢ـ٢٠٠٢دا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسند کراون دەریدەخات کە ئاستی سەربەخۆیی و توانای بڕیاردانی پەرلەمان لەئاست دەزگای ڕاپەڕاندنا بەجۆرێک بالادەستی حزبەکان و پەراوێزبونی پەرلەمانی پێوە دیارە کە دەتوانین بڵێن هەر چاودێریکی سەرپێیی دەتوانێ هەستی پێ بکات.

لەکۆی (٢٩٦) بڕیارو یاسای پەرلەمان کە لەماوەی ١٠ساڵی تویژینەوەکەماندا پەسەند کراون (١٧٨ بڕیارو ١١٨ یاسا)، زۆربەیان پەیوەست بەوکێشانەوەیە کە گرفتێکی کارگێڕی چارەسەر دەکەن و کەم یاسا و بڕیار هەن جۆرێک لە ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ دەزگای سیاسی و ڕاپەڕاندنا لەخۆبگرن.

ڕاستە هەرکام لە بڕیارویاساکان مەسەلەیەکی پیویستیان لە قالبی بڕیارو یاسادا دارشتوە، بەڵام نغرۆبونی دەزگای یاسادانان لە وردەکاریە کارگێڕیەکاندا وای کردوە پەرلەمان کێشە گەورەکانی وەک بودجەو ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و پرسینەوە لە دەزگای ڕاپەڕاندن و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و وڵاتانی دراوسێ و کێشەی کورد لە پارچەکانی ترو کێشەکانی پەنابەرانی کورد وەک ئەرکی سەرەکی خۆی نەبینێ.

بەم شێوەیە دەبینین پەرلەمانی کوردستان، سەرەڕای هەبونی چوارچێوەی یاسایی بۆ کارەکانی و سەرەڕای لەئارادابونی زەمینەی سیاسی و کارگێڕی لەبار بۆ پیادەکردنی دەسەلاتەکانی، نەیتوانیوە لەئاست ئەو ئەرکە مێژوییەدا بێ کە خەڵکی کوردستان چاوەڕێی دەکەن پەتایبەت گەر بزانین لە سەرجەم وڵاتانی دیموکراسی دونیادا تەنها دەزگای یاسادانان بەهۆی هەلبژاردنەوە پێک دێت و هاوڵاتیان دەتوانن لەپێکهاتەیەکدا ڕۆڵیان هەبێ.

دەزگاکانی دادوەری و ڕاپەڕاندن لەڕێگای میکانیزمی ترەوە کەسەکانیان دیاری دەکرێت و هاوڵاتیان ڕۆڵێکی ناراستەخۆیان هەیە لەدەستنیشانکردنی کەسایەتیەکانیدا..

بۆ ل ١٢-١٣

مەسەلەی لێپێچینەوە لەدەسەڵاتی ڕاپەڕاندن ــ بێگومان ــ دەکەوێتە جەرگەی کارەکانی دەسەڵاتی یاسادانانەوە چونکە بەبێ ئەو لێپرسینەوەیە ڕۆڵی دەزگای یاسادانان بەتەواوی کەم ڕەنگ دەبێت و ئەنجومەن ئەو قورساییەی پێویستە لە لەکۆمەڵدا هەیبێ نایمێنێ: «هەمو ئەوەی دەوترێت سەبارەت بەدەسەڵاتی سیاسی و لەبارەی ئەوەوە کەدەبێ مل بدات بەو ئیلتزامە یاساییانەی دەکەونە سەرشانی ودەبێ بە باشترین شێوە جێ بەجێیان بکات، بەومانایە نیە کەجێ بەجێیان دەکات بەهەمان ئەو شێوەیەی تاکی ئاسایی دەیکات لەبەرامبەر یاسای ئاساییدا

پـــەرلـــەمـــانـــی کـــوردســـتـــان و ک

پەرلەمانی کوردستان لەپرۆسەیی سیاسی ئالۆزدا، ناچار بو دەست بداتە بیناکردنی یاسایی وڵاتـــێـــک کەپێشتر بەشێوەیەکی دیموکراتی حکومڕانی نـــەکـــرابـــو، فەرمانگە و کارمەندەکانی لە ژێرسایەی حکومەتێکی تۆتالیتاری دیکتاتۆردا فرچکیان بەکاری ئیداری و ڕۆتینەوە گرتبو، وڵاتێک کە دو شەڕی زەبەلاحی ناوچەیی مرۆڤەکانی لە بێخ و بنەوە بەرەو پاشەکشەی روحی و ترس لە دەولەت و یاساو هیزی پۆلیس و سەرباز راوەدونابو....ئەوانە هەموی سەرباری نزمی ئاستی وشیاری سیاسی لە ناو کۆی هاوڵاتیاندا بەپێوانە لەگەڵ گەلانی تری ناوچەکە

بابەکر دڕەیی

پێشەکی

داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عیراقەوە هەلومەرجێکی تازەی لەناوخۆی عیراق و ناوچەکەدا هێنایە کایەوە. یەکێک لەئاکامە سەرەکیەکانی داگیرکردنی کوەیت تێکشکانی هێزی سەربازی عیراق و ڕاپەڕینی جەماوەری گەلی کوردستانی ساڵی ١٩٩١ بو کە هێزەکانی حکومەتی عیراقی لەکوردستان ڕامااڵی و دەسەاڵتی سیاسیی لەرژێمی داگیرکەری بەعس لە کوردستاندا سەندەوە.

لەبەرامبەردا، حکومەت هەوڵیدا کاردانەوەی سەربازی بۆ دەرچونی لە کوردستان هەبێ کەخۆی لەهێرشی زەمینی و ئاسمانیدا بینیەوەو «کۆڕەو»ی کوردی بەدوای خۆیدا هێنا. بەاڵم کۆڕە و کە بریتی بو لەکۆچی ملیۆنی خەلکی کوردستان بۆ سنورەکان و پەنابردن بۆ وڵاتە دراوسێکان و جۆرێک بو لە نارەزایەتی دەستەجەمعی بێویەنەی میللی، بە شیوەیەکی بێهاوتا سەرنجی میدیای جیهانی ڕاکیشاو کاردانەوەیەکی سیاسی وا گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە مۆرکی سیاسی و مێژویی زۆری لەسەر چارەنوسی کورد و عیراق دانا.

ئەوەبو وڵاتــە گەورەکــانی وەک ئەمریکا و بەریتانیا پرۆژەی (PROVID COMFURT ناوچەی ئارام) یان ڕاگەیاند و کارێکیان کرد دەستی حکومەت لەسەروی هێڵی ٣٦وە ببەستن وبە هۆی بریاری «بازنەی نەفڕین»وە جۆرێک لە ئاسایش و چەتری پاراستن بۆ گەلی کوردستان دابین بکەن.

لە هەمان کاتدا حکومەتی ناوەندی کەوتە کاردانەوەی یاسایی و سیاسی و هەنگاوی مەترسیدار. گرنگترینی ئەو بریارانەی لەو ئان و ساتەدا حکومەت وەڕیگرتن کێشانەوەی سەرجەم فەرمانگەو ئیدارەکانی حکومەت بو لەکوردستان و بەمەش جۆرێک لە «بۆشایی کارگێڕی» لە وڵاتدا خولقاند کە دەبوا حزب و لێپرسراوە مەیدانیەکانی بەرەی کوردستانی بە تەنگیەوە بێن و بیریکی خێرا لە ژیان و گوزەرانی خەڵک بکەنەوەو بڕیاری گونجاوی لەبارەوە پەسەند بکەن.

حزب و هێزەکانی «بەرەی کوردستانی» لەو مەودا مێژوییەدا (١٩٩٢) دەسەاڵتی ئەمری واقع (DEFACTO)ی کوردستان بون. هێزەکانی ئەمریکاش زۆربەی ناوچەکانی باشوری وڵاتی کۆنترۆل کردبو بەم هۆیەوە «بەرەی کورستانی»، هەم وەک ئەرکیکی سیاسی و کارگێری کە کەوتبوە سەرشانی و هەم وەک خواستێک کە کۆمەاڵنی خەڵک دەیانویست هیزە کوردستانیەکان ڕاپەڕایەتیان بکەن، لەڕۆژی ١٩٩٢/٤/٨ دا هەلسا بەدەرکردنی یاسای ژمــارە (١)ی هەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و بەم کارەی زەمینەیەکی سیاسی و یاسایی بۆ هەلوەشاندنەوەی خۆی وەک لایەنێکی یاسادانەر ڕاگەیاند و لە لایەکی ترەوە دەسپێکی قۆناغێکی نوێی لەکوردستاندا هێنایە ئــاراوە کە لــە١٩٩٢/٥/١٩ دا بەهەلبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان گەیشتە ئاستێکی بەرزو مێژویی و یەکەمین دەزگای یاسادانان بە شیوەی مۆدیرن لە مێژوی کوردا پیکهات.

ئەنجومەنیش لەشوێنی خۆیەوە هەوڵیدا، ئەوەندەی دۆخی سیاسی و حزبی لە کوردستان بــواری پیبدات، ئاقاری وڵات بەرەو یاسامەندکردنی ژیان بەرێت و سەقامگیری و ئارامی گشتی، بەو لێکدانەوەیەی ئەندامە پێکهێنەرەکانی ئەنجومەن درکیان کردبو لە کوردستاندا بخەملینێ. لە سۆنگەی هەمان ئامانجەوە بو کە ئەنجومەن کۆمەڵێک یاسای تری ڕاگەیاند کە گرینگترینیان بریتی بون لە:

ــ یاسای هەڵبژاردنی ڕابــەری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و یاسای پێکهێنانی یەکەم کابینەی حکومەتی هەرێم لە ١٩٩٢/٧/٥ و ڕاگەیاندنی یەکێتی فیدرالی لە ١٩٩٢/١٠/١٤.

بەو جۆرە پەرلەمانی کوردستان لەپرۆسەی سیاسی ئالۆزدا، ناچار بو دەست بداتە بیناکردنی یاسایی وڵاتێک کەپێشتر بەشێوەیەکی دیموکراتی حکومڕانی نــەکــرابــو، فەرمانگە و کارمەندەکانی لە ژێرسایەی حکومەتێکی تۆتالیتاری دیکتاتۆردا فرچکیان بەکاری ئیداری و ڕۆتینەوە گرتبو، وڵاتێک کە دو شەڕی زەبەلاحی ناوچەیی مرۆڤەکانی لە بێخ و بنەوە بەرەو پاشەکشەی روحی و ترس لە دەولەت و یاساو هیزی پۆلیس و سەرباز راوەدونابو....ئەوانە هەموی سەرباری نزمی ئاستی وشیاری سیاسی لە ناو کۆی هاوڵاتیاندا بەپێوانە لەگەڵ گەلانی تری ناوچەکە.

ئامانجی ئــەم باسە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنە بۆ چۆنیەتی دامەزراندنی یەکەمین دەزگای یاسادانان لە مێژوی هاوچەرخی کــوردد لە هەلومەرجێکی ئالۆزی سیاسی و ناوچەییدا وەک یەکەم ئەنجومەنی مۆدێرن بۆ کاری حوکمرانی و دیموکراتیک لە ژیانی گەلی کوردستاندا. هەروەها دەرخستنی ئەو کەموکوڕی و گرفتانەیە کە لەگەڵ لەدایکبونی پەرلەماندا ئاوێتە بون و ڕێگر بون لە چالاکبونی پەرلەمان وەک دەزگایەکی میللی و سەربەخۆ. لە هەمان کاتدا بەرچاوخستنی ڕۆلی پەرلەمانی کوردستانە لە تەنگژە سیاسی و ناوخۆییەکانداو تیشکدانە لە هەندێ هەلوێستی ئیجابیانەی دەزگاکە بۆ دەستەبەرکردنی

ناسایش و سەروەری یاسا.

ئەم شیکردنەوەیە لە دوباس پێکهاتوە و هەرباسەی خۆی لە چەند داخوازێکدا دەبینێتەوە.

باسی یەکەم باس لە بنەمای یاسایی پێکهاتنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دەکات و ئەم باسەش دابەشکراوە بۆ دو داخوازی سەرەکی.

داخوازی یەکەم: پەیکەری ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێمی کوردستانی عیراق.

داخــوازی دووەم: تەرخانکراوە بۆ تایبەتمەندی و دەسەاڵتەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان.

باسی دووەم ڕۆڵــی یاسادانانی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان بیردێنێتەوە کە ئەمیش دابەش بوە بۆ دو داخواز. داخوازی یەکەم تەرخان کراوە بۆ بیرهێنانەوەی ژمارەیەک لەو یاسا و بریارانەی لە مەودای ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٢ دا لەپەرلەمانەوە دەرچون.

داخوازی دووەم باس لە هەلسەنگاندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی هەرێمی کوردستان دەکات و ئەمەش دابەش بوە بۆ سێ لق.

لقی یەکەم باس لە لایەنە باشەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی دەکات.

لقی دووەم تەرخان کــراوە بۆ ئەو ڕەخنانەی لە ئەنجومەنی نیشتیمانی گیراوە.

لە کۆتاییدا گەیشتوینەتە چەند ئەنجام و پیشنیازو ڕاسپاردەیەک بۆ چاکسازی و پەرەپێدانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لە ڕوی بنەما یاساییەکانی و پێکهاتە و ئەرک و دەسەاڵتەکانی و چۆنیەتی ڕپەڕاندنی کارەکانی.

(١)

بناغەی یاسایی دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان

ئەلف: پێکهاتەی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان

ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان وەک هەر دەزگایەکی تری یاسادانان لە ئاستی دنیادا، بە جۆرێک پێکهاتوە کە میکانیزمی کارکردنی بگونجێ لەگەڵ ئەو مەبەستەی کە لەپێناویدا دامەزراوە.

زۆرینــەی وڵاتانی جیهان بە پێی دەستورێکی نوسراو یان عورفی، ئەو بنەمایەیان چەسپاندوە کە دەزگــای یاســادانــان سەرەکیترین ئــامــرازە بەدەست هاوڵاتیانەوە کە بتوانن بەهۆی هەڵبژاردنەوەی لە ماوەی چەند ساڵیکی دیاریکراودا و بە شێوازی دەوری، نوێنەرانی هەڵبژاردەی خۆیانی بۆ بنێرن و بەشداری لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا بکەن.

ڕەنگە کۆماری ئیسلامی ئێران تاقە وڵات بێت کە لە سەروی پەرلەمانەوە دەزگایەکی تری چاودێرو باڵادەستی هەبێت بە ناوی « شورای پاسەوان». (١)

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن کە لــەڕۆژی (١٩٩٢/٦/١٠ (گفتوگۆی لە سەر کــراوەو ڕۆژەکانی) ١٥ و ١٦ و ١٧ (ی هەمان مانگ دڕێــژەی هەبوە و لە دوایین ڕۆژدا پەسەن کــراوە،(٢) کۆمەاڵێک ئەرکی بۆخۆی دیاری کردوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلی کوردستاندا تەبان و ئەنجومەن هەول ئەدات لەڕێڕەوەی کارکردنی خۆیدا جێ بەجێیان بکات.

هــەروەهــا یــاســای هــەڵــبــژاردنــی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان کە لەڕۆژی(٨/ ٤/ ١٩٩٢)دا لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە دەرکــراوە بەشێوازێکی ڕونتر پێکهاتەی ئەنجومەن ڕونــدەکاتەوە و ئەرکەکانیشی دیاری دەکات.

واتــە ئەگەر پــەیــرەوەی ناوخۆی ئەنجومەن کە دومانگ دوای یاسای هــەڵــبــژاردن پەسەندکراوە هەیکەلی ناوخۆی پەرلەمان و ئەرکی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەن دیاری دەکات و شــێــوازی بەڕێوەچونی کارەکان دەستنیشان دەکــات، ئــەوا «یــاســای هەڵبژاردن» بە شیوەیەکی دیاریکراوتر سەرجەم پێکهاتەی ئەنجومەن ڕون دەکاتەوە و پێناسەی دەکات.

مادەی یەکەمی «یاسای هەڵبژاردن» ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن (لەساڵی ١٩٩٢ دا) دیاری دەکات و دەڵــێ:

(ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق لە کۆمەڵە ئەندامێک پێکدێت کە لە ١٠٠ کەس کەمتر نەبن لەسەر بناغەی بۆ هەر سی هەزار کەس نوێنەرێک).

هەرچەندە ئــەم مادەیە لەساڵانی دواتــردا هەموارکراوە، بــەاڵم بناغەی پێکهاتەی ژمارەی ئەنجومەن لەمادەی یەکەمەوە دیــاری کــراوە کە نابێ لە ١٠٠کەس کەمتربێ.

لەمادەی دووەمدا ئەوە دیاری کراوە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەن بەشێوەی دەنگدانی گشتی و نهێنی و ڕاستەوخۆ دەبێ.

واتای کردەیی ئەم مادەیەش ئەوەیە کە دەنگدانی هاوڵاتیان دەبێ گشتی بێ واتا دەبێ سەرجەم هاوڵاتیان، بەدەر لە ڕەگەزو نەتەوە و ئاین و زمان و پێگەی چینایەتی و ملکایەتی و خوێندەواری و نەخوێندەواری بتوانن دەنگ بدەن.(٣)

نهێنی بێ: واتە خەڵک بەپێی خواست و سەلیقەی خــۆیــان دەنــگ بخەنە سندوقەکانی دەنگدانەوە نەک لەژێر زەبری هێزەسیاسیەکاندا.

ڕاســتــەوخــۆبــێ، واتـــە وەک هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا نەبێ کەسەرەتا هاوڵاتیان دەنــگ ئــەدەن بە گروپێک لەدەنگدەری تر کە ئەوان دەنگ بدەن بۆ کاندیدەکانی کۆنگرێس.

مادەکانی تری «یاسای هەڵبژاردن» پێکهاتەی ئەنجومەن ڕونتر دەکەنەوە.

پــەیــرەوی نــاوخــۆش پێکهاتەی

ڕاستە هەرکام لە بریارویاساکان مەسەلەیەکی پیویستیان لە قاڵبی بڕیارو یاسادا دارشتوە، بەاڵم نغرۆبونی دەزگای یاسادانان لە وردەکاریە کارگێریەکاندا وای کردوە پەرلەمان کێشە گەورەکانی وەک بودجەو ڕێکخستنەوەی دەسەاڵتی سیاسی و پرسینەوە لە دەزگای ڕاپەڕاندن و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و وڵاتانی دراوسێ و کێشەی کورد لە پارچەکانی ترو کێشەکانی پەنابەرانی کورد وەک ئەرکی سەرەکی خۆی نەبینێ.

بەم شێوەیە دەبینین پەرلەمانی کوردستان، سەرەڕای هەبونی چوارچێوەی یاسایی بۆ کارەکانی و سەرەڕای لەئارادابونی زەمینەی سیاسی و کارگێڕی لەبار بۆ پیادەکردنی دەسەاڵتەکانی، نەیتوانیوە لەئاست ئەو ئەرکە مێژوییەدا بێ کە خەڵکی کوردستان چاوەڕێی دەکەن بەتایبەت گەر بزانین لە سەرجەم وڵاتانی دیموکراسی دونیادا تەنها دەزگای یاسادانان بەهۆی هەڵبژاردنەوە پێک دێت و هاوڵاتیان دەتوانن لەپێکهاتەیەکدا ڕۆڵیان هەبێ

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان رۆشنبیرانی کوردستاندا سەبارەت بەرۆڵی پەرلەمان لەیاسامەندکردنی ژیانی سیاسیدا. بەشێک لەو دیدگایانەی دەنوسرێن قسە لەوە دەکەن کە بەحوکمی هەبونی جۆرێک لە «ئیستبدادی خۆرهەلاتی» و مەیلی دیکتاتۆری لەناو نوخبەی دەسەلاتدا، ئەستەمە دەزگای پەرلەمان کە دەزگایەکی بێچەک و شارستانیە بتوانێ مامەلە لەگەڵ دەزگای ڕێپەڕاندنا بکات کە دەوڵەمەند و پڕچەک و دەسترۆیشتوترە.

سەدان وتارەیە کە لە ماوەی (١٠) ساڵی تەمەنی ئەنجومەندا، بۆ دەربڕینی نارەزایەتی خەڵک لە بیکاری و دژ بە پیکهێنانی کۆمەلگای پر لە فەرمانبەر نوسراوە: «کاتێ ئاسایشی سەدان کەس دەکەوێتە مەترسیەوەو دەخرێتە پەراوێزی ژیان و کارو کۆمەلگاوە ئیدی باسکردنی پاراستنی ئاسایش وهێمنی هاوڵاتیان چ مانایەکی هەیە؟....»

٧-: دیاریکردنی چارەنوسی نێوان بەرەی کوردستانیو رژێم، داڕشتنی چۆنیەتی پەیوەندی لەنێوان حکومەتی مەرکەزیو ئەزمونی کوردی لەداهاتودا.

بە شێوەیەکی گشتی حزبەکانی بەرەی کوردستانی کە پەرلەمانیان پێکهێنا، نەیانتوانی پەیوەندی نێوان گەلی کورد و حکومەتی ناوەندی ببەنە ئاستێکی نێودەولەتی و کێشەیەکی کورد هەمیشە وەک کێشەیەکی ناوخۆیی عیراقی مایەوە. سالانی ١٩٩٢-٢٠٠٢ کەحکومەتی بەعس تیایدالەسەرکاربو، جۆرێک لەئارامی بالی بەسەر پەیوەندی کوردستان و ناوەندا کێشابو بەلام لە (١٩٩٦/٨/٣١)دا کەشەڕی نێوان یەکێتی و پارتی چوە قۆناغێکی تـرەوە، وای لەپارتی دیموکرات کرد پەنا بۆحکومەتی ناوەندی بەرێت و ئەو پەیوەندیە مۆلەقەی لەنێوان پارتی و حکومەتی ناوەندیدا هەبو ببوژێنێتەوە و ئەمەش وای کرد رۆڵی پەرلەمان لەم مەسەلە چارەنوسیەشدا ببێتە جێگای گلەیی و سەرزەنشتی ڕاستەقینە.

ڕاستە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خۆی لەوبارەیەوە بەحزبەکەی راگەیاندو لەبەشدارکردنی بەعس لەشەڕی ناوخۆدا بێزاری دەربـڕی، بەلام لەگشتدا هەلوێستی تاقەکەسێک نابێتە پێوەر بۆ دەزگایەکی گرنگی وڵات کەهەموان چاوەڕێی بون لەئاست ئەرکە یاسایی و چارەنوسسازەکاندا بێ و چارەسەریان بۆ پێشنیار بکات.

(سەلاح ئەحمەد)لە هەفتەنامەی هاوڵاتیدا وتاریکی بە ناونیشانی «بۆشاییەکانی گوتاری سیاسی کـوردی سەبارەت بە مەسەلەی کـەرکـوک» نوسیوە چەند ڕەهەندێکی پەیوەندیەکانی کوردو ناوەند رون دەکاتەوە:

« بێگومان لە سەر ئاستی سیاسەتی حزبە کوردیەکان بە گشتی، شەرم و سڵکردنەوەو خۆدزینەوەیەکی ئاشکرا هەیە لە مەسەلەی کەرکوک....یەکەم هەڵەی گەورە کە تێکرای ئەو هێزانە تێی کەوتن.. گواستنەوە بو لە شوێنگەی خـاوەن هەقێکەوە کە وڵاتەکەی کۆلونیال کراوە بۆ شوێنگەی سازشکەرێک کە سەرقاڵی گفتوگۆکردنی هەبونی چەندێتی کوردە لەو ناوچانەدا»... (٢٠)

(٣)

کۆتایی: ئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان

یەکەم: ئەنجام

جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ڕۆشنبیرانی کوردستاندا سەبارەت بەرۆڵی پەرلەمان لەیاسامەندکردنی ژیانی سیاسیدا. بەشێک لەو دیدگایانەی دەنوسرێن قسە لەوە دەکەن کەبەحوکمی هەبونی جۆرێک لە «ئیستبدادی خۆرهەلاتی» و مەیلی دیکتاتۆری لەناو نوخبەی دەسەلاتدا، ئەستەمە دەزگای پەرلەمان کە دەزگایەکی بێچەک و شارستانیە بتوانێ مامەلە لەگەڵ دەزگای ڕێپەڕاندنا بکات کە دەوڵەمەند و پڕچەک و دەسترۆیشتوترە. نمونەش بۆ ئەو نوسراوانە زۆرن کەلێرەدا تەنها ئاماژە بۆ وتارێک دەکەین کە پێش دامەزراندنی پەرلەمان نوسراوە و تیایدا نوسەر(کە نوسەری ئەم تۆژینەوەیەشە) چاوەڕێی کردوە حزبێکی گـەورەی وەک (ی.ن.ک) ڕێـز لە ویستی خەڵک و پەرلەمان بگرێ و ئەندامەکانی سزا نەدات و بە هیچ بەهانەیەک سەروەری یاسا نەشکێنێ.(٢١)

نوسەر لەژمارە (١٤)ی کوردستانی نوێی ڕۆژی ١٩٩٢/٢/١٠ دا، (واتە سێ مانگ و ٩ ڕۆژ پێش دامەزرانی یەکەمین پەرلەمان لە مێژوی کورددا) باسی لەچۆنیەتی کودەتای (ناپلیۆن) کـردوە دژ بە پەرلەمان لەسالی ١٧٩٩و لە کۆتایی وتارەکەیدا نوسیویەتی:

« گەلی کورد بەگشتی و زەحمەتکێش و چەوساوەکانی بەتایبەتی چاوەڕێی ئەوەن کە ڕێگانەدرێ (مۆرا)یەکی کورد بەسەر پەرلەمانیدا بقریشکێنێ و کارێک بکات یاداشتەکانی ژیانیان نەڕەی لەوجۆرەی زەمانی (ناپلیۆن)ی تیادا دوبارە ببێتەوە، ئایا کۆنگرەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کارێک دەکات نوێنەرانی گەل شمشێری (مۆرا)کان هەڕەشە لەگیانیان نەکات ؟»

هەڵبەت شەڕی ناوخۆ دەریخست ئەو پێشبینیەی سەرەوە بۆ نەڕاندنی عەسکەریەکان بەسەر پەرلەمانتارەکاندا نزیکەی وەک خۆی لەپەرلەمانیدا دوبارەبۆوە و دەرگا و پەنجەرەی پەرلەمان لەسەر پەرلەمانتاران داخراو دەزگای یاسادانان بۆماوەیەکی دریژ لە بێلایەنی و یاسادانان کەوت.

ئەمەش ئەوەمان دەخاتەوە بیر کە بزانین هەرچەندە پەرلەمان لەکارو چالاکیەکانیدا سەرکەوتن و شکستی زۆری هەن، بەلام نیگەرانی هەرەگەورە لەسەر ئەوەیە کە خودی حزبە سیاسیەکانی کوردستان ڕێگا بە هەبون و خۆقایمکردنی دەزگایەکی یاسادانانی چالاک نادەن.

ئەنجامەکانی توێژینەوەی ئێمە دەکرێ لەچەند خاڵێکدا کـورت بکرێتەوە و کۆی دیدگاکان تیایدا بەرجەستەبکرێ.

١-پەرلەمانی کوردستان لەماوەی ١٩٩٢ــ ٢٠٠٢ توانیویەتی (٢٩٦) یاساو بڕیار پەسەند بکات و هەوڵیداوە بناغەیەکی یاسایی گونجاو بۆ دۆخی کوردستان دەستەبەر بکات.

٢ــ زۆربەی ئەو یاسا و بڕیارانە لەکاتی خۆیدا لەڕۆژنامەی ڕەسمیدا بلاوکراونەتەوە و زۆربەیان جێ بەجێ کراون و هەندێکیان ئیمکانی جێ بەجێ بونیان نەبوە.

پەرلەمان ڕۆلێکی بەگشتی پۆزەتیڤی لەدۆخی وڵاتـدا گێڕاوە. ڕاستە کۆمەلێک گلەیی و گازندە لەپەرلەمان هەن بەلام کۆی ئەو گلەییانە دەشێ بدرێتە پاڵ ئەو حزبانەی کەبەهۆی هەبونی ســەروەت و سامانی زیاترەوە توانیویانە شەڕی ناوخۆ هەڵبگیرسێنن و هەژمون بەسەر پەرلەماندا فەرزبکەن.

لەهەمانکاتدا پەرلەمان کۆمەلێک کەموکوڕی هەبون (وەک ئاماژەمان پێدا) بەلام دەکرێ کەموکوڕیەکان وەک بەرەنجامی ڕەفتاری ئەوانە سەیربکرێ کە کۆنترۆلی ئیرادەی پەرلەمانیان ئەکرد نەک کارنامەی پەرلەمان و پەرلەمانتارەکان بەشێوەیەکی کۆنکرێت.

٤ـ هــەروەهــا ئــەوەش دەزانــیــن کە پەرلەمانی کوردستان حالەتێکی «تاقانە»و «ئیستیسنائی»یە، بەئەندازەیەک کەلەناو گەلان و حکومەتەکانی ناوچەکەدا وێنەی نیە. ئەمەش وا دەکـات کە دیراسەکردنی پەرلەمانی کوردستان لەوبارودۆخە تایبەتەدا هەلبسەنگێنرێ کەتیایدا دروستبوە و گەشەی کردوە و دوچاری کێشەی تایبەتی و ململانێی حزبە پێکهێنەرەکانی بۆتەوە.(٢٢)

٥- پەرلەمانی کوردستان لە ئەنجامی خەباتی نەپساوەی گەلی کوردستان و کشانەوەی حکومەتی بەغداد لە کوردستان و هەلومەرجی سیاسەتی نێو دەوڵەتی (ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا....هتد) هاتە کایەوە.

٦- پەرلەمانی کوردستان لە ئاکامی هەڵبژاردنی گشتی نهێنی و ڕاستەوخۆ دامەزرا.

٧-بنچینەی یاسایی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢، کە لەلایەن بەرەی کوردستانیەوە وەکو دەسەلاتی ئەمری واقع دەریکردو دواتر پەرلەمان دوای پێکهاتنی پەسندی کردو شەرعیەتی پێدا.

٨- پــەرلــەمــانــی کــوردســتــان یەکەم دامــەزراوەی یاسایی و شەرعی و مەدەنی هەڵبژێردراوە لە هەمو مێژوی کۆن و نوێی کوردستاندا.

٩-لەڕوی یاساییەوە،پەرلەمانی کوردستان لە پێکهاتەو لیژنەو دەسەلاتەکانیدا جێگەی نرخاندنی باشە، بەلام لە کردارد لە بەرامبەر دەسەلاتی جێبەجێکردن و دەستوەردانی حیزبیدا جێگەی تێبینی و ڕەخنەیە.

١٠- بەهۆی نەبونی دەسـتـوورەوە لە هەرێمدا پەرلەمانی کوردستان بە «یاسای ئاسایی» دامەزراو دەسەلات و کارو ئەرکەکانی دیاریکرا، ، ئەمەش کەلێنێکی گەورەی یاسایی لە ڕێگەستنی کاروباری دەوڵەتدا بەجێهێشت کە تا ساتەوەختی نوسینی ئەم توێژینەوەیە، هەرێم و حکومەتەکەی بێ دەستورە !

١١- بە پێی یاسا پەیوەندارەکان بە ڕێکخستن کاروبارەکانی سێ دەزگاکەی حکومەتی هــەرێــمــەوە، جــۆری سیستمی فەرمانڕەوایی لە هەرێمی کوردستاندا، پەرلەمانی یە، بەلام لە پراکتیکدا دەسەلاتی جێبەجێکردن (سەرۆکایەتی هــەرێــم و ئەنجومەنی وەزیــران) بالادەستترن، کە ئەمەش جێگەی ڕەخنەو تێبینییە بە پێی پێوەرە دەستوری ودیموکراسیەکانی جیهان.

١٢- لە جیهانی دیموکراسیدا، پەرلەمان پاش هەڵبژاردن و دەستبەکاربونی دەبێت بە نوێنەری گەل و لەسەر ئەو بنەمایە ڕۆل دەبینێت، بەلام پەرلەمانی کوردستان، لەبەر زۆر هۆ، نەیتوانی ببێتە ئەو دەزگا حکومیە نیشتیمانی و نەتەوەییە و بە پێچەوانەوە، بو بە ئامرازی دەستی سەرکردەی حیزبە دەسترۆیشتوەکانی کوردستان و زۆر جار نەیتوانیوە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی جەماوەری فراوانی بنکردایەتی تەنانەت زۆربەی حیزبە بنەرەتی وخاوەن لیستە سەرەکیەکانیش بکات.

١٣- حیزبەکان سەرکەوتو نەبون لە کاندیدکردنی کەسانی شیاو بۆ پەرلەمان، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر ئەدای پەرلەمان هەبو.

١٤- لەئەزمونی خەرمانی هەرێمی کوردستاندا، چەمکەکانی سەروەری یاساو جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان و پلەبەندی یاساکان وەکو پێویست ڕەچاو نەکراو پیادە نەکران.

١٥- لەیەکەمین ئەزمونی هەڵبژاردنی پەرلەماندا، لایەنە ڕکابەرە سەرەکیەکان (ی.ن.ک ــ پ.د.ک) ڕێـزیـان لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان نەگرت و دواتر بە ڕێکەوتنی سیاسی نێوانیان پەنجا بە پەنجا کۆتاییان پێهێنا و سەرەنجام لە شەڕی ناوخۆدا ڕێز لەو ڕێکەوتنەش نەگیرا.

١٦- ئەزمونی کوردستان، وێڕای بونی لایەنی پۆزەتیڤ، سەرئەنجام مۆدێلێکی فەرمانڕەوایی دامودەزگایی کارای بەرهەم نەهێناوە.

١٧-بونی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهەمو کەمو کوڕیەکانیەوە، لە ڕوی یاسایی و فەرمیەوە ناسنامەیەکی فەرمی و کەسێتیەکی یاسایی سنورداری بۆ هەرێمی کوردستان و گەلەکەی لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێو دەولەتی دەستەبەر کردوە، زوربەی وڵاتانی جیهان لە ڕێگەی ئەو حکومەتەوە مامەلەیان لەگەڵ کوردستاندا دەکرد، حکومەتی هەرێمیش نوێنەرایەتی خۆی لە چەند وڵاتێکی گەورەدا دامەزراند.

دووەم: ڕاسپاردەو پێشنیارەکان

وای تۆژینەوە و ئەنجامگرتن لەچەند لایەنێکی پێکهاتەو چالاکی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان و تایبەتمەندیەکانی لە دەرکردنی بڕیار و یاساکاندا، چەند پێشنیارێک بۆ چاککردن و پێشخستنی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان دەخەینە ڕو بەو ئومێدەی تاکە دەزگای یاسادانان لەوڵاتی ئێمەدا بتوانێ ڕۆلی خۆی بەو پەڕی چالاکیەوە بگێڕێتو ئەو بەڵێن و بڕیارانەی لەلایەن ئەنجومەن و کەسایەتیەکانەوە بەخەڵک دراون جێبەجێ بکرێن.

١- دانان و بلاوکردنەوەی دەستورێک بۆ هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی دیموکراسیانە داڕێژرابێتو سەرجەم مافە سیاسی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستانی لەخۆگرتبێ.

بە دانانی (دەستور) بۆ هەرێم لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، دۆخی سیاسی وڵاتەکەمان چەند هەنگاوێک بەرەوپێش دەچێت و دەتوانێ بەشێوەیەکی کاربڕتر کاریگەری بخاتەسەر دەزگای ڕاپەراندن و دادوەری و بایەخی سیاسی و یاسایی بەپێی ئەو قورساییە دەبێت کە سەرجەم پەرلەمانەکانی دنیا هەیانە.

٢ــ هەموارکردنی پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمان بەجۆرێک کەلەگەڵ دۆخی سیاسی ئێستای کوردستان و دنیادا بگونجێ و ڕێگا خۆشبکات بۆ پەرلەمانتارەکان کە بەشێوازێکی دیموکراتیانە لەگفتوگۆکانی پەرلەماندا بەشداری بکەن و کاتی پێویستیان بۆ ئەوە بدرێتێ و سزای وەک «تۆمارنەکردنی گفتوگۆی پەرلەمانتار»لەدەستوری ئەنجومەندا نەمێنێ.

٣- دەستکۆتاکردنی حزب و کاری حزبی بەشێوەیەکی ڕەها لەناوپەرلەمانتارەکاندا بەجۆرێک کەهەیبەت و هەیمەنەی پەرلەمان بچێتە سەرئاقاری ئاسایی خۆی و حزبە سیاسیەکان کە نوێنەری ژمارەیەک لەخەڵکی وڵاتن نەتوانن کاریگەری لەسەر ئەنجومەن دابنێن یان دەستبخەنە ناو ژیان و چارەنوسی کۆی خەڵکی کوردستانەوە کە ئەنجومەن نوێنەرایەتیان دەکات.

٤ـ دامەزراندنی دادگایەکی دەستوری لەهەرێم کە کێشەکانی نێوان دەزگاکانی حکومەت (پەرلەمان ـ کابینە ـ دادوەری) یەکلایی بکاتەوە (٢٣).

٥ ــ بە یاساکردنی دابەشکردنی کار بە پێی جوگرافیا لەلایەن پەرلەمانتارانەوە. واتە پەرلەمان بەڕەسمی یاسایەک دەربکات بۆ دابەشکردنی پەرلەمانتارەکان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان و دابینکردنی ئۆفیس و ئامرازەکانی تری پەیوەندی بۆیان تا نوێنەرانی میللەت ڕاستەوخۆ بتوانن لەگەڵ هاوڵاتیاندا پەیوەندی بگرن و کێشەکانیان چـارەسـەر بکەن. واتـە هەرلەوکاتەدا کە ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لەڕێگای (لیستی داخـــراو)ەوە هــەڵــبـژاردنــی بۆ ئەنجامدراوە دەشێ لەچوارچێوەی باڵەخانەی پەرلەمان و دەرچێت و ژمارەیەک ئۆفیسی گەورە لەشارەکاندا بکاتەوە بەو مەبەستەی هەفتانە چەند سەعاتێک تیایدا گوێ لە خواست و گرفتەکانی خەڵک بگیرێ.

٦- کارکردن بە سیستمی هەڵبژاردنی ڕێژەیی و بە لیستی کراوە و بە ڕەهایی.

(*) ئەم باسە وەک بەشێک لە پێویستیکانی وەرگرتنی بروانامەی بەکالۆریۆس پێشکەش بە کۆلیژی یاساو ڕامیاری زانکۆی سلیمانی کراوەو بە پلەی «زۆر باش» قبوڵ کراوە. لیرەدا کورتکراوەکەی بلاوکراوەتەوە.

پەراوێزەکان

(١) د. سید جلال الدین مدنی: حقوق اساسی در جمهوری اسلامی ایران. جلد چهارم/ چاپ سروش . تهران .١٣٦٦.

نوسەر لەم کتێبەدا دەقی ئەم ڕستانەی نوسیوە» لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕۆلی شورای پاسەوان لەوەش بالاترە (واتە لە بنەماکانی دەستور).

هەروەها نوسیویە «ریزبەندی سیستمی حکومەتی ئێمە لەگەڵ هەمو وڵاتانی دنیا جیاوازە» ل٩.

٢ـ بـەرنـامـەی کـاری دانیشتنەکانی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ـ عیراق: بەشی یـەکـەم: چاپی یـەکـەم: چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر. (٢٠٠٢).

٣ـ حسین بشیریە ـ درسهای دموکراسی برای همە ـ نشر نگاه معاصر ـ تهران ـ ١٣٨٠ ـ (ل ١٠٨).

٤ـ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانی عیراق/ پرۆتۆکۆلەکان / ١٩٩٢ ـ بەرگی یەکەم: چاپی یەکەم: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ـ ١٩٩٧هەولێر (ل ٢٠٦).

٥ـ خلاصه اخبارات المجلس من القوانین والقرارات لفتره من ١٩٩٢/٦/١٤ لغایه ٢٠٠٢/٦/١٤. الجلد الاول: الطبعه الاولي ٢٠٠٢. اربیل

٦ـ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (١٩٩٢)

٧ـپەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان: (١٩٩٢).

٨ـ زانا روف حمه کریم: مشکله تقیید السلگه السیاسیه بالقانون: موئسسه حمدي للطباعة والنشر: السلیمانیه \السلیمانیه (٢٠٠٩) ـ (ل ٢٨٥).

٩ـ د. لەتیف مصطفی ئەمین جیاکردنەوەو یەکپارچەیی ی دەســـەلات. سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان / سلێمانی (٢٠٠٨).

١٠ـ هەمان سەرچاوە ـ (ل ١٩٩).

(١١) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە کاریگەری شەڕی ناوخۆ لە سەر ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان و دام و دەزگاکانی حکومەت بڕوانە: سامان خانی: کاریگەری شەری ناوخۆ لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی کورد / گۆڤاری « ڕێبازی نوێ» ژ ٧ ١٩٩٥ . هەولیر

١٢ـ پرۆتۆکۆلەکان: بەرگی یەکەم (ل ٧).

١٣ـ لێزان: پەرلەمانی شەهید ـ مەکتەبی ناوەندی باسو لێکۆلینەوە ـ چاپی یەکەم ـ چاپخانەی برایەتی ـ ١٩٩٥ (ل ١٤٨).

١٤ـپارتی دیموکراتی کوردستان ـمەکتەبی سیاسی شەڕی ناوخۆی کوردستانی عیراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە ـ سەنتەری توێژینەوە ـ بەرگی یەکەم ـ چاپی یەکەم ـ هەولێر ـ ١٩٩٧ (ل ٨٣).

١٥ـ ڕبێبین ڕسول: پاشماوەی بەعس ـ «هاوڵاتی» ـ ژمارە (٧١) ـ ٢٠٠٢/٥/٦ ـ (ل ٢).

١٦ـ مستەفا سەمەد: ڕۆلی خانەقا خەون بەکارەباوە دەبینن ـ «هاوڵاتی» ـ ژمارە (٧١) ٢٠٠٢/٥/٦ ـ (ل ٣).

١٧ـ هاوڵاتیەک: بەڕێوبەرایەتی پۆستەو گەیاندنی کەرکوک بەیەک پەیژە کاردەکات ـ «هاوڵاتی» ژمارە (٨٠) ٢٠٠٢/٧/٨ ـ (ل ٤).

١٨ـ تایتڵی «هـاوڵاتـی»: ژمـارە (٨٠) ـ ٢٠٠٢/٧/٨.

١٩ـ ئیدرپس شێخ شەرەفی: مرۆڤ وەک ئامراز ـ «هاوڵاتی» ـ ژمارە (٩١) ـ ٢٠٠٢/٩/٢٣. (ل ٥).

٢٠ـ سەلاح ئەحمەد: بۆشاییەکانی گوتاری سیاسی کـوردی سـەبـارەت بەمەسەلەی کەرکوک ـ «هاوڵاتی» ژمارە (٨٨) ـ ٢٠٠٣/٩/٢ ـ (ل ٦).

٢١ـ واحد عمر محي الدین: معایير تحديد القواعد الدستورية/ دراسة تطبيقية علي تشريعات المجلس الوطني لكوردستان العراق (١٩٩٢ ـ ١٩٩٦) ـ گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B) ـ ژمارە (١٢) ـ کانونی یەکەم ـ ٢٠٠٣ـ سلێمانی ـ (ل ١٢٨).

٢٢ـ بابەکر دڕەیـی: قریشکەی مـۆرا ـ کوردستانی نوێ ـ ژمارە (١٤) ـ ١٩٩٢/٢/١٠ ـ (ل٥).

٢٣ـ واحـد عمر محی الـدیـن: هەمان سەرچاوەی پێشو (ل ١٦٦).

ب: رۆڵی یاسادانانی نەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵانی ١٩٩٢- ٢٠٠٢ دا
یاساو بڕیارەکانی نەنجومەن لە ساڵانی ١٩٩٢- ٢٠٠٢

ئەم لیستەی خوارەوە هەندێک لەو یاساو بڕیارانەن کە لە لایەن ئەنجومەنەوە لە ماوەی دیاریکراو بۆ تویژینەوەکەی ئیمە بڕیاریان لێدراوە یان پەسەندکراون.

سەرلەنوێ چاپکردنەوەی بڕیارو یاساکان لەم توێژینەوەیەدا بەو مەبەستەیە کەنیشان بدرێ ڕادەی چالاکی و هەڵسوراوی یەکەمین دەزگای یاسادانانی کوردستان لە چ ئاستێکدا بووە زەمینەی ئەو ڕەخنە یاخود داکۆکیانەی لەم توێژینەوەیە یاخود لە شوێنی تردا بەرچاو دەکەون باشترو ڕونتر بڕەخسێ.

ئـەوەی پێش هـەر دیـاردەیـەک لەم لیستەیەدا سەرنجی تووێژەری بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە ئەوەیە کە لەسەرانسەری سالی ١٩٩٥ دا کە سالی گەرمبونی شەڕی ناوخۆ بوە هیچ بڕیارێک لەلایەن پەرلەمانەوە دەرنەچووەو تاقە یەک یاسا پەسەن کراوە کە ئەویش پەیوەندی هەبوە بە درێژکردنەوەی ماوەی هەڵبژاردنەوەی خودی ئەنجومەن. واتە پەیوەندیدار بوە بە سەرچاوەو بناغەی شەرعیەتی سیاسی لە کوردستاندا و ئەمەش ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە شەر و ناکۆکی چەکداری تا چ ئەندازەیەکی مەترسیدار کار لە مانەوەو چالاکی دەزگا مەدەنیەکان دەکەن بە گشتی و دەزگای یاسادانان وەک جەوهەرو کرۆکی دامەزراوە مەدەنیەکان بە تایبەتی.(١١)

لیستەکە زۆر ڕاستی دەربـارەی ڕۆڵی کارگێڕی و سیاسی و یاسایی لە کوردستاندا دەخاتە بەرچاو کە دەشێ وەک سەرچاوەیەکی مێژوویش سودی لێ وەربگیرێ.

(لێرەدا یاساو بڕیارەکان بە هۆی کەمی شوێن چاپ نەکراونەتەوە و خوێنەر دەتوانێ لە سایتی پەرلەماندا دەستی بکەون)

(٢)
هەڵسەنگاندنی نەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان.
یەکەم: لایەنە باشەکانی نەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان.

هەروەک پەرلەمانتار (حەسەن کانەبی بلباس) لە یەکەمین کۆبونەوەی ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤ ی پەرلەماندا وتویەتی، ئەرکو چاوەڕوانیەکان لەئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان ئێجگار زۆر بونو هەردو لایەنی سەرۆکایەتی سیاسیو کۆمەڵانی خەڵک بەیەک ئاست ئەوەیان لە ئەنجومەن دەویست کە ببێتە چەترێک بۆ هێنانەدی خواستەکانیان: ڕابەرایەتی حزبی دەیویست دەزگاکە ببێتە بارەگایەک بۆ گردکردنەوەی سەرجەم چینو توێژو سیاسیەکانی کوردستان لە دەوری دەسەڵاتی سیاسی حوکمران و کۆمەڵانی خەڵکیش لە هەمانکاتدا خوازیاری ئەوەبون کە سەنگەری دەزگای یاسادانان ببێتە وەدیهێنەری سەرجەم خواستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانیان. سەرۆکی ئەنجومەن لەیەکەمین کۆبونەوەی ڕۆژی ١٩٩٢/٦/٤دا ڕایگەیاند:

«ئـەو ئەرکەی کەوتۆتە سەرشانمان یەکجار قورسو دژوارە، دەبـێ بـەوردی سەرنجی بدەینۆو بەجێی بهێنین، دەبێ وابکەین کە ڕۆژانی کیمیاباران و ئەنفال و گۆڕی بەکۆمەڵ و کارەساتی شێواندن و سڕینەوەی سیاسی نەتەوەیی گەلەکەمان دوبارە نەبنەوە...»

دەبـێ مافەکانی گەلەکەمان دابین بکەین... ژیانێکی ئارامو سەربەرزانەو دور لەدەردەسەری بژین... ئاشتی و برایەتی و تەبایی و یەکسانی هەمو لایەکی کوردستان بگرێتەوەو ڕو لەخۆشی و ئاوەدانکردنەوە بکەین.(١٢)

دیارە پەرلەمانی کوردستان لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢-٢٠٠٢ دا ژمارەیەکی زۆر یاساو بڕیاری پەسەند کردوە کەدەکرێ وەک هەوڵێکی ڕاستەقینە دابنرێن لەئاقاری وتەکانی بـەرێـز حسن کانەبی بلباس لەیەکەمین جڤینی خۆیدا، وە دەشـێ دان بـەوەدابنـرێ کە هەرچەندە چالاکیونی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی ئەو دەساڵەدا لەئاست خواست و پێویستیەکانی گەلی کوردستاندا نەبوە، بەڵام خودی مانەوە و بەردەوام بونی پەرلەمان وەک دەزگایەکی یاسادانان وە هەڵوێست وەرگرتنی لەکاتی شەڕی ناوخۆدا دژ بەشەڕی براکوژی و مانگرتنی پەرلەمانتارەکانی،ئەوەدەسەلمێنێت کە ئەم دەزگایە سەرباری هەوڵدانی بۆ دارشتنی یاساو بڕیاری پێویستو گونجاو، لەکاتە ناسکو هەستیارەکاندا هەڵوێستی سیاسیانەو پۆزەتیڤی لەقازانجی کۆی میللەتی کورد نواندنەوە و هەوڵی بێوچانی داوە کە دور بێ لەو گیانی حزب حزبێنەیی لایەنە پێکهێنەرەکانی ناوپەرلەمان تێوەی گلابون.(١٣)

جگە لەوانەش، پەرلەمان لەڕێگای لیژنەی جۆراوجۆرەکانیەوە(وەک لیژنەی ڕۆشنبیری و پەیوەندیەکان، لیژنەی یاسایی، لیژنەی پەروەردە) لە کۆششدا بوە پەیوەندیەکانی گەلی کورد بە ولاتە دۆست و دراوسێکانی کـوردەوە قایم بکات و بناغەیەکی پتەو دابڕێژێ، لە هەوڵی ئەوەدا بوە یاسای پتەو تێروتەسەل بۆ سەرجەم ئەو مەسەلانە دابنێ کە دەخرێنە بەردەست لیژنەی یاسایی و لەئاست پەروەردە و زانست و گرفتە قورس و گەورەکانی تری کۆمەڵگاشدا بێباک نەبێ.

شایانی بیر هێنانەوەیە کە لەشەڕی ناوخۆدا پەرلەمانی کوردستان داگیرکراو بـۆ مـاوەیـەک نـەیـتـوانـی کـارەکـانـی ڕابپەڕێنێ. سەرۆکی پەرلەمان لەو ئانو ساتەدا هەڵوێستێکی ڕاشکاوی لە ڕێی بەیاننامەیەکەوە ڕاگەیاندوە کە دەکـرێ وەک بەڵگەنامەیەکی مێژویی بەگرینکترین هەڵوێست دابنرێ لە لایەن پەرلەمانەوە دژ بەشەڕی ناوخۆ. ئێمە لێرەدا چەند پەرەگراف و بەندێک لەو بەیاننامە پربایەخە دەگوازینەوە کە جگە لەوەی دەربڕی هەڵوێستی باش و یاساخوازانەی پەرلەمان تیایدا بەرجەستە بـوە، وەک بەیانێکی سیاسیش دەکـرێ بۆ نرخاندن و هەڵوێستگیری نیازەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان (کە ئەودەم واتە لە ١٩٩٤/٧/٢٥ بەدەست بەرێز جەوهەر نامق سالمەوە بوە) تۆمار بکرێ..

لەبەیانەکەدا هاتوە:.

«هەمو ئەمانە ــ واتە ئەو هۆکارانەی پێشتر لەبەیانەکەدا باسکراون ــ وچەند هۆی تر شەڕێکی ئەوتۆیان لەسەرەتای ئایاری ١٩٩٤ دا بەرپاکرد کە قەوارە و ئەزمونی دیموکراتی و دەسکەوتەکانیان خستە مەترسیەوە و ڕێزی گەلی ئێمەی لای ڕای گشتی جیهان شێواند...»

هـەروەهـا لەبەیانەکەدا هاتوە: «ئەو پەرلەمانەی کە گەلی ئێمە باوەڕی پێ کردو ڕوداوە خەمناکەکانی ئایاری حوزەیران کارپان کردە سەر چالاکی و لەکاریان خست.. هەڵوێستی خۆی بەم جۆرە دیاری دەکات:

١- تاوانبارکردنی شـەڕی ناوخۆ و حەرامکردنی و پەنابردنە بەر هێزی چەکداری و توند وتیژی و زەبرو زەنگ...

٢- تاوانبارکردنی ئەو لادانو دەست درێـژی و لەرێگا دەرچونانەی بەرامبەر هاوڵاتیان و ماف و مولک و گیانیان کراوە.

٣- تاوانبارکردنی دەرچون لەبنەڕەتی دیموکراتی و فرەحزبی و سەربەستی ڕادەربڕین و مانگرتن و خۆپیشاندان و تاوانبارکردنی ڕاونان و دواکەوتن..

٤- تاوانبارکردنی دەستدرێژی کردنە سەر دەسگا ڕەسمی و نارەسمیەکانی ناو هەرێم. دەستبەسەراگرتن و بردنی کەل و پەلەکانیان.

٥- دەبـێ هەمو لایەنەکان بەپێی ئەو بنەڕەتانەی لەجاری جیهانی و پەیمان و پەیماننامەکانی جیهاندا هاتوە ڕێزی مافی مرۆڤ بگرن.

٦- ڕێزگرتن لەبنەڕەتی جیاکردنەوەی هەرسێ دەسەڵات و دورخستنەوەیان لەخۆ بەسەرداسەپاندن و دەستوەردانی حزبی شەڕی ناوخۆ بێ کورسی.(١٤)

بەم جـۆرە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەتەنگژەی هـەڕە گـەورەی نێوان حزبە سیاسیەکاندا هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە پاراستن و سـەروەری یاسا دوبارە دەکاتەوەو لەچەندین بڕگەی تردا پێی لەسەر دادەگرێتەوە.

بـەواتـایـەکـی تـر، هـیـوای گـۆڕان و چاککردنی کۆمەڵگای کوردستانی لەناو دەزگای پەرلەمانی کوردستاندا بەهێز جێگیر بوەو هێندەی بۆی لوابێ کاری تێدا کردوە و لە کۆی مەسەلەکانی تریشدا هەولیداوە دەنگی کپ نەبێ و ڕۆلێک بگێڕێت، ئەگەر کەموکوڕیەک هەبوبێ دەکـرێ سەرەتا بیگێڕینەوە بۆ هەژمونی حزبەکان ئنجا دوای ئەوە باس لەڕۆل و چالاکی پەرلەمان بکرێ.

دووەم: ڕەخنەکان لەسەر نەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان.

بۆهەڵسەنگاندنی ڕۆڵـی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان لەماوەی دەسالی (١٩٩٢-٢٠٠٢)داو دەرخستنی کەموکوڕیەکانی پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەرنامەیەی کە ئەنجومەن بۆ خۆی دانابو وە لەزاری سەرۆکی ئەنجومەن لەڕۆژی (١٩٩٢/٤/٦)دا لەناوهۆڵی پەرلەمان و لەبەردەم (١٠٥) پەرلەمانتاردا خوێندراوەتەوە.

سەرۆکی ئەنجومەن لـەو کۆبونەوە میژوییەدا ئەڵـێ:

«لەم قۆناغە ناسکەدا، لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، گەلەکەمان چاوەروانی هیممەتان ئەکات بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزانە:

١- پرکردنەوە و دارشتنەوەی بناغەکانی ژیانی یاسایی کۆمەڵگەی کوردەواری.

٢- بوژاندنەوەی باری ئابوری کوردستان و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ژیانی خەڵک...

٣- ڕێکخستن و دامەزراندنی ئیدارات و دابینکردنی کەرەستەو پێداویستیەکانی کارکردن وەکو پێویست.

٤- دابین کردنی ئەمن وئاسایش و کۆنترۆلکردنی ئەمنی سنورەکانی کوردستان.

٥- پەیداکردن و دابین کردنی کۆمەک و هاوکاری و پشتگیری دەرەوە بۆ گەلەکەمان...

٦- ئـاوەدانـکـردنـەوە و گەشەپێدانی کوردستان لەڕێی پەرەپێدانی کشت و کاڵ و بوژانەوە و پیشەسازیەوە.

٧- دیارکردنی چارەنوسی گفتوگۆی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێم و، دارشتنی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان حکومەتی مەرکەزی و ئەزمونی کوردی لەداهاتودا.

٨- چـارەسـەرکـردنـی گیرو گرفت و کێشەکانی دیکەی گەلەکەمان.

هەڵبەتە ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامانە ئەوەیە کەسەرۆکی پەرلەمان ئەو (٨) برگەیەی بە چەشنێک دەستنیشان کردون کە تەنها لەخولی یەکەمی هەڵبژاردندا جێ بەجێ بکرێن. واتە لەماوەی نێوان (١٩٩٢ ـ ١٩٩٦) دا !.

کەواتە هەر لێرەوە دەکـرێ بەپێی ئەو ریزبەندیەی سەرۆکی پەرلەمان دیاریکردوە بپرسین ئایا خۆ پەرلەمانی کوردستان لەماوەی (١٠) ساڵدا (نەک تەنها چوار ساڵ)توانیویەتی وەک سەرۆکی پەرلەمان دەخوازێت ئەو بەرنامەیەی جێ بەجێی بکات کە لەبەردەم پەرلەماندا خوێندویەتەوە؟

شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی ئەو بەرنامەیە دەریئەخات کە ڕەخنەکان لەسەر ئەدائی پەرلەمان تا چ ڕادەیەک لەراستیەوە دورن یان نزیکن.

١-: پرکردنەوە و دارشتنەوەی بناغەکانی ژیانی سیاسی کۆمەڵگای کوردەواری.

گەورەترین ڕەخنە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان (بەواتە فراوانەکەی چەمکی «حکومەت»واتە کابینە، پەرلەمان، دادوەری) چ لەماوەی دەساڵی مەبەستی تووێژینەوەکەی ئێمەو چ لەساڵانی دواتریشدا ئەوە بوە و ئەوەیە کە ئەم پەرلەمانە نەیتوانیوە بناغەی ژیانێکی یاسایی لەوڵاتدا دابڕێژێ.

واتە بەوتەی خودی سەرۆکی ئەنجومەن نەیتوانیوە کارێک بکات «بناغەکانی ژیانی یاسایی کۆمەڵگەی کـوردەواری» بەپێی ئەو ڕێوشوێنە دیموکراسی و یاساییانە بنیات بنێ کە لەوڵاتە دیموکرات و یاسامەندەکاندا پەیڕەو دەکرێ.

بەشێکی زۆر لەتوێژەران و ڕۆشنبیران و خوێندەواران و تەنانەت ژمارەیەکی بەرچاو لەچاودێرانی بیانیش لەسەر ئەو باوەڕەن کە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەئاست ئەرکەکانیدا نەبوە و نەیتوانیوە ئەو ململانێ یاساییە بەرێتە پێشەوە کەپێویست بو بە توندی پێی لەسەر دابگرێ.

نمونەش بۆ ڕەخنەکردنی ئەدای پەرلەمان، ئەو قەبارە گەورەیەی ڕەخنەو گازندانەیە کە لەڕۆژنامە ئەهلی و ئازادەکاندا چاپ دەکرێن و هەریەکەیان بەجۆرێک کەموکوڕی پەرلەمان و حکومەت دەرئەخات لەو ڕوەوە کە نەیتوانیوە یاساو یاسامەندی لە کوردستاندا سەروەر بکات.

وەک نمونە لێرەدا چەند دێڕێک لە وتاری (پاشماوەی بەعس) نوسینی (ریبین ڕەسول) دەنوسینەوە: «لە کوردستاندا تا ئیستاش بیری تەسکی حزبایەتی سـەرەڕای ئەو هەمو کارەساتەی کە ناویەتەوە هەڕ زاڵ و بالادەستە بە سەر هزرو هۆشی خەڵکیک کە لە پلەو پایەی بەرپرسیارێتیدان(١٥)

٢-: بوژاندنەوەی باری ئابوری کوردستان و چارەسەرکردنی گیرو گرفتەکانی ژیانی خەڵک:

پەرلەمانی کوردستان لەم خاڵە هەرە بنەڕەتیو گرنگەشدا بـەوە تۆمەتبارە کە نەیتوانیوە مەسەلەی بوژاندنەوەی ئابوری کوردستان بەلایەکدا بخات و گیرو گرفتەکانی ژیانی خەڵک چارە بکات.

هۆکاری سەرەکی ئەوەش بێگومان لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە پەرلەمان نەیتوانیوە هەژمون و کۆنترۆلی دەزگای جێبەجێکردن لەسەر خۆی لابەرێ و کارێک بکات کەسایەتی و توانایی پەرلەمان وەک سەرەکیترین دەزگای حوکمرانی لەوڵاتدا بەرجەستە ببێ.

کاتێ پەرلەمان نەتوانێ بودجەی هەرێم،چ لە ئەوبەشەی لەداهاتە ناوخۆییەکانەوە بەدەست دێت و چ ئەوبەشەی بەهۆی هاوکاری وڵاتانی تـرەوە دابین دەبـێ، بەشێوەیەکی شەفاف لەبندەستی دەزگـای حکومەت دەربهێنێ، بێگومان ناتوانێ لەبواری ئاوەدانکردنەوە و چارەکردنی گرفتەکانی وڵاتدا وەک ڕەمزی ئاوەدانی و یاساسەروەری تەماشا بکرێ.

بەواتایەکی تر، پەرلەمانی کوردستان لەکارە هـەرە سەرەکی و پربایەخەکەی خۆیدا کەزانین و ئاشکراکردنی بودجەیە بەئەندازەیەک کەمتەرخەم و ملکەچی دەزگای جێبەجێکردن بوە کەچاوەڕێنەکراوە بتوانێ لەئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بوژانەوەی ئابوریەکەی و گرفتەکانی خەڵکدا ڕۆڵێکی چارەنوسی هەبێ.

ئاشکرایە لەماوەی ساڵانی ڕابردودا دەیان و سەدان ڕۆشنبیر سەبارەت بەڕۆڵی پەرلەمان و حکومەت لەبواری ئابوری دا دیدگای خۆیان خستوتە بەرچاو، کەمو کوڕییەکانی حکومەتی کوردییان (بە پەرلەمانیشەوە) بۆهەموان درکاندوە، ئەمەش وایکردوە متمانەی خەڵک بەڕۆڵی پەرلەمان لەئاستی ئابوریدا لەکەمی بدات و ڕەخنەکان ڕۆژ بەڕۆژ ڕو لەزۆری بکەن.

لێرەدا نمونەیەک بۆ ئەو ڕەخنانە دەخەینە پێش چاو کە لەڕۆژنامەکاندا دژ بەڕۆڵی حکومەت (کـە پەرلەمانیش دەگرێتەوە) بڵاوکراونەتەوە.

«دۆلی خانەقا خەون بە کارەباوە دەبینن» ناوی ڕاپۆرتێکی هەفتەنامەی «هاولاتی»یە کە لەوێدا خەڵکی دۆلی خانەقا قسەکانی خۆیان دەکەن.لەو ڕاپۆرتەدا هاوڵاتیەک دەڵێ:«خەڵکی گوندەکەمان بەتێکرا بریارمان دا کە پرۆژەیەک بۆخۆمان دروست بکەین.... جا داواکارم لە حکومەتی هەرێم کە یارمەتیمان بدات چونکە ئێمە خەڵکێکی هەژارو نەدارین.(١٦)

٣-: ڕێکخستن و دامەزراندنی ئیدارات و دابینکرنی کەرەستە و پێداویستیەکانی کارکردن وەکو پێویست.

پەرلەمانی کوردستان ڕۆڵێکی یەکجار کەمی لەڕێکخستن و دامەزراندنی فەرمانگەکاندا گێڕاوە. ڕەخنەی توندو بەرچاوی ڕۆژنامەکان و میدیای دەرەوەش بەگشتی لەئاقاری ئەوەیە کە پێیان وایە گەندەڵی لەئیدارەکانی حکومەتی هەرێم دا گەیشتۆتە چلەپۆپەو وەک شێرپەنجەی لێهاتوە.

چاوەڕوانی میللەت ئەوە بوە ئەنجومەنی نیشتیمانی گوشارێکی تـەواو بخاتە سەر دەزگای جێبەجێکردن بۆ دروستکردنی جۆرێک لە شەفافیەت و هەوڵبدات فەرمانگەکانی دەوڵەت ببەنە جێی خۆشەویستی و متمانەی خەڵک. بەڵام ئەوەی لەکوردستان لەو قۆناغەدا باسکراوە ئەوەیە ئیداراتی حکومەت نەک هەر نەبونەشوێنی خزمەتگوزاری و پێشکەشکردنی پێداویستیە کارگێڕیەکانی هاوڵاتیان، بەڵکو بونەتە جێگایەک بۆ دادۆشینی حکومەت و هەڵۆشینی پارە و سامانی میللەت و گەندەڵی.

ئاشکرایە لاوازترین خاڵی پەرلەمانی کوردستان لە فەرمانگەکانی حکومەتدا خۆی دەبینێتەوە چونکە فەرمانگەکان خاڵی بەریەککەوتنی حکومەت و هاوڵاتیانن و لەو سۆنگەیەوە بونی کەموکوڕی لە فەرمانگەیەکدا ڕاستەوخۆ بەکەمو کوڕی لە کۆی سیستمی حکومەت دادەنرێ.

لەم بارەیەشەوە نمونە زۆرن کە دەکرێ ڕاپۆرتی (بەڕێوەبەرایەتی پۆستەو گەیاندنی کەرکوک بە یەک پەیژە کار دەکـات) وەک نمونە بهێنینەوە.

«جێگای سەرنجە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە خاوەنی تەنها یەک پەیژەیە و کرێکارەکانی سیانە...» (١٧)

٤-: دابین کردنی ئاسایش و کۆنترۆلکردنی سنورەکانی کوردستان.

ئاشکرایە ساڵانی (١٩٩٢ تا ٢٠٠٢) کە مەیدانی تووێژینەوەکەی ئێمەیە سنورەکانی کوردستان زیاد لەهەر مەودایەکی میژویی تر دەستدرێژیان کـراوەتـە سـەر. جا بە هۆی شەڕی ناوخۆوە بوبێت یان بەهۆی هەڵسوکەوتی وڵاتـە لغاو نەکراوەکانی دراوسێی کوردستانەوە بوبێ.

هەرچی چۆنی بێت، سەرەڕای هەوڵدانی پەرلەمانی کوردستان لەکاتی شـەردا بۆ نواندنی جۆرێک لەهەڵوێستی سەربەخۆو بێلایەنانە هەرگیز لەکۆدا نەیتوانی ببێتە ئامرازێکی بێلایەنی وا کەمیللەت لە دوایەوە بروات و بتوانێ پەنجە بخاتە پەنجەی حزبە گەورەکانەوە و ململانێیان لەگەڵدا بکات.

وابەستەبونی ئەندامەکانی پەرلەمانی کوردستان بەحزبە سیاسیەکانەوە ـ بێگومان ـ بە لاوازترین خاڵی پەرلەمان دادەنرێت.

کاتێک پەرلەمانتارەکانی ناو مالی میللەت نەک بە بڕیاری ویژدانی خۆیان بەڵکو بە بڕیاری سەروی خۆیان لەحزبدا هەڵدەسورێنن، چـاوەڕێ ناکرێ بتوانن لەئاست ئەرکێکی مێژوییو مەزنی وەک دابینکردنی ئاسایشو کۆنترۆلکردنی سنورەکاندا سەرکەوتنی بەرچاو تۆمار بکەن.

پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان بەحوکمی سەربەست نەبونی ئەندامەکانی لەوەرگرتنی بڕیارێ سیاسیدا، تا ئەندازەیەکی زۆر لەشەڕی ناوخۆدا پارسەنگی خۆی لەدەست دا... هەرچەندە هەوڵەکانی مانگرتنو پەناگرتن لەناو پەرلەماندا دژ بەشەڕ هەڵویستی گرنگ و نەتەوەیی بون، بەڵام تێوەگلانی پەرلەمانتارەکان لەشەڕدا بـواری ئەوەی نەهێڵایەوە کە پەرلەمان وەک ئەو دەزگا بێلایەنە حساب بکرێ کە بانگەشەی بۆ دەکرد.

گەرانەوە بۆ تایتلی سەرەکی و لاوەکی ژمارە ٨ی «هاوڵاتی» ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پەرلەمان و حکومەت لە پاراستنی سنورەکاندا شایستەی ئافەرین و پیاهەڵوتن نین.

لەو ژمارەیەدا کە بەرواری ٨ی تەموزی ساڵی٢٠٠٢ی(ژ ٨٠) لەسەرە ئەم دو ناونیشانە دەخوێنینەوە:

«+ پ ک ک لە بناری قەندیل هیز کۆ دەکاتەوە»

+ پـاک پـەلامـاری نـاوچـەی هەڵەبجە دەدات.»(١٨)

بەو پێیە ڕون دەبیتەوە کە ئامانجی پاراستنی سنورەکانیش ئامانجێکی وەدیهاتو نەبوەو پەرلەمان نەیتوانیوە کابینە ناچاربکات بە پاراستنی ئاسایشی سنورەکان.

٥-: پەیدا کردنو دابین کردنی کۆمەکو هاوکاری و پشتگیری دەرەوە بۆ گەلەکەمان..

لـەم مـەیـدانـەشدا گـازنـدەیـەکـی زۆر لەسەر بێ مشوری پەرلەمان هەیە کەبۆچی نەیتوانیوە ئامرازی پێویست بۆ دامودەزگاکانی پەروەردەو تەندروستی کشتوکاڵ دابین بکات و پەرە بەکەرتی پیشەسازی بدات. هەروەها ڕەخنەی زۆر ئاراستەی دەزگاکانی پەرلەمانو کابینە کراوە کە بۆچی هاوکاریەکانی هەندەران بۆ گەلەکەمان ساتار پاتار دەکرێنو لەکاتی پێویستدا دەنگیان لـێ نەهاتوە.

٦-: ئامادەکردنو گەشەپێدانی کوردستان لەڕێی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بوژاندنەوەی پیشەسازیەوە.

تائێستاش (ئایاری ٢٠٠٩) کە (١٨) ساڵ بەسەر پێکهێنانی پەرلەمانی کوردستاندا تێدەپەڕێت، دێهاتەکانی کوردستان نیوە بەنیوە ئاوەدان نەکراوەتەوە.

گومان لەوەدانیە کە مەرجی سەرەکی بۆ ئـاوەدانـی هەر جوگرافیایەک هەبونی پلانی ستراتیژیو لەپاڵ ئەوەشدا دارشتنی یاسای پێشکەوتوانەو دابینکردنی نەختینەپە. پەرلەمانی کوردستان لەماوەی (١٠) سالی (١٩٩٢ـ٢٠٠٢)دا پلانێکی ستراتیژی پێشکەش نەکردوە و ئەو پلانانەی لە لایەنی کەسانی ترەوە خراونەتە بەردەستی و وەلاوەی ناونو بەهۆی بەرژەوەندی حزبەکانی ناویەوە بایەخی پێنەداون. هەرچەند پەرلەمان لەرێگەی چەند یاسایەکەوە هەوڵیدا باس لەکشتوکاڵ بکات و ئاوەدانکردنەوەی دێهات لە بەرنامەی کاری خۆیدا دابنێ، بەڵام لە گشتدا ئەنجامی کۆی کارەکانی پەرلەمان نەبوژانەوەی کشتوکاڵ و دێهات بوەو هەرچاودێرێکی بێلایەن دەتوانێ بەسەفەرێکی چەند ڕۆژە لەناوچەکانی شارباژێڕ یان گەرمیان ئەوە ببینێ کەبنەمای ئابوری و کشتوکاڵی کوردستان وێران بوەو لە نەبونی پلانی ستراتیژیو بڕیاری کاربردا وەک خۆی ماوەتەوە.(١٩)

«مرۆڤ وەک ئامراز» ناوی یەکیک لەو



حـیزبی ئـەتۆمـی

ئـــازاد عـــەلی سالّح

حیزبی تۆتالیتار وەک بۆمبی ئەتۆمی وایە، لەکوێدا کەوتەوە، لەو سەرزەمینە ژیان لەجێی خۆیدا دەوەستێت، بوونیادی بـوون‌و بنەماکانی دلنیایی مرۆڤەکان هەلدەتەکێت. ژینگەو ژێرخانی ئابووری، سیاسی، کۆمەلایەتی، کلتووری ئەو رووبەرە جوگرافییە پیس‌و ئالودە دەبێت. لـەو شوێنەدا سـنـووری شکۆمەندی‌و پیرۆزیی مـرۆڤ دەبـەزێـنـدرێـت، بێ ڕێزی بە مرۆڤ‌و بە بەهاکانی مافەکانی مرۆڤ دەکرێت، دادپـەروەری‌و ئاسایشی کۆمەلایەتی بۆ دواوە پاشەکشێ دەکات، چەمکەکانی مەدەنییەت‌و دیموکراسی‌و پێکەوەژیان‌و جیـاوازی‌و فرەڕەنگی‌و فرەدەنگی لە ماناو جەوهەری خۆیان بەتاڵ دەکرێنەوەو دواجاریش لە قەناڕە دەدرێـن. لەو شوێنەدا هەناسەی ئازادی ژەهراوی دەکرێت، ئۆتۆنۆمی ئینسانەکان داگیردەکرێت، بۆیە گەشەی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئابووری، زانستی، فیکری‌و پەروەردەیی ئیفلیج دەبێت، هەموو تێزەکانی گەشەپێدان دەخرێنە خزمەت تێزی گەشەی بەرژەوەندی بالای دەسەلاتداری یەکەم‌و گروپی دەستڕۆیشتووی ناو حیزب.

حیزبی تۆتالیتاری ئەتۆمی تەنیا ماشینی جـەورو ستەم دژ بە پەرهەلستکارانی خۆی بەگەڕ ناخات، بەلکو لایەنگران‌و ئەندامان‌و هاوکارانی حیزبیش تالاوی ستەمکارییان دەرخوارد دەدرێت. حیزبی تۆتالیتاری ئەتۆمی تەنیا جەستەو ڕۆح‌و سایکۆلۆژیای نەیارانی خۆی ئەشکەنجەو سزا نـادات، بەلکو سیماو سایکۆلۆژیاو ئیرادەو ویـژدان‌و مۆرالی هـەوادارانـی خۆشی تێکدەشکێنێت، دەیانگۆڕێت بۆ ئەو بوونەوەرە ناسروشتییە عەجیبانەی کە سەرکردەی بالای حیزب گەرەکییەتی، واتە دروستکردنی بوونەوەرگەلێک تا ئەندازەی چـاوەڕوانـنـەکـراو داخـراوو سەرکزو گەمارۆدراوی ژێر فەرمانی سەرکردەی حیزب. بەشێکی بـەرچـاوی ئەندامانی سـەرەوەی حیزب لە ڕووی مادییەوە پێداویستییەکانیان بۆ دابیندەکرێت‌و دەولەمەندیش دەبـن، بـەڵام لە ڕووی ڕەمزی‌و مەعنەوی‌و ڕوحییەوە هەژارترین‌و بێسەرمایەترین گروپی نێو کۆمەلگەی ژێر چرنووکی حیزبی تۆتالیتارن. ڕوونتر بدوێین ئەندامانی حیزبی تۆتالیتاری ئەتۆمی لە بارودۆخێکی دەروونی سەختدا دەژێن، هەمیشە لەژێر گوشارو چەپۆکی ترسدا حیزبایەتی دەکەن، ترس لە بەرکەنارکردن‌و تەریک کردن، ترس لە دابەزاندنی پۆست‌و پایە، ترس لە بنکۆلکردن‌و بێدەسەلاتکردن‌و لێسەندنەوەی سەرچاوە مادییە مفتەکان.

دیـاردەیـەکـی جێگیرو زەقـی نێو کۆنتێکستی حیزبی تۆتالیتار بریتییە لە شـەڕی شـاراوەو ناکۆکی‌و ناتەبایی‌و ناهارمۆنی نێوان کادیرانی حیزب، ئەوەیش بە مەبەستی شکاندنی پشتی یەکدی‌و پاشقولگرتن‌و شوێن بەیەکدی چۆلکردن. بە دڵنیاییەوە دەکرێت بڵێین ژینگەو مالی حیزبی تۆتالیتار پڕە لە کایۆس، پڕە لە پۆخڵەوات، پڕە لە دژواری، پڕە لە شڵەژان‌و شپرزەیی، پڕە لە بێمتمانەیی‌و ئیرەیی، لێوانلێوە لە بوونەوەری دوڕدۆنـگـو کاراکتەری نمایشکاری دوو دیو. کەس بـاوەڕی بە کەس نییەو هەموو کەس چاودێرە لەسەر هەموو کـەس. ئـەو دۆخـەی کە حیزبی تۆتالیتار دەیڕەخسێنێت کتومت لەو دۆخە سروشتییە دەچێت کە هۆبز وێنایکردووە (شەڕی هەموو دژی هەموو). ئەوەی ئەو شەڕەو ئەو دۆخە بەڕێوە دەبات یاسای سروشتی نییە، بەڵکو سروشتی نایاسایی سیستمی تۆتالیتاریزمو دەسەلاتی پیاوی تۆتالیتارە، واتە یاسای بەکارهێنانی هێزو کوتەکی ئاسن‌و تیرۆری ئۆرگەنایزەکراو، یاسای پەرتپەرتکردن‌و لاوازکـردن‌و دواجاریش کۆنترۆلکردن، هەوالگرەگانی ناو حیزبی تۆتالیتار زەمینە دەڕەخسێنن بۆ کادیرەکان‌و بەرپرسەکان تا گەورەترین گەندەڵی‌و گوناهی کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و ئەخلاقی بکەن، هـاوزەمـان ئەو ئاکارو ڕەفتارانە بە نهێنییەوە تۆماردەکرێن‌و بە دۆکیومێنت دەکرێن، دواجاریش وەک کارتی فشارو هەڕەشە دژی بکەرەکانی بەکاردەهێنرێن، تا چاوترسێن بکرێن‌و زیاتر بە حیزبەوە ببەستڕێنەوەو ببن بە کوڕی حیزب.

یەکێک لە میکانیزمە هەرە ترسناکەکانی حیزبی ئەتۆمی پـڕۆسـەی تۆیکاری‌و یەکالاکردنەوەی مێشکی مرۆڤەکانە. حیزبی تۆتالیتاری ئەتۆمی بـەردەوام لەنێو تاقیگەو کارخانە هەمەجۆرەکانی حیزبدا عـەقـڵ‌و مێشک‌و مێنتالیتی لایەنگران‌و ئەندامان‌و کادیرانی حیزب بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە دەستکاریی دەکات، بەشێوەیەکی ناهونەری: وێنەی کاریزمایی ڕابەرو پۆرترەیتی زەبەلاحی حیزب‌و پانۆرامای مێژووی حیزب‌و قالبی ئایدیۆلۆژیی ژەنگرتووی حیزب‌و تارماپی تفەنگو ڕووبـاری خوێن‌و تەپودوکولی شەڕ دەکێشێت. حیزبی تۆتالیتار پرۆژەی هەلوەشاندنەوەو داڕشتنەوەی جارێکی دیکەی باری دەروونی‌و فەتازیاو هەست‌و سۆزو ئیمۆشنی مرۆڤەکان بەپێی ویست‌و خواستی حیزب جێبەجێدەکات، ئاڕاستەیان دەکات بۆ نێو فەزای جوڵەی میکانیکی، فـەزای خـوود لەدەستدان‌و گۆڕایەلی، فەزای دەستەمۆبوون‌و چۆکدادان، فەزای ملدان‌و ملکەچی لەنێو فـەزای گشتی‌و داخراوی حیزب.

منداڵدان‌و هەناوی حیزبی تۆتالیتار مرۆڤی بێ ئیرادەو بێ ڕۆح‌و بێ فیکرو بێ هەڕیفەو بێ ناوەڕۆک‌و بێ ڕوخسارو کزۆڵە بەرهەمدێنێت، مرۆڤی ڕاپۆرتنووس‌و ڕاپۆرت لەسەرنووسراو، کۆنترۆلکراوو کۆنترۆڵکار، دیسپلینکراوو دیسپلینکار، سانسۆرکراوو سانسۆرکار دەخاتەوە، واتە مرۆڤێک خۆی کۆنترۆلکراوەو بەکاریشی دەهێنن بۆ کۆنترۆلکردنی خەڵکی دیکە، سـانـسـۆرکـراوەو بەکاریدەهێنن بۆ چاودێریکردنی خەڵکی دیکە. حیزبی تۆتالیتار بێ پسانەوە کاردەکات بۆ پوچەڵکردنەوەی گیانی (چالێنج)و جوامێری‌و بوێری‌و فەزیلەت‌و مرۆڤدۆستی‌و لێبووردەیی‌و خۆشەویستی لەنێو دنیای ناوەکی تاکو گروپەکانی لایەنگرانی خۆی. مانای فرە ڕەهەندیی خۆشەویستی چڕدەکاتەوە بۆ خۆشویستنی حیزب‌و خۆشویستنی سەرکردەی حیزب.

سیاسەتی بە دوژمنکردنی ئەوانی دی، بە خائینکردنی ئەوانی دی، سیاسەتی بە دێوکردن‌و بە شەبەحکردن‌و بە خێوکردنی ئەوانی دی، سیاسەتی چاندنی بوغزو ڕکو کینەو نەفرەت، پیرۆزکردنی ماناکانی پەرگیری‌و دەمارگیری‌و (ستریۆتایپ)ی نێگەتیڤ، ستراتیژیترین سیاسەتێکە حیزبی ئەتۆمی شێلگیرانە لەنێو جومگەو خانە جیاوازەکانی حیزب‌و کۆمەڵگە بەرجەستەی دەکات. داتاشینی دوژمن‌و ناحەزی بیانی‌و خۆماڵی، وێناکردنی هەڕەشەو مەترسیی ئەفسانەیی هێزێکی نادیار، زراوچوون‌و فۆبیا لە دوژمـن دەبـن بە گوتارێکی سەرەکی حیزبی ئەتۆمی‌و لە کۆبوونەوە تایبەتی‌و گشتییەکاندا دەیـوروژێـنـن، گوتاری هەڕەشەی دوژمنی ناوەکی‌و دەرەکـی، ڕێژنەی بانگەوازێکە حیزب هەمیشە لە بڵندگۆی ڕاگەیاندنەکانیەوە بەسەر خەڵکدا دەیبارێنێت. داتاشینی دوژمنی وەهمی فێلێکی کۆشندەی حیزبی ئەتۆمییە لەپێناو بەلاڕێدابردن‌و تۆقاندن‌و مەشغوڵکردنی ئینسانەکان، تا نەپەرژێنە سەر بەرژەوەندی خۆیان، پرسی خۆیان، ژیانی خۆیان، ئازادبوونی خۆیان. کەواتە هێشتنەوەی هەلومەرجەکە وەک ئەوەی کە هەیەو وەک ئەوەی کە حیزب دەیەوێت ئامانجی ستراتیژی حیزبی تۆتالیتارە.

دەستێوەردانی ژیانی تایبەتی تاکو چاودێریکردنی جوڵەی مرۆڤەکان هەر لە ماڵەوە تا شوێنی کارو شوێنی پشوو، ئـەو سیاسەتە فزولییەیە کـە حیزب ئیشی لەسەردەکات. حیزبی تۆتالیتار بۆشایی‌و سپەیسی نێوان کۆمەڵگەو ماڵی حیزب بەرتەسک دەکاتەوەو کار لەسەر ئاوێتەبوون‌و ئامێزانبوونی ماڵ‌و زادگای کۆمەڵایەتی‌و ماڵی حیزب دەکات، حیزب دەکرێت بەو ماڵەی کە ماڵی هەمووانە، بەو کەنارەی کە شوێنی ئارامی‌و ئاسایش‌و حەوانەوەی هەمووانە، بەو پەرستاگایەی کە شوێنی تۆبەکاران‌و گوناهبارانە. حیزبی تۆتالیتار «ئایین»یش لە حیزب ماردەکات‌و دەیکات بە ئایینی حیزب. زۆرێکی پیاوانی ئاینیش جبەو میزەری حیزب لەبەردەکەن‌و شوێنی پەرستن‌و پـارانـەوە دەبێت بە شوێنی حیزبناسی. کەواتە ماوەتەوە بڵێین هەموو حیزبە تۆتالیتارەکان لە خولگەی سوڕانەوەی خۆیاندا کار لەسەر پـەروەردەکـردن‌و ڕاهێنانی جۆرێک لە مـرۆڤ دەکـەن کە بە «پەیکەرە مرۆقی حیزبی» ناوزەد دەکرێن. بە مانایەکی دی، پراکتیزەکردن‌و تاقیکردنەوەی جۆرەها تەکنیک‌و کەرەستە بۆ بە حیزبیکردنی زۆرەملێی خەڵک، بۆ بە سەربازگەکردنی سەرلەبەری کۆمەڵگە، بۆ بەوەکیەک کردن‌و چوونیەککردنی هەموو دیدگاکان‌و ئایدیا جیاوازەکان، بۆ قایلکردنی تێکڕای تاکەکان بەو عەقیدەیەی کە حیزب هەیەتی‌و بەو ئایدیۆلۆژیایەی کە حیزبی لەپێناودا دروستبووە.

ئاشکرایە حیزبی تۆتالیتار تێکڕای سەرچاوە ئابووری‌و داراییەکانی وڵات قۆرخدەکات. بە سـوود وەرگـرتـن لەو هێزە ئابووریـیەو لەڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵێک دامودەزگای نهێنی‌و ئاشکرای حیزبی‌و حکومی‌و ئاسایشی‌و سەربازی‌و هەوالگریی ڕێـکـخـراوەوە، گەشە بە دەسەلاتی خۆیدەدات. بە کەڵک وەرگرتن لە نوێترین‌و باشترین‌و کارا ترین ئامرازەکانی تـەکـنـەلـۆژی‌و زانـسـتـی‌و پیشەسازی سەربازییەوە پانتایی‌و ڕووبەرەکانی هەژموونی خۆی ڕێکدەخات‌و زۆرترین مرۆڤیش دەخـاتـە ژێـر ڕکـێـف‌و چنگی دەسـەلاتـەکـەیـەوە. حیزبی تۆتالیتار ژمارەیەکی زۆر لە رایەڵەی هەوالگری‌و تۆڕی زانیاری کۆکردنەوە دادەمەزرێنێت‌و کارمەندی مەشقپێکراوی بۆ دابیندەکات. کارمەندەکانی ئەم دامەزراوانە بۆیان نییە پەیوەندی دۆستایەتی بەهێز لەگەڵ یەکدیدا دروستبکەن، چونکە وا ڕاهێنراون کە کەس متمانەی بەوی دیکە نەبێت‌و هەمیشەش چاودێربن لەسەریەکدی. لەهەمانکاتدا حیزبی تۆتالیتار ژمارەیەک ڕاوێژکارو توێژەڕوسۆسیۆلۆجیست‌وسایکۆلۆجیستی دەربـارەی حیزبی لە بەردەستدایەو دامـەزراوەی تایبەتیان خـراوەتـە ژێر دەسـت، بە بەرنامەوە بـەردەوام ئیش لەسەر خوێندنەوەی باری سایکۆلۆژی‌و فەرهەنگی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابووری چین‌و توێژە کۆمەلایەتییەکان دەکەن، بەتایبەتی توێژی نەخوێندەوارو لە خوێندن دابڕاوو بێکارو گەنجە ناکامەکان کە حیزب ئەم پێکهاتە کۆمەلایەتیانەی خستە ژێر باری دەسەلاتیەوە، ئەوجا دەستوپێوەندەکانیان دەخزێن بۆ نێو کایەکانی دیکە، بەتایبەتیش کایەی پەروەردەو فێرکردن‌و خوێندنی بااڵو ئەم کایانەش بە تەواوی کۆنترۆلدەکەن. حیزبی ئەتۆمی تەنیا خەڵکی نەخوێندەوارو هەژارو داماو هەڵنالوشێت، بەڵکو هاوشانی خەڵکی ئەکادیمی جـۆراوجـۆرو خاوەن «بڕوانامەی» بەرزیش سوێندی بە حیزبی بوونیان پێدەخوڕێت‌و لەناو مالی حیزبدا جێگیردەبن، هەر لەوێشدا دەستبەرداری بڕوانامەکانیان دەبـن‌و بە بڕوانامەی کۆیلایەتی دەیـگـۆڕنـەوە. لەشکرێک لە هونەرمەندو «ڕۆشنبیر»ی دەربارەی حیزب لەناو شانەو خانەکانی حیزب لەنگەر دەگرن‌و لەگەڵ حەقیقەت‌و ڕاستیدا دەکەونە جەنگێکی بێ ئامانەوە. قەڵەم بەدەستەکانی دەربارەی حیزب زۆرتـریـن سـەرچـاوەی مادییان دەخرێتە بەردەستو لە دامەزراوەو کەناڵە فەرهەنگییەکانی حیزبەوە کار بۆ جوانکردن‌و بەرزڕاگرتن‌و بەرز نرخاندنی وێنەی حیزب دەکـەن. بێ بـڕانـەوە ستایشی حیزب‌و سەرکردە دەکەن، خەڵکیش بۆ ستایشکردنی حیزب‌و سەرکردە پەلکێشدەکەن. بەکورتی حیزبی تۆتالیتار وەک «ئەختەبوت»وایە دەیەوێت سەرتاپای جەستەی کۆمەڵگە بە هەموو چین‌و توێژەکانەوە لولبدات.

ڕاستییەکی حاشاهەنەگرە کە حیزبی «ئەتۆمی‌و حیزبی ئەختەبوتی» جگە لە خستنەوەی سوپایەک لە کۆیلەی گوێڕایەڵ‌و چەماوە، لەشکرێکیش لە مرۆڤی ئازادیخوازو تـوڕەو سـرکـو بزێو بەرهەمدەهێنێت. مرۆڤگەلێکەبەرهەمهێنانیفیکرومەعریفەو ئاکاری شیرین دەکەن بە پیشەی خۆیان. مرۆڤگەلێک کە تەواوی کەمینەکان حیزب لە دووری دو خۆیانی لێدەبوێ بیریاران‌و ڕۆشـ بیری ڕۆشـن تۆتالیتارەوە ئـ ڕۆحی یاخیبوون بەهاکانی ئازاد دیکە ماناکانی ژ ماناکانی ئازادی‌و ڕۆشنبیرە ئازاد نەک دەستەمۆ بەڵکو لەڕێگەی لەگەڵ پیاوانی سەختەوە. دەکر چەند بەزەبر بێ جەبەر وتی چەن خاوەن ئیرادەی ئ دەست دەدات. مێژووی گەلانی ستەمدیدەی دەسەلاتی تۆتالیتاریزم ڕاستی‌و دروستی ئەم بۆچوونە دەیسەلمێنێت‌و پشتڕاستی دەکاتەوە.

بێگومان حیزبی تۆتالیتار کات‌و شوێنی بۆ نییە، لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەو لەهەر کاتێکدا ئامادەگی گرتنە دەسەلاتو سەرهەڵدانی هەیە، لە باکوور بێت یا لە باشوور، لەم کیشوەر بێت یا لەو کیشوەر. حیزبی توتالیتار دیاردەیەکی ناوچەیی‌و لۆکالی نییە، بەڵکو دەرکەوتەیەکی جیهانی‌و گلۆباڵییەو لە کوێدا زەمینەی بۆ ئامادەبوو لـەوێـدا هـەڵـدەتـۆقـێـت. کوردستانیش وەک ڕووبەرێکی جوگرافی لەم جیهانە ئەزموونێکی تاڵو پڕ لە ناسۆری لەگەڵ حوکمی حیزبی تۆتالیتاری بەعسدا هەیە، مارانگەستەی دەستی پیاوانی ئەو حیزبەیە. ئەگەر زانیاریمان لەسەر فاشیزم‌و نازیزم‌و بەلشەفیزم تەنیا لە ڕێگەی خوێندنەوەی مێژووی ژیانی سیاسی مۆسۆلۆنی‌و هیتلەر ستالینەوە بێت، ئەوا ئێمە لە کوردستاندا (٣٥) ساڵ لەژێر هەیمەنەی بەعسدا ژیاوین‌و کەس بەقەد خەڵکی عێراق‌و کوردستان شارەزایی لەسەر بەعسیزم نییە، کەس بەقەد خەڵکی کوردستانیش زوخاوی بەعسیزمی نەچەشتووە.

ئەرکێکی ئەخلاقی‌و مرۆییە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بە هەموو چین‌و توێژەکانییەوە بەتایبەتیش ڕۆشنبیران‌و نـووسـەران‌و چالاکوانانی کۆمەلگەی مەدەنی، هەموو ئەو یادەوەری‌و ئەزموون‌و شـارەزایـی‌و زانیارییانەی کە لەسەر بەعسیزم، تۆتالیتاریزم هەیانە بکرێن بەگوتارێکی فیکری‌و سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و تاکەکانی کۆمەلگەی کوردستانی پێگۆش بکەن. لانیکەم تا یادەوەریمان بە زیندوویی بمێنێتەوەو لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕابردوودا دانەبڕێین. زۆر گرنگە ئێمەی خەڵکی کوردستان بگەڕێینەوە بۆ نێو ناوەندی مێژوو، ڕووداو تراژیدییەکانی مێژووی دوورو نزیک بخوێنینەوەو شیکاری بکەین، تا بزانین : لە کوێدا شکستمان خواردو بۆ هەرەسمان هێنا؟ تا بزانین لە کوێدا خۆمان خۆمان خواردو هەر لەو شوێنەشدا هەلومەستەیەکی عەقڵانی بکەین‌و بە قوڵی بیربکەینەوە. لە خۆمان بپرسین لە کوێدا کورد ئەنفالکرا؟ لەسەر خاکی خۆی یا لە دەرەوەی خاکی خۆی؟ کێ ئەنفالی کردین‌و ئیستا لە کـوێـدان؟ ئایا خۆمان ئەنفالی خۆمان کرد یان تەنیا هەر ئەوانی دیکە بوون؟ بۆ ئەنفالیان کردین‌و کێ پاساوی ئەنفالکردنمانیدا بەدەستەوە؟

ئاگاداری

ئاگاداری سەرجەم خوێنەرانی بەڕێز دەکەینەوە کە ڕۆژنامەی ساندیدە بەم زووانە دەکەوێتە بەردەستی سەرجەم خوێنەرانی کوردستان.

ساندیدە نیوەمانگێکی فیکری ئەهلی گشتییە لەلایەن کۆمەڵێک گەنجی سەربەخۆوە دەردەچێت لە شاری سلێمانی، بەڵاودەکرێتەوە بە گشتی شارەکانی کوردستاندا. ساندیدە بە زمانی کوردی ـ سۆرانی بەڵاودەبێتەوە.

خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر: ئەرسەلان ئەردەڵانی

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
adnan@rozhnama.com – ednan.rozhnama@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

کارگێڕی‌و ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

دابەشکردن:
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چواڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

کۆمەڵگەی بەرپرسیارو رۆشنبیری بەرپرسیار

گۆڕانی ریشەیی لەسەر ئاستی شارستانی، یاسایی، رۆشنبیریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی

ئاسۆ جەبار

ئایا دابڕوەریی کۆمەڵایەتی لافیتەیەکی حیزبییە یان دروشمێکی بەتاڵ... ئایا سەروەریی یاسا هوتافێکی سیاسییە یان پرۆژەیەکی کرداریی و پلانێکی ئێستایی و درێژخایەنە بۆ دامەزراندنی سیستمێکی یاسایی مۆدێرن بۆ پۆلێنکردنی حەق و ناحەقییەکان، بۆ ڕووتکردنەوەی ناعەدالەتی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ڕووپۆشی حیزبی و کۆنەپەرستی. ئایا شەفافیەت و بەرپرسیارێتی دوو چەمکی وەهمی نێو کلتووری حیزبسالارین، یان دارشتەیەکی کرداریی و شارستانی و یاساییں بۆ ڕەنگرێژکردنی نەخشەیەکی ژیاریی بەرجەستەو عەقڵانی و پەیوەندیئامێزو بەرهەمهێنەری حەقیقەتگەلێکی زیندوو، دامالینی ڕووپۆش و ئاشکرابوونی حەشارگە سیاسی و ئابووری و داراییەکان.

ئایا گۆڕان تەنیا وشەیەکی زەلیل و کورت مەودایە لە ئاستێکی داخراوی حیزبی و بریقوباقی دروشمەکاندا، یان گۆڕان چەمکێکی فەلسەفی و سیاسی و شارستانی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییە، ئایا گۆڕینی دیکتاتۆرەکان بەسە بۆ ئەوەی بڵێین ئێمە خاوەنی سیستمێکی دیموکراسی و کراوەین لەسەر ئاستی شارستانی و سیاسی، ئایا گۆڕینی دەموچاوە سیاسی و حیزبی و حکومییەکان بەسە بۆ ئەوەی ئیتر خەمڕەخساو بین لە هاتنەکایەی هەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی و ناشارستانی، لێرەدا زۆر بە پێویستی دەزانم باس لە گۆڕانی ریشەیی بکەم، گۆڕانی ریشەیی تەنیا بریتی نییە لە شۆڕشە جەماوەریی و ئایدۆلۆژیی و چەکداریییەکان، نەخێر ئەوانەی پێیانوایە گۆڕانی ریشەیی بەبێ شۆڕشی چەکداریی جەماوەری مەحاڵی، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە گۆڕان مەحاڵەو شەرعیەت دەبەخشن بە مانەوەو درێژکردنەوەی تەمەنی دیکتاتۆریەت و حیزبسالاریی و دەسەڵاتی موتلەقی مافیای حیزبی و دارایی.

کەواتە گۆڕانی ریشەیی لەسەر ئاستی مەعریفی و شارستانی؟..پێکرا دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بەرپرسیارو زیندووە لەڕووی یاسایی و فەرهەنگی و شارستانییەوە، واتە ئامادەکردنی ئینسانگەلێکی زیندوو بەرامبەر دەسەڵات و هێزگەلێکی نادابڕەوەرو گەندەڵ و جەردەو مەترسیدار، کۆمەڵگەی بەرپرسیار کۆمەڵگەیەکی ڕەخنەگرو هوشیارە بەرامبەر یاسا، هاوکات گۆڕینی ریشەیی یاساکان واتە دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لێپێچینەوەو لێکۆڵینەوەی توند لەو بەرپرس و مافیاو گەندەڵانەی چەندین ساڵە حەقی هاوڵاتیانیان دەخۆن و بەندکردن و دەستبەسەرداگرتنی مولکو مالی ئەو بەرپرس و وەزیرانەی کە تا ئەمڕۆکە بە ناشەرعی و بە شەرعیەتی حیزبی و حکومی بوونەتە دەوڵەمەندی خەیاڵیی و کوشندەی ڕاستەقینە، پێکرا ئەم هەوڵە کرداریانە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە گۆڕانی ریشەیی کارێکی مەحاڵ نییە. هەروەها ئازادکردنی سەرلەبەری دەزگاو ناوەندە ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و کارگێڕییەکان لەژێر جەبەروت و دەسەڵاتی ڕاو ڕووتی حیزبی و دەرکردنەوەی ناحەقانەی کەسانی بەتوانا و پسپۆڕ و ئەزموونداری وەک ئەکادیمیا و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و ئەدیبان و ڕۆژنامەنووسان و ئەندامانی پەرلەمان و ئەندامانی حکومەت و ڕاوێژکارانی سەرۆک و سەرۆک وەزیران و ئەندامانی دادگا و دادوەران و ئەندامانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆنی باڵای گەشتی و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەندامانی ئەنجومەنی ئیتیحادی فیدراڵی و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری باڵا و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری یاسایی و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئابووری و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری نەوت و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئاو و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری کشتوکاڵ و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئاژەڵ و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ژینگە و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئاو و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئاسمان و ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئاگرکوژێنەوە





چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩